

بالّندەکانی
بەکر رەشید
دەکەونە گەمە

درامای گەمەی باڵندەکان کەدرامایەکی کوردییەو کەناڵی ئاسمانی کوردستانTV بەرهەمی دەهێنێت، پێدەچێت لە ٢٠١٠/١/١٥ دا بەدیدەی بینەرانی کوردستان شاد ببێت.


گەمەی باڵندەکان درامایەکی نوێی هونەرمەند (بەکر رەشید)ە


12



ئەو نەخۆشییەی سەد هێندەی ئایدز خێراتر بڵاودەبێتەوە، چەندین هاوڵاتی تووش کردووە

17





لەسێدارەدان هەنووکە، مێژوو، رەهەندەکان و روانگە جیاوازەکان

10

ژمارە (٧)
(٢٨) لاپەڕە
چوارشەممە ٢٠٠٩/١١/١٨
نرخ (١٠٠٠) دینار

# دەستوور

رۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانەکۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

# سەرکردەکانی کورد دوای باران کەپردروستدەکەن

## بارزانی لەکاتی مشتومڕەکان لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکان وڵاتی جێهێشت

پ.دەستور

سەرۆکایەتی هەرێم هەرەشەی بایکۆتکردنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران دەکات، ئەگەر چاو بەژمارەی کورسییە زیادکراوەکاندا نەخشێنرێتەوە، لەکاتێکدا پێش پەسەندکردنی یاساکە سەرۆکی هەرێم وڵاتی جێهێشتو لەکاتی پەسەندکردنەکەش سەرۆکایەتی هەرێم پیرۆزبایی ئاراستەی پەرلەمانکرد.

بەرپرسانی کورد درەنگ هەستیانکرد "فێڵیان" لێکراوە، لەکاتی پەسەندکردنی یاساکەدا بارزانیو تالەبانیو پەرلەمانتارانی کورد لەبەغداو پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم هیچ دژایەتییەکان پیشان نەداو پیرۆزباییان ئاراستەی گەلانی عێراق و پەرلەمانەکەی کرد.

دوای ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەران لەیاسای هەڵبژاردنەکان بە پشتبەستن بە ئاماری وەزارەتی بازرگانی عێراق، ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی لە ٢٧٥ کورسییەوە زیاد کرد بۆ ٣٢٣ کورسی، لەزیادکردنەکە سێ پارێزگاکەی هەرێم تەنها ٣ کورسی بۆ زیادکراوە.

لەکاتی گفتوگۆی یاساکە مەسعود بارزانی بەسەفەرێکی پێشتر رانەگەیەنراو وڵاتی جێهێشت، پەرلەمانتارانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان، هیچ رەخنەیەکیان لەو مادەیە نەگرت، دواتریش جەلال تالەبانی سەرۆك کۆمار پەسەندی کرد.

فوئاد حوسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم، لەکاتی پەسەندکردنی یاساکەدا، بەو بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە گەلانی عێراقو پەرلەمانەکەی کرد.

رۆژی ١١/١٧ سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم رایگەیاند، مەسعود بارزانی ئاگاداری ئەو مەسەلەیەیە، " ئەگەر چاو بە پرسی دیاریکردن و دابەشکردنی کورسی تەرخانکراو بۆ پارێزگاکان نەخشێنرێتەوە، ئەوا گەلی کوردستان ناچارە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بەشداریی نەکات".

لەلایەکی ترەوە عەبدولهادی حەسانی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر لیستی ئیئتیلافی یەکگرتوو، رەخنەی لەلێدوانەکەی بارزانی گرت، دەڵێت لێدوانەکە هەڵچونی پێوەدیارەو خزمەتی پرۆسەی سیاسیو دیموکراتی لەعێراق ناکات.

حەسانی وتی "کوردەکان سەربەستن لەپێناو ئەوەی لەعێراقدا بمێننەوەو پابەندبن بەدەستورەکەیەوە، یان لەسەر بنەمای گفتوگۆ دەوڵەتێك دانەمەزرێنن".

راپۆرتێك لەلاپەڕە ٥ دەخوێنیتەوە



نیگەرەنەکانی بارزانی درەنگ وەختن

# وتەبێژی لیستی کوردستانی: ئێمە بەرنامەمان بۆ گەمارۆدانی ئۆپۆزیسیۆن نییە

پ.دەستوور

ئاسۆ کەریم وتەبێژی لیستی کوردستانی لەپەرلەمانی کوردستان، لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت ناکۆکییەکانیان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن ناکۆکی قوڵ نین، راشیگەیاند بەرنامەیان بۆ گەمارۆدانی ئۆپۆزیسیۆن نییە.

ئاسۆ کەریم ئاماژە بەوە دەدات کە کار بۆ سەرخستنی کابینەی شەشەم دەکەن، وتی "چاو لە کەموکوڕی و دیاردەی چەوت و نالەباریش ناپۆشین، ئێمە کار بۆ جوانکردنی حکومەت ناکەین، بەڵام کار بۆ سوك و چروك کردنیشی ناکەین".

کەریم دەڵێت لەرۆژی متمانەدان بەکابینەی شەشەم، هەندێ لە پەرلەمانتاران، دەیانویست ئەو رۆژە کابینەکە پێ رانەگات متمانەی پەرلەمان وەربگرێ، "واتە پێشوەخت بەرنامەو ئەجێندای دواخستن و تەگەرەتێخستن هەبووە".

لەبارەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن وتی "ئەو تەجرەبەیەی ئێستا بۆ ئێمە وەکو لیستی کوردستانی و بۆ لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش نوێیە، لەبەر ئەوە ماوەیەکی دەوێ تا لەگەڵ یەکتر رادێین، بەڵام لە پرسە چارەنووسسازەکاندا لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن نزیکین و تا رادەیەکی زۆر هاوڕاو هاوهەڵوێستین".

چاوپێکەوتن
لەلاپەڕە ٤ دەخوێنیتەوە



ئاسۆ کەریم

# فەلەکەدین کاکەیی: دەستتێوەردانی حزب کاری حکومەتی نارێکوپێک کردووە

پ.دەستوور

فەلەکەدین کاکەیی رایگەیاند دەستتێوەردانی حیزب گەورەترین کۆسپە لەبەردەم بەرێوەچوونی کارەکانی حکومەت، دەڵێت دوو بەرەکی ئیداری هەیەو تائێستا یەکێتیی و پارتی بەرێوەبەرە گشتییەکان دادەنێن، بۆیە کەسانی پسپۆڕ کەمن لەوەزارەتەکاندا.

فەلەکەدین کاکەیی وەزیری پێشووی رۆشنبیری و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "سەرجەم بەرێوەبەرە گشتییەکانی هەردوو ئیدارەکەی هەرێمی کوردستان لەناو وەزارەتەکاندا لەلایەن حزبەوە دانراون، تەنها لەناو بەرێوەبەرایەتییەکاندا رەنگە کەسی پسپۆڕ هەبێت، بەڵام سەرجەمی بەرێوەبەرە گشتییەکان حزب دایناون، دووبەرەکیو دووئیدارەییو دەستتێوەردانی حزبی گەورەترین هۆکارن بۆ باش بەرێوەنەچوونی کارەکان، ئەو گرفتەش سەرجەم وەزارەتەکانی گرتۆتەوەو نەیهێشتووە کارەکان بەباشی بەرێوەبچێت".

کاکەیی دەڵێت "تا ئێستاش ئێمە وەك وەزارەتی رۆشنبیری نووسراو بۆ هەردوو وەزارەتە داراییەکەی هەولێرو سلێمانی دەنێرینو تازە بەتازە هەولدەدرێت ئەو شتانە رێکبخرێت".

# دەستوور گەندەڵییەکانی وەزارەتی گەشتوگوزار بڵاودەکاتەوە

تایبەت بەدەستوور

بەپێی راپۆرتێکی دیوانی چاودێری داراییکەدەست دەستوورکەوتووە، وەزارەتی گەشتوگوزار لەکابینەی پێنجەم، چەندین سەرپێچیو زیادەرۆیی لەخەرجکردنی بودجەو بەهەدەردانی پارەدا ئەنجامداوە، دیوانی چاودێری داراییش ئەو وەزارەتە لەخالە سەرپێچییەکان ئاگادار دەکاتەوە.

کاتێك لەکۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٦دا پێشانگایەکی نێودەولەتی لەسلێمانی کراوەتەوە، وەزارەتی گەشتوگوزار (٤٢) ملیۆن دیناری بۆ ئەو پێشانگایە خەرجکردووە، بەبێ ئەوەی ئەو بودجەیە لەلایەن وەزارەتی داراییو ئابوورییەوە تەرخانبکرێتو هیچ جۆرە پسولەیەکی رەسمیش بۆ خەرجکردنی ئەو برە پارەیە نەکراوەو نییە.

وەزارەتی گەشتوگوزار بری ١٦٩ ملیۆنو ٥٦٤ هەزار دیناری تەنها بۆ دروستکردنو لەچاپدانی برۆشۆ خەرجکردووە کە دیوانی چاودێریو دارایی چەندین تێبینیان لەبارەی خەرجکردنی ئەو ١٦٩ ملیۆن دینارەوە هەیە.

دیوانی چاودێری دارایی گومانی خۆشی لەوە نیشاندەدات کەکاتێك ٤٤٧ ملیۆن دینار بەمەبەستی دروستکردنی نەخشەو رێبەری گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان تەرخاندەکرێت، تەنها ٢٣٥ ملیۆن دیناری خەرجدەکرێتو ٢١٢ ملیۆن دیناری لەحسابی بەردەوامی بانکی ژمارە (٤٠/ بانکی ناوەندی هەرێمی کوردستان) مابوەوە.

راپۆرتەکەی دیوانی چاودێری دارایی ئاماژە بەوە دەکات کە تێبینیکراوە لەخەرجییەکانی ساڵی ٢٠٠٦، گوژمەی ١٣ ٧٢٨ ٠٠٠ خەرجکراوە بۆ (٢) فەرمانبەر کە بەگرێبەست کار دەکەن، دیوانی چاودێری دارایی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو گرێبەستانە هیچ پاساوێکی زانستییانەی نییە، چونکە دەتوانرێت داوا بکرێت لەفەرمانگەکانی تر لەرێگەی بەرزکردنەوەی نووسراو بۆ دابینکردنی هەر فەرمانبەرێك بۆ هەر پیشەیەك کە بەژمارەیەکی زۆر هەیە لەدەزگاکاندا.

راپۆرتێك لەلاپەڕە ٦ دەخوێنیتەوە

MINISTRY OF TOURISM
وەزارەتی گەشت و گوزار

www.arsivakurdi.org

# ئەم مانگەش ٥٠٠ هەزارەکەی مامۆستایان نادرێت

نەجات ئەحمەد

ئەنجومەنی وەزیران تائێستا رەزامەندی لەسەر سەرفکردنی ٥٠٠ هەزار دینارەکەی مامۆستایان نەداوە، بەڵام تەنها بریاری سەرفکردنی دەرماڵەی تایبەتی بەپلەکانی (٥ ـ ٦ ـ ٧ ـ ٨) داوەو ئەم مانگەش مامۆستایان ئەو ٥٠٠ هەزار دینارە وەرناگرن.

دوای ئەوەی لەلایەن وەزیری پێشووی پەروەردەی حکومەتی هەرێمەوە بریاردرا بەسەرفکردنی بری ٥٠٠ هەزار دینار بۆ ئەو مامۆستایانەی کە پێشووتر دەرماڵەیان پێنەدرابوو، لەگەل پێدانی دەرماڵەیەکی تایبەت بەپلەکانی (٥ ـ ٦ ـ ٧ ـ ٨)، کەچی دوو مانگە تائێستا ئەو دەرماڵەیە سەرف نەکراوە.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور ئەم مانگەش ٥٠٠ هەزارەکە نادرێت بەمامۆستایان، چونکە ئەنجومەنی وەزیران هیچ بریارێکی لەوبارەیەوە ئاراستەی وەزارەتی دارایی نەکردووە بۆ خەرجکردنی ئەو برە پارەیە.

# فیرقەی ١٢ رێگری هێنانی نەوت بۆ هەولێرو سلێمانی دەکات

دەستوور لەکەرکوك

ماوەی چەند رۆژێکە لەلایەن فیرقەی ١٢ی سوپای عێراقەوە، چەندین بازگە لەو ناوچانەدا دانراوە کەنەوتی (بێجی) بۆ هەولێرو سلێمانی دەگوازێتەوە، بەبێ ئاگاداری پۆلیس و حکومەتی هەرێم.

لیوا جەمال تاهیر بەرێوەبەری گشتی پۆلیسی کەرکوك، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند" ماوەی چەند رۆژێکە بەشێوەیەکی سەربەخۆ چەندین بازگە بۆ رێگەگرتن لەهاتنی ئەو ئۆتۆمبیلانەی نەوتی بێجی دەگوازنەوە بۆ هەولێرو سلێمانی، لەلایەن فیرقەی (١٢)ی سوپای عێراقەوە دانراوە".

هەروەها وتی"لەچەند ناوچەیەکی هێلی گواستنەوەی نەوتی بێجی، سوپای عێراق رێگری تەواویان کردووە بەبێئەوەی پۆلیسی کەرکوك ئاگاداری ئەو رێگرییە بکەنەوە".

بەوتەی لیوا جەمال تاهیر، بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکوك نوسراویان بۆ فیرقەی ١٢ کردووە، بۆئەوەی بزانرێت لەسەر چ بنەمایەك ئەو بازگانە دانراون و وتی"بەڵام تائێستا وەڵامیان نەداوینەتەوەو کارەکەشیان نایاساییە".

بەرێوەبەری پۆلیسی کەرکوك داوای لەهاووڵاتیانی ئەو گوندانە کرد کە زیانیان پێگەیشتووە، بەهۆی دانانی ئەو بازگانەوە، سکاڵا ئاراستەی پارێزگای کەرکوك بکەن، تاوەکو ببێتەهۆی کردنەوەی رێگاکان و لابردنی ئەو بازگانە.

# بەرێوەبەری پەروەردەی کەرکوك بەپێشێلکردنی خوێندنی کوردی تۆمەتبار دەکرێت

زانیار داقوقی

لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لەئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك، بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی کەرکوك بەپێشێلکردنی خوێندنی کوردی لەپارێزگای کەرکوك تۆمەتبار دەکات، بەوەی رێگری لەدروستکردنی بینای خوێندنگەی کوردی بۆ ئاوارەکانی ئەو شارە دەکات.

پەروین محەمەد سەرۆکی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لەئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك، رایگەیاند"دوای گەرانەوەیان بۆ زێدی باوو باپیریان، خوێندکارانی کورد بینای خوێندنگایان بۆ نەکراوەو تەنها لەلایەن خێرخوازانی رێکخراوەکانەوە بینایان بۆ دروستدەکرێت، هەرچەندە ئەو بینایانە تائێستا تەواو نەبوون".

سەرۆکی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا دوێنێ سێشەممە ١١/١٧ وتی"لەلایەن هێزە فرەرەگەزەکانەوە، خێوەت یان کابینەی ئاسنیان بۆ تەرخانکراوە، لەبەرئەوەی لەبینای خوێندنگە بێبەشن".

هەروەها وتی"ئەو کێشەو گرفتانەی کە لەشاری کەرکوك رووبەرووی خوێندکارانی کورد دەبێتەوە، سەرچاوەکەی شەن عومەرەو مافی خوێندکارانی کورد پێشێلدەکات".

لەلایەکی ترەوە یوسف سەعید بەرێوەبەری خوێندنی کوردی، لەبەرێوەبەرایەتی پەروەردەی گشتی کەرکوك بە دەستووری وت"کێشەو گرفتی نەبوونی بینای خوێندنگا لەگەرەکە کوردنشینەکان بەئەنقەست لەلایەن پەروەردەی کەرکوکەوە ئەنجام دەدرێت، کە دەیانەوێت منداڵی کورد لەکەرکوك بێبەشبکرێن لەخوێندنی زمانی دایك".

یوسف سەعید ئاماژەی بەوەشدا هەرچەندە داوایان لەپەروەردەی کەرکوك کردووە بۆ دروستکردنی بینا بۆ گەرەکە کوردنشینەکان، بەڵام بێوەڵامن و دروستی ناکەن.

# دوای فراوانترکردنی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل دەکرێت

دەستوور لەدهوك


ژمارەیەك لەبازرگانانی تورکیا، داوا لەهەردوو حکومەتی هەرێم و تورکیا دەکەن کە دەروازەی گومرگی ئیبراهیم خەلیل فراوانتر بکرێت، بۆئەوەی کاری بازرگانی زیاتر لەنێوان هەردوو وڵاتدا ئالوگۆر بکرێت.

عەزیز سەرنجی بازرگانی تورکیا کە وەبەرهێنان لەبواری پیشەسازیدا دەکات، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت"دەروازەی ئیبراهیم خەلیل بەشی ئەو جموجوڵە بازرگانییەی ئێستا ناکات، کە لەنێوان تورکیاو حکومەتی هەرێمدا ئەنجام دەدرێت، چونکە بەبەردەوامی لەهەردوو دیوی دەروازەکەوە بارهەلگرەکان وەستاون و چاوەروانی داخل بوون و دەرچوون دەکەن لەو دەروازەیەوە".

سەرنجی، ئاماژەیی بەوەشکرد کەهەردوو حکومەتی عێراق و تورکیا بەبەردەوامی ئەوە رادەگەیەنن کەئاستی بازرگانی لەنێوان هەردوو وڵاتدا بەرزدەکەنەوە، بۆیە داوایکرد کەهەردوو حکومەت دەبێ بەجدی لەسەر ئەو بابەتە کاربکەن، بۆ فراوانترکردنی هاتوچۆو ئالوگۆری بازرگانی.

لەلایەکی ترەوە، ئوسمان بایسلان جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی شاری ئورفای تورکیا، بەدەستووری وت کە لەهەفتەی رابردوودا زیاتر لە ٤٢ بازرگان و کۆمپانیای شاری ئورفای تورکیا سەردانی شاری دهۆکیان کردووە، بەمەبەستی کاری زیاتری وەبەرهێنان و بازرگانی لەنێوان هەردوولادا.

# مەسیحییەکان هەرەشەی هەڵوێست وەرگرتن دەکەن



مەسحییەکان نیگەرانن

فۆتۆ: سەفین حەمید

پ. دەستوور

ئەندامانی مەسیحی لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەرێی نوسراوێکی رەسمییەوە داوا لەسەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکەن سیستمی هەلبژادن بۆ مەسیحییەکان بەشێوەی یەك بازنە بێت، ئەگینا هەلوێست وەردەگرن.

یونادم کەننا ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئاماژە بەوەدەدات کەئەگەر بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧یش هەلبژاردن بکرایە ئەوا ژمارەی کورسیی مەسیحیەکانی عێراق لە ١٣ کورسی کەمتر نەدەبوو، بەڵام بۆ هەلبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەران تەنها مەسیحیەکانی پێنج پارێزگای عێراق هەژمارکراوە.

یونادم کەننا وتی"بەهیچ شێوەیەك بەو ژمارەو ئەو شێوازی دانانە رازینابین، لەهەولی ئەوەداین بۆ مەسیحییەکان هەلبژاردن لەهەموو عێراقدا بەیەك بازنە بێت، بۆ ئەو مەبەستەش نوسراوێکی رەسمیمان ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران کردووە، چونکە ئەگەر وانەبێت ئەوکاتە مەسیحییەکانی پارێزگایەکی وەك سلێمانی پشتگوێ دەخرێن و مافی ئەوەیان نابێت دەنگ بەنوێنەری مەسیحییەکان بدەن و ئەوکاتەش لەئەنجومەنی نوێنەران نوێنەریان نابێت".

هەروەها وتی"بەداخەوە تائێستاش بەپێی ئاین و مەزهەب کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران دیاریدەکرێت، دەبوایە رێز لەئیرادەی ئەو خەلکە بگیرایە، چونکە ئەم شێوازو میکانیزمی هەلبژاردنە پێشێلکردنی مافی کەمەنەتەوەکانی عێراقە".

ئاماژەی بەوەشدا کەئەو پێنج کورسییەی بۆ مەسیحییەکان دیاریکراوە کەمترین ژمارەیە، بۆیە ئەگەر چارەسەرنەکرێت ئەوا قبوڵی ناکەن و وتی"هەلوێستی تر دەگرینەبەر".

# بەشێک لەکاندیدەکانی یەکێتی و پارتی بۆ خولی نوێی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

(د.ئاراس فەریق زەینەل، د.دلشاد عەبدولرەحمان، د.سامان فەوزی، مامۆستا جەمال عەبدول، عەدالەت عەبدوللا، وەزیرە جەلال، سەربەست جیهاد، نەرمین عوسمان، مامۆستا شاهۆی هەلەبجە، شەوبۆ مستەفا عەسکەری، شێخ تەها شێخ سادق، د.فوئاد مەعسوم، عوسمان شوانی، خالید شوانی، فریاد رەواندزی، رەهێل ئەحمەد، د.نەجمەدین کەریم، سەعدی ئەحمەد پیرە، د.شوان عوسمان، ئەمیر خواکەرەم، ملازم کەمال جێگری لێپرسراوی مەلبەندی دەرەوە، ئالا تالەبانی، سەعدون فەیلی، رەمزی فەیلی، مەلا سیروان ئەحمەد، موحسین سەعدون، د.ئەحمەد ئەنوەر، لەیلا حەسەن، سالار ئیسماعیل، یاسین عەزیز، جوان شێخە، وەسفیە بەنی وەیس، عەزیز حەسەن، حەسەن دۆسکی، سیان بامەرنی، د.خەسرەو، فەرهاد فەیلی، سامیە عەزیز، جاسم کاکەیی، دلێر قادر، عەلی حسێن بەلو، گەلاوێژ جەباری، شەوبۆ مستەفا، تەها عومەر رەشید، د.حسێن خانەقا).

بەشێك لەکاندیدەکانی لیستیگۆران

(د.بایەزید حەسەن، لەتیف مستەفا، شۆرش حاجی، پەروا عەلی، مەم بورهان قانع، د.شۆرش حەسەن، عومەریحاجیعینایەت، سەردار عەبدولا، ئەکرەم میهرداد، ئارام شێخ محەمەد، بابەکر درەیی، سەردار قادر، نەوزاد مەجید، کوێستان حەمەکەریم، چیمەن رەشید).

ناوی کاندیدەکانی حزبی زەحمەتکێشان (بالی سکرتێر)

(کەمال ئەحمەد سلێمانی، نەسروللا نەجمەدین سورچی، مەهدی سابر شالی، حسێن عوبێد جەنادی، تانیا کەمال دەروێش، عەدنان محەمەد عەزیز).

کاندیدەکانی یەکگرتووی ئیسلامی

(موسەننا عەلی، ئەندازیار شێخ تەها سۆلەیی، بەکر حەمە سدیق، محێدین رەشید گەلالی، روناك مستەفا، دلخواز عەبدولا، شێرکۆ جەودەت، مامۆستا عوزێر حافز، پشتیوان حەمە رەزا، عادل نوری، بورهان ئەحمەد، ئەندازیار عەلی رەمزی، ئیسماعیل خورمالی، حەمزە خەلیفە، نەجیب عەبدوللا، مامۆستا مەلا تەها، د.ئازاد سمۆ، ئوسامە جەمیل، عەلی گردەسۆری، شەمسەخان، بەهار هادی ئەحمەد، مەولود رەسول مەولود، کەنعان عەبدولرەحمان (حاجی کاروان)، د.نەسرین ، جومعە محەمەد ئەحمەد، تارق فەریق، مامۆستا نەوال، حسێن حەسەن، کامەران محەمەد، فاروق شەفیق، فاخر تۆفیق).

کاندیدەکانی کۆمەلی ئیسلامی

(مامۆستا عەلی باپیر، نازم عەبدولا، سلێمان مینە، سوعاد قادر، محەمەدی رازی، کەمال حەسەن، یاسین حەسەن).

# لەکۆکردنەوەی مین-دا دوو ئیدارەکە یەکیاننەگرتووەتەوە

## دەزگای گشتی مین لەهەولێر دەیەوێت بەڕێوەبەرایەتی گشتی مین لەسلێمانی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە

فەرهاد قادر لەسلێمانی

تائێستا هەردوو دەزگای گشتی مین لەهەولێرو بەڕێوەبەرایەتی گشتی مین لەشاری سلێمانی یەکیاننەگرتووەتەوەو دابەشکردنی پۆستەکانیش کێشەی بۆ یەکگرتنەوەکە دروستکردووە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست دەستوور کەوتووە، پارتی لەهەولی ئەوەدایە هەرچۆنێك بێت، بەڕێوەبەرایەتی گشتی مین لەسلێمانی، بخاتە ژێر ڕکێفی دەزگای گشتی مینەوە کەئەمەی دواییان لەهەولێرەو سیراج بارزانی سەرۆکی دەزگاکەیە، تائێستاش ئەو دوو دەزگایە بەشێوەی جیاوازو دوو ئیدارەیی کاردەکەن.

حاجی مەسیفی بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مین لەسلێمانی، ئەو دوو جۆرە کارکردنو یەکنەگرتنەوەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ دوو ئیدارەیی‌و دەڵێت "دوو ئیدارەیی هۆکارێکە بۆ ئەوەی بەدوو شێوازی جیاواز کارەکانمان بکەین‌و پێشموایە لەسنووری هەولێر بەهۆی ئەوەی کارەکانیان ڕاستەوخۆ جێبەجێدەکرێت‌و هیچ کۆمپانیایەکی تایبەت بەبواری مین نییەو کارناکەن".

حاجی مەسیفی هەروەها وتی "بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لەڕێگای تەندەرەوە پرۆژەکانی دەداتە کۆمپانیاکانی بواری مین، ئەم جۆرەش بڕێك پارەی زۆر دەگەڕێنێتەوە بۆ حکومەت‌و کۆمپانیاکان کێبڕکێ دەکەن تا باشترین کار ئەنجام بدەن، تا متمانەی خۆیان زیاتر بکەن بۆ پرۆژەکانی دواتریان، بەپێچەوانەوە دەزگای گشتی کاروباری مین ڕاستەوخۆ پرۆژەکان جێبەجێ دەکەن‌و بەبڕوای خۆیان ئەو جۆرە پەسەندترە".

بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان زۆرترین کێڵگەی مین لەسنووری پارێزگای سلێمانیدایەو زۆرترین ڕێژەی قوربانیانی مینیش هەر لەو پارێزگایەدایە، بەڵام پارتی دەیەوێت هەرچۆنێك بێت بەڕێوەبەرایەتی مین لەسلێمانی بکەوێتە ژێر ڕکێفی دەزگای گشتی مین لەهەولێر کە سیراج بارزانی سەرۆکی دەزگاکەیە، بەو هۆیەشەوە تا ئێستا ڕێکنەکەوتوون کە پۆستی یەکەم بۆ چ لایەنێك بێت.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لەسنوری سلێمانی سەر بەوەزارەتی دارایی‌و ئابوورییەو پرۆژەکانی بەشێوەی تەندەرین دەداتە کۆمپانیاکان، بەڵام دەزگای گشتی کاروباری مین لەسنووری هەولێر ڕاستەوخۆ خۆی کارەکانی ئەنجام دەداتو سەر بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمە.

سیراج بارزانی لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین هەمان بودجەی ئێمەیان هەیەو دواتریش پرۆژەکانیان دەدەنە تەندەرین‌و ئێمە بەو بودجەیە ڕاستەوخۆ پرۆژەکان جێبەجێ دەکەین‌و کێبڕکێی کۆمپانیاکانی بواری مین دەکەین‌و پرۆژەش بۆ شوێنەکانی تر ئەنجام دەدەین‌و ئیرادەکەشی بۆ حکومەت دەبێت‌و دەگەڕێتەوە خەزێنەی حکومەت".

هەروەها وتی "چاوەڕوانین سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم بەشێوەیەکی فەرمی بڕیاری گەڕاندنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین بدات بۆ سەر دەزگای گشتی کاروباری مین".

لەخولی دووەمی پەرلەماندا، پەرلەمان پرۆژە یاسای یەکگرتنەوەی هەردوو دەزگای گشتی مین‌و بەڕێوەبەرایەتی گشتی مینی پەسەندکرد، بەڵام تاوەکو ئێستا بەهۆی ناکۆکییەکانی نێوانیانەوە لەدابەشکردنی پۆستەکان ئەو دوو لایەنە یەکیاننەگرتووەتەوە.

مەسیفی وتی "هەردوو دەزگا یەکگرتنەوە بەگرنگ دەزانین‌و چاوەڕوانی سەرۆکایەتی وەزیرانین تا کەسێك دیاری بکات بۆ بەڕێوەبەری نوێی‌و یەکگرتنەوەکە بچێتە شێوازی پراکتیکی".

موحسین عەبدولکەریم بەڕێوەبەری کارگێڕی‌و خۆیەتی لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین وتی "سەرجەم کارەکانی یەکگرتنەوەکە تەواوبووەو ماوەتەوە پۆستەکان دیاریبکرێت، بەڵام تا ئێستا نەگەیشتووینەتە ئەنجامی کۆتایی".

# پۆستی کۆمسیۆنی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ و دەستەی پارێزگاری‌و باشکردنی ژینگەو ناوچە جێناکۆکەکان دابەشنەکراوە

پ.دەستوور

سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند تا پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی هەرێم پێکهێنانی کۆمسیۆنی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ و دەستەی پارێزگاری‌و باشکردنی ژینگەو ناوچە جێناکۆکەکان پەسەندنەکات، پۆستەکانیان بەسەر لایەنەکاندا دابەشناکرێت.

دوای ئەوەی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمەوە هەر سێ پرۆژە یاسای پێکهێنانی کۆمسیۆنی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ و دەستەی پارێزگاری‌و باشکردنی ژینگەو ناوچە جێناکۆکەکان پەسەندکرا، تاوەکو ئێستا هیچ یەکێك لەو پۆستانە دابەشنەکراوە.

محەمەد قەرەداغی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران لەبارەی دیاریکردنی کەسەکان بۆ ئەو پۆستانە لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ڕایگەیاند "لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئەو پرۆژە یاسایە پەسەندکراوە، بەڵام تا لەلایەن پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆکایەتی هەرێمەوە پرۆژەکە پەسەندنەکرێت هیچ کەسێك بۆ ئەو پۆستانە دیاریناکرێت".

قادر عەزیز سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان– باڵی سکرتێر–لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ڕوونیکردەوە کە هەرچەند پێشتر بەشێوەی شەفەوی باس لەوەکرابوو پۆستی کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ یان دەستەی ناوچە جێناکۆکەکان بەزەحمەتکێشان دەدرێت، بەڵام تا ئێستا لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمەوە بۆ دیاریکردنی کاندید بۆ ئەو پۆستانە ئاگادارنەکراونەتەوەو وتی "هەرکاتێك ئەنجومەنی وەزیران بەرەسمی پێیانراگەیاندین بۆ دیاریکردنی کاندید بۆ ئەو پۆستانە، ئەوکاتە کاندیدی خۆمان دەبێت‌و کەسی پسپۆڕیشمان بۆ ئەو پۆستانە هەیە".

نوری عوسمان سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بە دەستووری وت "تا هەیئەکە دانەنرێت، ئەندامانی دەستەکە دیارینا‌کرێن".

# لەنەخۆشخانەی فێرکاری سلێمانی، نەخۆش لەڕێڕەوەکان‌و سەر زەوی دەخەوێنرێت


کەرتی تەندروستی ڕووبەڕووی قەیران دەبێتەوە
فۆتۆ: دەستوور

فەرهاد قادر لەسلێمانی

لەبەدواداچوونێکی دەستووردا بۆ نێو نەخۆشخانەی فێرکاری سلێمانی، دەرکەوت ژمارەیەك نەخۆش کە تازە نەشتەرگەرییان بۆ ئەنجامدرابوو، لەڕێڕەوی ژوورەکان‌و لەسەر زەوی خەوێنرابوون‌و بەشێك لەژوورەکانیش هەشت نەخۆشی تێدابوو.

بەشێك لەو نەخۆشانەی کە دوێنێ سێشەممە ١١/١٧ لەبەشی هەناوی نەخۆشخانەی فێرکاری سلێمانی، نەشتەرگەرییان بۆ ئەنجامدرابوو، بەهۆی نەبوونی شوێنەوە، لەڕێڕەوی ژوورەکان‌و بەشێکیشیان لەسەر زەوی خەوێنرابوون‌و ژوورەکانیش دوای ئەوەی بەشێکیان هەشت کەسیان بۆ دانرابوو، جێگەی نەخۆشی تر لەژوورەکان نەدەبووەوە.

سەروەر سدیق بەڕێوەبەری کارگێڕی نەخۆشخانەی فێرکاری سلێمانی، لەلێدوانێکیدا بە دەستووری وت "نەخۆشخانەکەمان لە (٣٠٤) قەرەوێڵە پێکهاتووەو ئەگەر تەنها بۆ نەخۆشەکانی نەخۆشخانەکەمان بێت بەشێوەیەکی گونجاو بەشدەکات‌و کێشەمان نییە، بەڵام بەهۆی نۆژەنکردنەوەی نەخۆشخانەی هەناویی فێرکاری، نەخۆشەکانی ئەو نەخۆشخانەیە هێنراونەتە نەخۆشخانەکەمان‌و یەك نهۆمی تەواومان داونەتێ کە زیاتر لە (١٠٠) جێگایە تا نەخۆشخانەکەیان تەواودەبێت".

هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە هەرچەند ماوەی زیاتر لە ٦ مانگە نەخۆشخانەی هەناویی فێرکاری تەواوبووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی ئامێرو کەلوپەل لەناو نەخۆشخانەکە تا ئێستاش لەنەخۆشخانەی فێرکاریدان‌و وتی "بەهۆی زۆری نەخۆشەکانیان لەناو مەمەڕو لەسەر زەوی نەخۆش دەخوێنرێت، کە ئەوەش مەترسی زیاترەو کارێکی ناحەقیە بەرامبەر بە نەخۆش".

بەڕێوەبەری کارگێڕی نەخۆشخانەی فێرکاری سلێمانی ڕوونیکردەوە کە داوایان کردووە چارەسەرێك بۆ ئەو کێشەیە بدۆزرێتەوە.

نەریمان سەلام بەڕێوەبەری کارگێڕی نەخۆشخانەی هەناویی فێرکاری ڕایگەیاند کە مانگی ٨ی ساڵی ٢٠٠٧ چوونەتە نەخۆشخانەی فێرکاری بەمەبەستی نۆژەنکردنەوەی نەخۆشخانەکەیان‌و وتی "بەڵام چارەسەری ئەو کێشەیە لای ئێمە نییەو دەسەڵات لای وەزیرو بەڕێوەبەری گشتییەو ئێمە بەردەوام داوامان بەرزکردووەتەوەو چاوەڕوانی وەڵامین، من وەك بەڕێوەبەری کارگێڕی خاوەنی بڕیار نیم‌و لەسەرووی منەوەیەو چارەسەردەکرێت".

لەکاتی بەدواداچوونی ڕۆژنامەی دەستوور بۆ بەشی هەناوی نەخۆشخانەی فێرکاری، مشتومڕ لەنێوان پزیشك‌و کەسوکاری نەخۆشەکاندا دروستببوو، بەوەی کەسوکاری نەخۆشەکان داوایان دەکرد شوێن بۆ نەخۆشەکانیان دابینبکرێت‌و پزیشکەکانیش پێیاندەوتن لەدەسەڵاتی ئەواندا نییە.

ڕێکەوت محەمەد بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی "نەخۆشخانەی هەناوی‌و فێرکاری دوای ئەوەی نۆژەنکرایەوە ماوەی زیاتر لە ٦ مانگە چاوەڕوانین لەڕێگای تەندەرینەوە دابینکردنی سەرجەم پێداویستیەکانی نەخۆشخانەکە دابینبکرێت کە کاری تەندەرین ڕۆتیناتی زۆر دەوێت‌و هۆکاری ئەوەشە ئەو پرۆژەیە دواکەوت".

هەروەها وتی "لەسەرەتای وەرزی بەهاردا پێدەچێت سەرجەم ئەو کێشانە چارەسەر بکرێت‌و نەخۆشخانەکە بکرێتەوە، لەئێستادا کاری تەندەرینەکە تەواوبووە بەبڕی (٣) ملیۆن دۆلارو دراوەتە کۆمپانیا تا سەرجەم پێداویستییەکانی نەخۆشخانەکە دابینبکات".

بەشێکی زۆری ئەو نەخۆشانەی سەردانی نەخۆشخانەی فێرکاری بەشی هەناوی سلێمانی دەکەن، ئەوانەن کە نەشتەرگەریان بۆ ئەنجام دەدرێت.

# دەلاقە

## غەدرێکی تر لەحزبی زەحمەتکێشان

ئەنوەر حسێن (بازگر)
a_bazgr@yahoo.com

*پێم سەیرە حکومەت ماوەیەکی زۆرە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان لەوتووێژدایە بۆ بەشداریکردن لە کابینەی شەشەم، بەمەبەستی پێکهێنانی کابینەیەکی بنکەفراوان.

بەڵام تائێستا دەرکەوت کە ئەم دانوستانانە وەك پێویست نەبوە، چەنکە جگەلەوەی گۆڕان و یەکگرتوو خۆیان بایکۆتی بەشداریانکرد لەگەڵ کۆمەڵیش نەگەیشتنە ئەنجام، بەڵام پەراوێزخستنی ڕۆڵی حزبی زەحمەتکێشان و بەڕێز قادر عەزیز هەم کارێکی خراپە هەم لەگەڵ ئەو پرەنسیپە ناگونجێ کەلایەنە سیاسیەکان هەموویان بەشداربن.

*دانوستانەکان شتی سەیری تێدایە، لەلایەك لەگەڵ لیستی عەدالەت و خزمەتگوزاری دانوستان ناکەن، بەڵام پێیاندەڵێن "ئێمە وەزارەت دەدەین بەخودی حزبی شیوعی" نەك لیستی عەدالەت، خۆپێدانی وەزارەت بە حزبی شیوعی و شەخسی د.هادی مەحمود، کارێکی شیاوو لەجێی خۆیدایە، بەڵام پەراوێزخستنی لایەنەکانی تر لەناو ئەو لیستە مانای چیە؟

خۆگەر قسە لەسەر پێوەری بەشداربونە لەپەرلەمان و حساباتی کورسیان لەگەڵ دەکرێت، دەبوو وەکو حزبی شیوعی، حسابات لەگەڵ حزبی زەحمەتکێشان و کاك قادر عەزیز بکرێت، ئەگەرنا ئەمە بانێك و دووهەوایە، یان مانا و مەغزای سیاسی هەیە.

*بەهەموو پێوەرەکان حزبی زەحمەتکێشان لەزۆر لایەن بۆ بەشداریکردن لەپێشترە، چ لەڕووی مێژوویی و شۆڕشگێرییەوە، چ لەبواری هاوپەیمانی و هەڵوێستەوە، چ لەشەڕی ناوخۆ و دووئیدارەیی، واتا لەهەموو خۆشی و ناخۆشییەکاندا و لەهەموو کابینەکاندا بەشداربووە، بەڵام هۆکاری پێنەدانی وەزارەت چی یە؟

*هەرچەندە ئینشقاقە یەك لەدوایەکەکانی حزبی زەحمەتکێشان زۆر لەجەماوەریبوون، کاریگەرییەکانی لەکوردستاندا کەمکردەوە، گەرچی ڕۆڵی دەرەکی دەستی لەم ئینشقاقانەدا هەیە، سەرەڕای فاکتەری ناوخۆیی و ئیمتیاز، بەڵام فاکتەری ئەساسی هەر خۆیانن و سەرەنجام هەر ئەم فاکتەرانەیە، هەردوولایەنی لەوەزارەت و حکومەت بێبەشکردووە، دەرکەوت، خودی خۆیان نەیانتوانی ڕەهەندەکانی حزبایەتی و پێکەوە ژیان باش بخوێننەوە.

*حزبی زەحمەتکێشان، لەنێوان دوو هەڵوێستیشدا دەکرێت بخوێننەوە، هەڵوێستێکی نیشتمانی و شاخ و ڕۆڵی سەبارەت بەوڵاتانی ناوچەکە و ئۆپۆزیسیۆنی پارچەکان و هەڵوێستەکانی تارادەیەکی باش، دەکرێت زۆر پۆزەتیڤانە سەیر بکرێت، هەڵوێستی دووەمی کارکردنی هەندێ جاری لەناوحکومەت و هەرێمدا وەکو ئۆپۆزیسیۆن و ڕەخنە لەدەسەڵات و چونە ناو هاوپەیمانێتییەکەوە کە لەڕووی ئایدۆلۆژیاو و مێژووەوە نامەنتق بوو، تارادەیەك حکومەتی نیگەرانکردوە و هەرئەوەش یەکێکە لەفاکتەرەکانی پشت ئینشقاقەکانیانەوە، وەکو سزایەك.

بەڵام خۆدەکرێت بڵێین ئەگەر سزایە دەبوو بۆ هەموو لایەنەکان بوایە و گەر پاداشت و هاوکاریشە بۆ هەوان بوایە بەزەحمەتکێشانیشەوە، نەك بۆ لایەك وەزارەت و بۆ لایەك فەرمانگەیەك.

*بەڵام بۆچی ئەم یاسایە زەحمەتکێشانی نەگرتەوە؟ ئەوە وەڵامەکەی لای حکومەتە کەدەزانم دەستی یەکێك لەلایەنەکان لەم سیناریۆیەدا هەیە، خۆ دڵنیام وەزارەتو وەزیرەکانی زەحمەتکێشان لەزۆر کەسی تر باشتر دەبوون بەو دەلیلەی لەکابینەی پێشوشدا وەزیرەکەیان چالاکترین وەزیری هەرێم بوو.

*ئێستا بەخوێندنەوەی ئەم هاوکێشانەبێ، دەبێ هەردوولا بزانن، یەکەم کەس هەرخۆیان بوون زەرەریانکرد و لەتبونیشیان زۆر لەدەستکەوتەکانیانی لەدەستدا، بۆیە دەبێ ئەم ڕووداوە بۆ ئەوان بەکەڵك بێت و ئەزمونی لێوەرگرن و ڕەنگە باشترین وەڵامیش بۆ ئەو غەدرە و کۆتاییهاتن بەکێشەکانیان یەکگرتنەوەی هەردوولابێ.

# بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی لابرا

هیوا قادر لەهەولێر

تاهیر هەورامی بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەی نێودەولەتی هەولێر، بەبڕیارێکی فەرمی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەپۆستەکەی لابرا.

کاوە عەزیز بەڕێوەبەری کارگێڕی فڕۆکەخانەی نێودەولەتی هەولێر لەلێدوانێکیدا بەدەستوور وت"بەنووسراوی فەرمی لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بڕیاری لابردنی بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەولەتی درا، تا ئێستا هیچ کەسێك لەشوێنەکەی دانەنراوە".

لەلایەکی ترەوە نوری عوسمان سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران وتی"هیچ هۆکارێك لەپشت لابردنەکەیەوە نییەو بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە لابراوەو کەسێکی تر دەخرێتە جێگای، بەڵام تائێستا دیارینەکراوە".

# دوای باران کەپر دروستدەکەن

## لە گەرمەی گفتوگۆکاندا بارزانی وڵاتی جێهێشت، کە "گۆڵەکە" لەکوردستان کرا، هەڕەشەی بایکۆتکردن دەکات

پ.دەستور

سەرۆکایەتی هەرێم هەڕەشەی بایکۆتکردنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران دەکات، ئەگەر چاو بەژمارەی کورسییە زیادکراوەکاندا نەخشێنرێتەوە، لەکاتێکدا کە یاساکە پەسەندکرا بارزانی و تاڵەبانی و پەرلەمانتاران هیچ دژایەتییەکیان پیشان نەدا.

دوای ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەران لەیاسای هەڵبژاردنەکان بە پشت بەستن بە ئاماری وەزارەتی بازرگانی عێراق، ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی لە ٢٧٥ کورسییەوە زیاد کرد بۆ ٣٢٣ کورسی، لەزیادکردنەکە سێ پارێزگاکەی هەرێم تەنها ٣ کورسی بۆ زیادکراوە.

لەکاتی گفتوگۆی یاساکەدا مەسعود بارزانی بەسەفەرێکی پێشتر رانەگەیەنراو وڵاتی جێهێشت، پەرلەمانتارانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان، هیچ رەخنەیەکیان لەو مادەیە نەگرت، دواتریش جەلال تالەبانی سەرۆك کۆمار پەسەندی کرد.

دوای ئەوەی لیستی گۆڕان داوایکرد پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەیەکی نا ئاسایی ببەستێت، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو بابەتە، پەرلەمانی کوردستان لەکۆبوونەوەی ١١/١٥دا بەتێکرای دەنگ لە یاداشتێکدا نیگەرانییەکانی دانیشتووانی هەرێم ئاراستەی ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی کۆمار کردو داوای ڤیتۆکردنی یاساکەی کرد.

بەلام بەهۆی پەسەندکردنی یاساکەش لەلایەن جەلال تالەبانی و عادل عەبدولمەهدییەوە، جێبەجێکردنی داواکانی کوردی لاوازکرد، تاکە تروسکاییەك کە مابێتەوە ڤیتۆکردنی ئەو یاسایەیە لە لایەن تاریق هاشمی جێگری سەرۆك کۆماری عێراق.

> **پەرلەمانتارێکی یەکگرتوو: لەکاتی دەنگدان بە یاساکە ئەندامێکی لیستی هاوپەیمانی وتی دەنگدانمان پەرداخێک ژەهرە، بەڵام ناچارین کە بینۆشین**

تاریق هاشمی جێگری سەرۆك کۆمار نامەیەکی رەخنە ئامێزی ئاراستەی ئەندامان و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد، تیایدا داوای زیادکردنی کورسی قەرەبووی بۆ ئەو کۆچکردوانە کردەوە کە بەناچاری عێراقیان بەجێهێشتوە و لە رێژەی (٥٪) ەوە بۆ (١٥٪) و هەڕەشەی ئەوەشی کردووە گەر ئەو مەسەلەیە چارەسەر نەکرێت ئەواناچار دەبێت کە ڤیتۆی یاساکە بکات.

رۆژی ١١/١٧ سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم رایگەیاند، مەسعود بارزانی ئاگاداری ئەو مەسەلەیەیە، "ئەگەر چاو بە پرسی دیاریکردن و دابەشکردنی کورسی تەرخانکراو بۆ پارێزگاکان نەخشێنرێتەوە، ئەوا گەلی کوردستان ناچارە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بەشداریی نەکات".

سەرۆکایەتی هەرێم پێیوایە دابەشکردنی کورسییە زیادکراوەکان بەو شێوەیە "نادادپەروەرانە" تەنها بۆ کەمکردنەوەی نوێنەرانی گەلی کوردستانە لەپەرلەمانی عێراق.

سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم داوای لە هەموو لایەنە سیاسییەکان کرد بەرپرسیارێتی مێژوویی خۆیان لە ئەستۆ بگرن و نەچنە نێو پرۆسەیەکی ساختەکاریی گەورەی لەم شێوەیەدا کە هەرێمی کوردستان و تێکرای دەستکەوتە دیموکراسییەکانی عێراقی کردۆتە ئامانج.

رەخنە لەنوێنەرانی کورد دەگیرێت لەبارەی تێپەڕینی ئەو دابەشکردنە نایەکسانە بەسەریاندا، بەلام ئەوان دەڵێن هیچ بژارێکی تریان لەبەردەمدا نەبووە.

ئازاد چالاك ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆ دەستوور ئاماژەی بەوە کرد کە هیچ چارەسەرێك لە بەردەم لیستی هاوپەیمانیدا نەمابوویەوە یان دەبوو کار بە تۆمارەکانی (٢٠٠٤ و ٢٠٠٥) بکرایە کە ئەمە بۆ کەرکوك باش نەبوو یان کار بە کۆبۆنی (٢٠٠٩) بکرایە هەربۆیە لیستەکەیان ریگەی دووەمی هەڵبژارد.

لە ٤٨ کورسیە زیادکراوەکە تەنها سیان لەو کورسیانە بۆ هەرێم دەبێت، چالاك وتی "ئەوە پەیوەندی بەو داتایەوە هەیە کە لەوەزارەتی بازرگانی وەرگیراوە و هیچ پەیوەندییەکی بە لیستی هاوپەیمانییەوە نییە، هەربۆیە ئێمە داوای بانگهێشت کردنی وەزیری بازرگانیمان کردووە تابێتە پەرلەمان و روونکردنەوە لەسەر ئەو زیادبوونە بدات".

عومەر سدیق پەرلەمانتاری لیستی کوردستانی، نایشارێتەوە کە دژە بۆچونێك لە نێوان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی لەپەرلەمانی عێراق دروستبووە، لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکان دەنا نەدەبوو ئەو یاسایە بەو شێوەیە تێبپەرێنرێت، وتی "لەسەر پێشنیاری ئێمە لیستی هاوپەیمانی داوای بانگکردنی وەزیری بازرگانی کردووە، تا لە پەرلەمانی عێراقدا چۆنیەتی زیادبوونی دانیشتوان روون بکاتەوە".

زوهێر خۆشناو ئەندامی کوتلەی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت، زۆرینەی ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی لەگەڵ دەنگدان بە یاساکە نەبوون، بەلام بەهۆی ئەوەی کە رێکەوتنێك بەر لە دانیشتنەکەدا کرابوو، فشاریشیان لەسەر بوو، بۆیە بە ناچاری دەنگیان بە پرۆژەکەدا.

خۆشناو وتی "لە کاتی دەنگدان بە یاساکە ئەندامێکی لیستی هاوپەیمانی وتی: دەنگدانمان پەرداخێك ژەهرە، بەلام ناچارین کە بینۆشین".

بە بیانووی نارازی بوونیان لەسەر مادەی (٤و ٦و ٧) لیستی یەکگرتوو بایکۆتی دانیشتنەکەیان کرد، بەمەبەستی ئەنجامدانی گۆرانکاری لە یاساکەشدا رۆژی دووشەممەی رابردوو لیستی یەکگرتوو بەرەسمی یاداشتێکیان ئاراستەی هاشمی کرد، تیایدا داوای ئەوەیان کردووە کە هاشمی ڤیتۆی یاساکە بکات و رەتیبکاتەوە.

مەحمود عوسمان بەرێوەبەری گشتی ئاماری سلێمانیش بۆ دەستوور جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە پشتبەستن بە کۆبۆنی خۆراك بۆ زانینی ژمارەی دانیشتووان کارێکی هەلەیە، بەتایبەت بۆ هەرێمی کوردستان، "چونکە بەهۆی پاش بوونی ئاستی گوزەرانی خەلك زۆر خێزان هەیە کە هەر کۆبۆنی نییەو منالی تازەلەدایکبووش تۆمار ناکەن".

بە گوێرەی ئامارێك تەنها لە (٢٠٠٨)دا لە ناو سلێمانیدا (٤٨) هەزار مندال لە دایك بووە، بەلام تەنها (٢٢) هەزاریان ناویان داخلی کۆبۆنی خۆراك کراوە، بەوتەی عوسمان ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کەداتاکانی کۆبۆنی خۆراك لەسەر زانینی رێژەی دانیشتوان دوورە لە ژمارەی راستەقینەی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان.

عوسمان وتی "ئەو زیادبونەی کە لە هەندێك پارێزگادا روویداوە لە گەل عەقلدا ناگونجێت و پارێزگای واهەیە رێژەی زیادبوونەکەی (١٢٪) تێپەری کردووە لەکاتێکدا، رێژەی زیادبوون لە هەموو عێراقدا (٣٪) بووە ئەگەر ئەو (٣٪) یەش حساب بکرێت بۆ سلێمانی ئەوا رێژەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە بەرزدەبێتەوە بۆ دوو ملیۆن و دووسەدو شەست هەزار کەس لە کاتێکدا بەگوێرەی ئەو یاسایە تەنها حساب بۆ یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزارکەس کراوە".

بەلام فەرەج حەیدەری سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەلبژاردنەکان دەلێت کات درەنگەو فریای هیچ ناکەون. وتی "رەخنەگرتن لەسەر چۆنێتی دابەشکردنی کورسییەکان بەسەر پارێزگاکاندا درەنگ وەختە، کارێکی مەحالیشە لەم کاتەی ئێستادا".



هەڵبژاردن تاقیکردنەوەیەکی سەخت بۆ کورد

# کورد لە بەرامبەر شەهرستانیدا پاشەکشە دەکات

## ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی کۆك نین لەمەسەلەی متمانە لێسەندنەوە لە شەهرستانی

پ. دەستور

سەرکردایەتی لیستی هاوپەیمانی پەشیمانە لەبانگهێشتکردنی شەهرستانی، لەکاتێکدا زیاد لەدوو ساڵە لەهەولی ئەوەدایە متمانەی لێوەربگیرێتەوە، بەلام بەشێك لەئەندامانی لیستەکە دەلێن شەهرستانی دژایەتی سیاسەتی نەوتی هەرێم دەکات بۆیە بەپێویستی دەزانن لێپێچینەوەی لەگەلدا بکرێت.

لەکۆی ٥٣ ئەندامی کوتلەی کوردی لە پەرلەمانی عێراق تەنها ٦ کەس ئامادەی دانیشتنی تایبەت بە لێپرسینەوەی حوسەین شەهرستانی وەزیری نەوتی حکومەتی عێراقی بوون، ئەندامانی لیستی هاوپەیمانیش هیچ بەلگەیەکیان لەدژی شەهرستانی پێشکەش بە لیژنەی نەوتو غاز نەکردووە.

ئەو سادو سرییەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان گومانی ئەوەی دروستکردووە، رێککەوتنێکی پێشوەخت هەبووبێت لە نێوان لیستی هاوپەیمانی لەلایەك و مالیکی و شەهرستانی لەلایەکی ترەوە.

ئەم هەفتەیەش وەفدێکی وەزارەتی نەوتی عێراق سەردانی هەولێریان کرد بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر گرێبەستە نەوتییەکان.

نوری عوسمان سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئەو وەفدە تەنها بۆ پیرۆزبایی کابینەی نوێ هاتوون"، لەکاتێکدا ئەنجومەنی وەزیران و هیچ وەزارەتێکی تری عێراق وەفدیان بۆ پیرۆزبایی نەناردۆتە هەولێر.

ئەحمەد میرە سەرنوسەری گۆڤاری لڤین لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "بە بۆچوونی من ئەگەر لە پێناو بەرژەوەندییەکانی کورد رێککەوتنی وا ئەنجام بدەن کارێکی ئاساییە، بەلام پێموانیە سیاسییەکانی کورد گەیشتبێتنە ئەو ئاستەی کە لەپێناو بەرژەوەندییەکانی کورد ئەم هەنگاوە بنێن، بۆیە ئامادەنەبوونەکەیان بەلای منەوە لە لاوازییاندایە".

نزیکەی دوو ساڵە لیستی هاوپەیمانی کۆششدەکات بۆ وەرگرتنەوەی متمانە لە حوسەین شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراق، بەهۆی "دژایەتیکردنی" سیاسەتی نەوتی حکومەتی هەرێم.

فریاد رەواندوزی وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ دەستوور ئامادەنەبوونی ئەندامانی لیستەکەیان بۆ ئەوە دەگەرێنێتەوە کە بانگهێشکردنەکە هۆکاری سیاسی لە پشتەوە بووە نەك مەبەستی تر، "زیاتر ئەندامانی حیزبی فەزیلە پێداگرییان لەسەر ئەوە کردووە کە لێپێچینەوە لەگەل شەهرستانیدا ئەنجام بدرێت، نەك لیستی هاوپەیمانی".

رواندزی رەتیکردەوە کە هیچ کاتێك لیستەکەیان داوای ئەنجامدانی لێپێچینەوەی شەهرستانی کردبێت.

وتی "بۆ ئەو دانیشتنە کە ئامادەنەبوین وتومانە ئێمە داوای لیپرسینەوەمان نەکردوە، ئەوانە دەبێت لێپرسینەوە بکەن کە بانگهێشتی شەهرستانییان کردوە".

مەحمود عوسمانی ئەندامی سەربەخۆ لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆچوونێکی جیاوازتری لە گەل فریاد رەواندوزی وتەبێژی لیستەکەیدا هەیە لەمەر بانگهێشتکردنی وەزیری نەوت و وتی "ماوەیەکی زۆرە لیستی هاوپەیمانی لە هەولی بانگهێشتکردنی شەهرستانی دایە بۆ مەبەستی ئەنجامدانی لێپێچینەوە لێی، بەلام لە رۆژی دانیشتنەکەدا تەنها شەش ئەندامی ئەم لیستە ئامادەبوون کە ئەمە بە تەواوی توشی سەرسورمانی کردم".

ئەوئەندامەی لیستی هاوپەیمانی لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ دەستوور وتیشی "ئامادەنەبوونی ئەو رێژە زۆرەی ئەندامانی هاوپەیمانی لای زۆربەی لایەنەکان ئەو بۆچوونەی دروستکردووە کە دەلێن رێکەوتنی پێشوەخت لە نێوان هەردوو لادا هەبووە بۆ ئامادەنەبوونی ئەندامانی ئەم لیستە".

هەروەك پێشی وابوو کە ئامادەنەبوون لەو دانیشتنە کاریگەری دەبێت لەسەر دانیشتنی داهاتوو، چونکە لەژێر رۆشنایی وەلامەکانیدا ئەندامانی پەرلەمان دەنگدەدەن بۆ وەرگرتنەوەی متمانە لە شەهرستانی.

لەبەرامبەریشدا دکتۆر ئیسماعیل شکور رەسول کە هاوکات جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرانە بۆ دەستوور رەتیکردەوە کە ئامادەنەبوون هیچ کاریگەریەکی لەسەر دانیشتنی داهاتوو هەبێت و وتی "پێویستی بە ئێمە نەبووە، بۆیە لەو دانیشتنەدا ئامادەنەبووین".



نەیارەکانی پێشوو پشتی دەگرن

> **فریاد رەواندوزی: ئێمە داوای لێپرسینەوەمان لەشەهرستانی نەکردووە، ئەوانە دەبێت لێپرسینەوە بکەن کە بانگهێشتی شەهرستانییان کردووە**

www.arsivakurd.org

# "ئێمە بەرنامەمان بۆ گەمارۆدانی ئۆپۆزیسیۆن نییە"

## ئاسۆ کەریم وتەبێژی لیستی کوردستانی بۆ دەستوور

سازدانی: نەجات ئەحمەد

ئاسۆ کەریم وتەبێژی لیستی کوردستانی لەپەرلەمانی کوردستان، لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا، دەڵێت ناکۆکییەکانیان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن ناکۆکی قوڵ نین و هۆکەی کەمئەزموونی کارکردنی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنە پێکەوە.

ئاسۆ کەریم ئاماژە بەوە دەدات کە کار بۆ سەرخستنی کابینەی شەشەم دەکەن، بەڵام چاو لە عەیبو عارەکانی ناپۆشن.

**دەستوور: کارنامەی حکومەت و سیڤی وەزیرەکان پێش چەند سەعاتێك بە متمانەدان بە کابینەی حکومەت درا بە پەرلەمانتاران، لەکاتێکدا دەبوو پێش دە رۆژە ئەوە بکرایە، هۆکارەکەی چی بوو؟**

ئاسۆ کەریم: ئەوە بەم شێوەیە نییە، دوو رۆژ بەر لەو کۆبوونەوەیە، سەرۆکی پەرلەمان دووجار بە پەرلەمانتارانی راگەیاند کە رۆژی چوارشەممە، ١٠/٢٨ کۆبوونەوەی پەرلەمان هەیەو تایبەتە بە پرسی متمانەدان بە کابینەی تازە، بەمانایەکی تر، پەرلەمانتاران دوو رۆژ پێشوەخت دەیانزانی کۆبوونەوە لەبەر چ مەبەستێ دەکرێ، هەرچی سەبارەت بە رەشنووسی کارنامەی حکومەت و سیڤی وەزیرەکانە، ئەوا راستە چەند سەعاتێ پێش دەستپێکردنی کۆبوونەوەکە خرانە بەردەست پەرلەمانتاران، بەڵام لە برگە (٤)ی ماددە (٥٦)ی قانوونی ژمارەی ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و "تەعدیلات"ەکانی ئەو قانوونە، تەنیا نووسراوە: "متمانەبەخشین بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن یان متمانە لێسەندنەوەی"، بەڵام چۆن متمانە دەبەخشرێ، کە داخوا دەبێ کابینە لە هەمان رۆژی متمانەوەرگرتندا، کارنامەی خۆی پێشکەش بکات، یان وەکو ئێوە ئاماژەتان بۆ کردووە (١٠) رۆژ پێشتر سیڤی وەزیرەکانی بە پەرلەمانتاران بدابایە، ئەوە نە لەو قانوونەو نە لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەماندا نەهاتووە، کەواتە ئەگەر دەقێکی یاساییمان نەبوو، دەبێ بۆ "عورف" بگەڕێینەوە، بۆ "عورف"یش پێش هەموو شتێ، دەبێ بزانین پێشتر کابینەکانی حکومەتی هەرێم چۆن سوێندیان خواردووەو چ کراوە، من ناڵێم ئەوە کارێکی تەواوە، بۆیە دەکرێ ئێمە هەم بە قانوونەکە و هەم بەپەیرەوی ناوخۆدا بچینەوە، بەڵام ئەوەی لەو رۆژەدا کرا، کارێکی نا قانوونی نەبووە، بەڵام رەنگە ناتەواوی تێدا بێت.

لە هەندێ وڵاتی تریشدا، مەرج نییە حکومەت لە هەمان رۆژی متمانەوەرگرتندا، کارنامەی خۆی پێشکەش بکات، دواتر لە کۆبوونەوەیەکی تری پەرلەماندا بەرنامەی حکومەت تاوتوێ دەکرێ، بۆ نموونە لە ئەڵمانیا وایە.

**دەستوور: لیستەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەڵێن ئەوە بە ئەنقەستکراوە، بۆ ئەوەی پەرلەمانتاران نەتوانن رەخنە لە وەزیرەکان و کارنامەکەی حکومەت بگرن؟**

ئاسۆ کەریم: لیستەکانی ئۆپۆزیسیۆن ئازادن هەرچی دەڵێن، من رێزم بۆ ئەوان هەیە، هەرچەند من پارێزەری دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان نیم، بەڵام بەپێی تێگەیشتنی خۆم، تا ئێستا دەستەی سەرۆکایەتیی بەگوێرەی قانوون و پەیرەوی ناوخۆو "عورف"ی پەیرەولێکراو کاری خۆیان کردووە، سەبارەت بە کۆبوونەوەکەی ١٠/٢٨ش، دەستەی سەرۆکایەتیی کوردستان، هێندەی من ئاگادارم، پێشتر قسەیان لەگەڵ فراکسیۆنەکان کردبوو کە بوار بە سەرۆکی هەر لیستێکی ناو پەرلەمان دەدرێ چ بە خۆی یان جێگرەکەی چەند دەقیقەیەك بیروبۆچوونی لیستەکەی بخاتەروو، ئاخر لەناو پەرلەمان، نوێنەراپەتی (١٤) پارت و کۆرو کۆمەڵی سیاسی و پێکهاتەی ئایینی و نەتەوەیی تێدایە، لەو کۆبوونەوەیەی کە دکتۆر ئاشتی هەورامی–ش ئامادەبوو، هەر ئاوا بەرێوەچوو، بەمانایەکی تر، بوار هەبوو لەمبارەوە قسە بکرێ، بەڵام بەداخەوە، هەندێ لە پەرلەمانتاران، دەیانویست رەوتی کۆبوونەوەکە بگۆڕن و ئەو رۆژە کابینە پێ رانەگات متمانەی پەرلەمان وەربگرێ، واتە پێشوەخت بەرنامەو ئەجێندای دواخستن و تەگەرەتێخستن هەبووە.

**دەستوور: رایەك هەیە دەڵێن دەسەڵات زیاد لەپێویست لە ئۆپۆزیسیۆن ترساوە، بۆیە پەنا بۆ کاری نایاسایش دەبات؟ رای تۆ چییە؟**

ئاسۆ کەریم : پێموانییە مەسەلە ترس بێت، مەبەست لە دەسەڵات چییە، ئەگەر مەبەست دەسەڵاتی تەنفیزییە، ئەوا مایەی خۆی لە کاری پەرلەمانی ناکات، ئەگەر مەبەست پەرلەمانیش بێت، وەکو دەسەڵاتی یاسادانان، ئەوە ئۆپۆزیسیۆن خۆی بەشێکە لەو سیستەم و دەزگایەو پەرلەمان نوێنەرایەتی هەموو خەڵکی تێدایەو تاپۆی هیچ لایەنێك نییە. ئەگەر مەبەستیش، دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانە، ئەوە بە قسەی لایەنەکانی ناو ئۆپۆزیسیۆن خۆیان، نەك من، ئەوا سەرۆکایەتی بێلایەنەو وەك یەك تەماشای هەموو لیستەکان دەکات بە هەموو رەنگ و جیاوازییەکانیانەوە.

**دەستوور: خەڵك دەڵێت پەرلەمانتاران هێشتا نەیانتوانیوە پێکەوە کاربکەن، خەریکی شەری لابەلان، بەوەش نایانپەرژێتە سەر چاودێری حکومەت و ئاوردانەوە لەکێشەکانی خەڵك؟ پێتوانییە ئەوە کاریگەری لەسەر زیاترکردنی بێ هیوایی خەڵك بە پەرلەمان هەبێت؟**

ئاسۆ کەریم: بۆ بەیەکەوە کار ناکەین، ئەی تا ئێستا چیمان کردووەو چی دەکەین، لەناو هۆڵی پەرلەماندا بەیەکەوەین، لە لیژنەکاندا بەیەکەوەین، خەریکی شەری لابەلاش نین لەگەڵ یەکتردا، جیاوازیمان هەیە لە تەرح و بیروبۆچوون و روئیاو بەرنامەدا، بەڵی، لەهەمانکاتدا، خاڵی ناکۆك و هاوبەشیشمان هەیە، بەڵی، لە پرسە چارەنووسسازەکاندا لەیەکدی نزیکین و تا رادەیەکی زۆر هاوراو هاوهەڵوێستین، نموونەش، دواکۆبوونەوەی ١١/١٥ی پەرلەمانە کە تەرخان بوو بۆ قسەکردن لەسەر یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و دابەشکردنی کورسییەکانی ئەنجومەن بەسەر پارێزگاکاندا، کە تیایدا ناهەقییەکی زۆر لە کورد کراوە، دووەم شت، ئەزموونێکی وامان لەسەر بەیەکەوە کارکردن لەنێوان لیستی زۆرینەو لیستی کەمینەی پەرلەمان، یان دووانەی (دەسەڵات–ئۆپۆزیسیۆن) نییە، حکومەتی تازەش، زۆر نییە دروست بووە، جارێ چاودێری چ دەکرێ، با بزانین حکومەت بەرنامەی چی دەبێت، رەنگە لەو ماوەیەی دادێ، زیاتر لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان، سەبارەت بە هەندێ پرۆژە یاسا بکەونە خۆ، ئەو دەمە گفتوگۆی جدی لەنێوان لیستە جیاوازەکاندا دروستببێ و ئەو بەیەکەوە کارکردنەی مەبەستانە زیاتر رەنگ بداتەوە، لە بیرمان نەچێ، بەشێکی گرنگ لە ئەرکی پەرلەمان، دانانی قانوونە، بەشەکەی تریشی چاودێریی ئەدای حکومەتە، پێموانییە خەڵك لە پەرلەمان نائومێدببێ، چونکە خۆیان دەنگیان پێ داوەو هی خۆیانە، جارێ حوکمی بێهیوابوون لە پەرلەمان زووەو رۆژانی داهاتوو ئەوە ساغ دەبێتەوە کە داخۆ پەرلەمان دەتوانێ، لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی خەڵکدا بێت یان نا؟ ئەوە ئەرکی هەموومانە، بە لیستی حوکمران و لیستەکانی ئۆپۆزیسیۆنیشەوە.

**دەستوور: پەیوەندی لیستی کوردستانی و لیستەکانی تر لەسەر چ بنەمایەکە؟**

ئاسۆ کەریم: ئێمە بە هەموومان نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان دەکەین، هیچ لیستێ ناتوانێ ئیدیعای ئەوە بکات با زۆرینەش بێ کە ئەو بەتەنیا نوێنەرایەتی خەڵك دەکات، لەسەر ئەو بنەمایەش رێز لە بوون و بیروبۆچوون و بەرنامەو پەرلەمانتارانی سەر بە پێکهاتەو لیستەکانی تر دەگرین، ئێمە هەموومان بەیەکەوە شتین، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێم، تەجروبەکە هەم بۆ ئێمە وەکو لیستی کوردستانی و هەم بۆ لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش نوێیە، پێشتر ئەزموونێکمان لەمبارەوە نەبووە، لەبەر ئەوە ماوەیەکی دەوێ تا لەگەڵ یەکتر رادێین.

**دەستوور: تا چەند بوونی ئۆپۆزیسیۆن کاری ئێوە رێکدەخات؟ مەبەستم ئەوەیە تا چەند کاریگەریی لەسەر جۆری کارکردنی ئێوە هەیە؟**

ئاسۆ کەریم: ئێمە وەکو لیستی کوردستانی لەسەر بنەمای کارو کاردانەوە کار ناکەین، ئێمە بەرنامەی خۆمان هەیەو هەوڵ بۆ جێبەجێکردنیان دەدەین، بەڵام وەك گوتم خاڵی هاوبەشیشمان لەگەڵ هەمواندا هەیە لەهەمانکاتدا هەر پرۆژە یاسایەك، یان بۆچوون و پێشنیارو راسپاردەیەکیش کە لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە بخرێتەروو، بەشێوەیەکی ئیجابی وتووێژی لەسەر دەکەین و رای پێشوەختەمان لەمبارەوە نییە، راستییەکی تریش هەیە، کەس کەموکاسی و عەیبی خۆی نابینێ، لەمرووەوە بوونی رکابەری سیاسی قازانجی بۆ تەرەفی بەرانبەر هەیە، ئەوە بۆ هەردوولامان راستە.

**دەستوور: لەپەرلەمانی پێشوو، یەکێتی و پارتی سلیان لە لێپرسینەوە لە وەزیرەکانی یەکتر دەکردەوە بە رادەیەك نەیاندەتوانی بانگی وەزیری یەکتر بکەن ئەگەر بە رێکەوتی پێش وەخت نەبوایە؟ ئایا ئێوە لەگەڵ ئەو قۆناغە چۆن مامەلە دەکەن؟**

ئاسۆ کەریم: ئەم قۆناغە، لەوەی پێشوو جودایە، هیوادارم لەسەر بنەمای ئینتیمای حزبایەتی ئەم یان ئەو وەزیر رەفتار نەکەین، بەڵکو کارو بەرنامەو ئەدای وەزیرو وەزارەتەکەی بکەونە بەر چاودێری و وردبینییەوە، جا ئەو وەزیرە کێ دەبێ با ببێ.

**دەستوور: ئەمجارە ئۆپۆزیسیۆن هەیە، ئێوە خەریکی جوانکردنی حکومەت دەبن؟ مەبەستم چاودێری کردنتان لەکاروباری حکومەت چۆن دەبێت؟ بەو جۆرە کاردەکەن کە ئۆپۆزیسیۆن نەتوانێ دەوری خۆی ببینێ؟**

ئاسۆ کەریم: نایشارینەوە، ئێمە لە لیستی کوردستانی و لیستە بەشداربووەکانی تری حکومەت متمانەماندا بە کابینەی نوێ، هەوڵ بۆ سەرخستنی کابینەکە دەدەین، دەستخۆشی لەکاری رێکوپێك و خزمەتکردنی زیاتر دەکەین، چاو لە کەموکوری و دیاردەی چەوت و نالەبار ناپۆشین، ئێمە کار بۆ "جوان"کردنی حکومەت ناکەین، بەڵام کار بۆ سوك و چرووککردنیشی ناکەین، کار بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە دەکەین کە لە ساتەوەختی هەڵبژاردندا، بانگەشەمان بۆ کرد، لەسەر ئەو بنەمایەش با خەلکی هەڵسەنگاندنی خۆی بکات کە تا چەند ئێمە لەگەڵ خۆمان و لەگەڵ خەڵك و خوادا راستگۆبووین، سەبارەت بە دەوری ئۆپۆزیسیۆنیش ئەوە بە پلەی یەکەم دەکەوێتە سەر رەفتارو ئەداو تێروانینیان بۆ سەر کێشەو پرسەکان، بێ لەوە هەموو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن وەکو یەك نین، جیاوازی لەنێو ئەوانیشدا هەیە، بەڵام ئێمە بەرنامەمان بۆ دەورەدانی ئۆپۆزیسیۆن نییە.

**دەستوور: بە نەدانی سەرۆکی لیژنەی نەزاهە، گۆران وەرگرتنی هەموو سەرۆك لیژنەکانی تری رەتکردۆتەوە؟ ئەمە تا چەند کاریگەری لەسەر کاری پەرلەمان دەبێت لە رووی یاسایی و شەرعیەت بوونی لیژنەکان؟**

ئاسۆ کەریم: ئەو بریارە، بریاری لیستی گۆڕان خۆی بووە کە یان دەبێ سەرۆکایەتیی ٤ لیژنە وەربگرێ، بەمەرجێ یەکێ لە لیژنەکان یان لیژنەی دارایی بێت یان لیژنەی نەزاهە کە رێکنەکەوتووین، ئەوان ئامادەنەبوون هیچ پۆستێکی سەرۆکایەتی لەو لیژنانە وەربگرن، ئێمە رێز لە بریارو خواستی ئەوان دەگرین، هەرچەندە من پێمخۆش بوو وەکو باقی لیستەکانی تر، ئەوانیش سەرکردایەتی چەند لیژنەیەکیان بکردبایە، ئاخر، سازان و تەوافوق لەنێوان چەند لیستێکدا هەر ئەوها دەبێت، مەرج نییە مرۆڤ هەموو شتێکی دەستبکەوێ، لە پاشان سەرۆکایەتی لیژنەی نەزاهە بە پیاوێکی دەستپاکی وەکو دکتۆر رەفیق سابیر سپێردراوە کە راستە لەسەر لیستی کوردستانی بووە بە ئەندامی پەرلەمان، بەڵام پیاوێکی حزبی نییە، من لە جێگەی لیستی گۆڕان بامایە، یەکسەر پشتیوانیم لێدەکردو دەمگوت لە جیاتی لیژنەی نەزاهە، لیژنەیەکی تر وەردەگرم، وەکو گوتم، ئەوە بریاری لیستی گۆڕان خۆیانە. بەڵام خۆ ئەوان لەناو هەر لیژنەیەکدا بوونیان هەیەو کاری خۆیان دەکەن، وەرنەگرتنی هیچ پۆستێکی سەرۆکایەتی لە لیژنەکاندا، کار لەسەر شەرعی بوون و یاسایی بوونی لیژنەکان ناکات، دەنگدان لە لیژنەکاندا، بە زۆرینەو کەمینەیە وەکو لە دابونەریتی دیموکراتی وایە.



ئاسۆ کەریم

فۆتۆ: دەستوور

هەندێ لە پەرلەمانتاران، دەیانویست ئەو رۆژە کابینەی شەشەم پێ رانەگات متمانەی پەرلەمان وەربگرێ، واتە پێشوەخت بەرنامەو ئەجێندای دواخستن و تەگەرەتێخستن هەبووە.

چاو لە کەموکوری و دیاردەی چەوت و نالەبار ناپۆشین، ئێمە کار بۆ جوانکردنی حکومەت ناکەین، بەڵام کار بۆ سوك و چرووککردنیشی ناکەین

ئەو تەجروبەیەی ئێستا بۆ ئێمە وەکو لیستی کوردستانی و بۆ لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش نوێیە، لەبەر ئەوە ماوەیەکی دەوێ تا لەگەڵ یەکتر رادێین

# "ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی کەمتەرخەمن لەلێپرسینەوەی شەهرستانی"

## عەلی حسەین بەلۆ سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز لە پەرلەمانی عێراق بۆ دەستوور

سازدانی : گۆران وەهاب

عەلی حسەین بەلۆ سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەچاوپێکەوتنێکی دەستوور دەڵێت ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی کەمتەرخەم بوون لە مەسەلەی لێپێچینەوە لە حسەین شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراق.

بەلۆ ڕەتیدەکاتەوە ڕێککەوتنی ژێر بەژێر لەنێوان سەرکردایەتی کوردو شەهرستانیدا هەبێت.

بەلۆ ئاماژە بەوەشدەکات هەتا سەرژمێری گشتی نەکرێت لەعێراق، بەردەوام توشی کێشە دەبن لەمەسەلەی ڕێژەی کورد لەعێراقدا.

**دەستوور: حسێن شەهرستانی وەزیری نەوت بانگهێشتی ئەنجومەنی نوێنەرانکرا، ئایا هیچ وەڵامێکی روونی لەبارەی ئەو کێشانەی روبەڕوی وەزارەتی نەوت بۆتەوە دایەوە؟ تاچەند وەڵامەکانی لەئاست پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەراندابوو؟**

عەلی بەلۆ: بەشێوەیەکی گشتی لەو ئاستەدا نەبوو کە جێی ڕەزامەندی ئەندامانی ئامادەبووی ئەنجومەنی نوێنەران بێت، لەبەرئەوە جارێکی تر لەئەنجومەنی نوێنەران هەولێکی تری ئیمزا کۆکردنەوە دەستپێدەکات، داوا لەئەنجوومەنی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران دەکرێت تادانیشتنێکی تایبەت ئەنجامبدرێت بۆ وەرگرتنەوەی متمانە لەشەهرستانی.

**دەستوور: وەك لیستی هاوپەیمانی کوردستان چەند ئەندام ئیمزاتان لەسەر بانگهێشتی شەهرستانی کردبوو تا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت و متمانەی لێوەربگیردرێتەوە؟**

عەلی بەلۆ: لەراستیدا ئەو هەڵمەتی ئیمزا کۆکردنەوەیە لەپێشودا گشتگیر بوو، واتە بەتەنها لیستی هاوپەیمانی کوردستان ئیمزای لەسەر بانگهێشتی شەهرستانی کۆنەکردەوە، لەجاری یەکەمدا ١٣٨ ئیمزا کۆکرایەوە، بەڵام لەجاری دووەمدا ژمارەی ئەو ئەندامانەی ئەنجومەنی نوێنەران ئیمزایان لەسەر کرد بۆ بانگهێشتی شەهرستانی دابەزی بۆ ١١٧ ئیمزا، بەهۆی ئەوەی مەسەلەی لێپێچینەوە لەشەهرستانی کێشەیەکی گشتی عێراق بوو، ئەندامانی سەرجەم لیستەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەران بەشدارییان لەو هەڵمەتی ئیمزا کۆکردنەوەیەداکرد، ٩٠٪ی ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی ئیمزایان بۆ وەرگرتنەوەی متمانەی شەهرستانی کردبوو.

**دەستوور: لەکاتی بانگهێشتی شەهرستانیدا تەنها ٧ ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان ئامادەی دانیشتنەکان بوون بەبیانوی پشوو، نەدەکرا بگەڕێنەوە بەغداو دەستبەرداری پشووەکەبن؟**

عەلی بەلۆ: بەداخەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو ئەندامانەی لیستی هاوپەیمانی گرنگیان بەو مەسەلەیەنەدا، ناتوانم باس لەکەس بکەم، بەڵام ئەوە کەمتەرخەمی برادەرانی ئێمە بوو.

**دەستوور: واتە ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی کە نوێنەری کوردن لەئەنجومەنی نوێنەران کەمتەرخەمبوون؟**

عەلی بەلۆ: بەبۆچوونی من کەمتەرخەمییەکە ئەوەبوو دەبوایە ئامادەبوونایەو گرنگیی تەواویان پێبدایە، چونکە زیاتر لە دوو ساڵە وەك لیستی هاوپەیمانی لەسەر ئەو کێشەیە کاردەکەین، تا کارگەیشتە ئەو ئاستەی داوا لەشەهرستانی بکرێت بێتە ئەنجومەنی نوێنەران بۆ لێپرسینەوە، بەداخەوە لەکاتی لێپرسینەوە لەشەهرستانی لەلایەن لیستی هاوپەیمانییەوە گرنگی ئەوتۆ بەو مەسەلەیە نەدرا، بگرە لیستەکانی تریش بەهەمان شێوەی لیستی هاوپەیمانی گرنگیان بەمەسەلەکە نەدا، زۆربەی ئەو ئەندامانەی لەکاتێکدا ئیمزایان بۆ لێپرسینەوە لەشەهرستانی دەکرد لەکۆبونەوەکەدا ئامادە نەبوون، بەس دەتوانم ئەوەندە بڵێم کە جێی داخە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بەو شێوەیە لەو بابەتە گرنگەیان روانی.

**دەستوور: بەرپرسان و سەرکردایەتی کورد هەمیشە وتویانە شەهرستانی لەسیاسەتی نەوت و بەڕێوەبردنی وەزارەتەکەیدا فاشلبووە، دەڵێن شەهرستانی دژایەتی بێ هۆی سیاسەتی نەوتی هەرێم دەکات، ئەم هەفتەیەش سەرۆکی هەرێم لەبارەگای یەکێتیی ئەوروپا هەمان شتی وتەوە، ئەی بۆچی رازیبون بەو وەڵامانەی لەکاتی لێپرسینەوەیدا لێیکرا، چی لەپشت ئەم مەسەلەیەوەیە، بەتایبەت کە بابەتێکی گرنگ و حەساسی لەو شێوەیە لەئەنجومەنی نوێنەراندا باسی لێوەدەکرێت؟**

عەلی بەلۆ: هیچ کەسێك رازینەبووە، وەك لیستی هاوپەیمانیش رازینەبووین، بەڵکو هەوڵی تریش دەدرێت تا ئیجرائاتی تر لەبەرامبەر شەهرستانیدا بگیردرێتەبەر، لەبەرئەوەی کێشەکەش بەتەنها کێشەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان نەبووە، بەڵکو کێشەی هەموو عێراق بووە، هەمووکەسێکیش بەپێی ئەو ئەرکەی کەوتۆتە ئەستۆی دەبێت تەحەمولی لێپرسراوێتی بکات ئەگەر لەکاتی کۆبونەوەکەدا ئامادە نەبووبێت.

**دەستوور: هەندێك کەس رەخنەتان لێدەگرن و گومانەکەن کە ڕێککەوتن و سەفقەیەکی ژێربەژێر لەنێوان کوردو شەهرستانیدا هەبێت، سەبارەت بەچاوپۆشین لەکارە نایاسایەکانی یەکتر، چۆن دەتوانیت رونیبکەیتەوە هیچ شتێکی وانییە؟**

عەلی بەلۆ: بەراستی ئامادەنەبوونی ئەو ئەندامانە مەسەلەیەکی شەخسی بووە، پێموانییە هیچ ڕێککەوتنێك لەنێوان کوردو شەهرستانیدا هەبێت، بەپێی زانیاری و بەدواداچوونی خۆم بۆ ئەو کێشەیە لەداهاتوودا سەرجەم ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی ئیمزا لەسەر وەرگرتنەوەی متمانە لەشەهرستانی دەکەن.

**دەستوور: بۆ سەندنەوەی متمانە لەشەهرستانی پێویستان بەچەند ئیمزا دەبێت؟**

عەلی بەلۆ: لەسەرەتادا پێویستە لەپەنجا ئەندام کەمتر نەبێت، دوای ئەوەی لەئەنجومەنی نوێنەرانیش دەنگی لەسەردەدرێت پێویستە لەنیوە+١ی ئەو ئەندامانەی بەشداری کۆبونەوەکە دەکەن کەمتر نەبێت و ڕەزامەندی لەسەر وەرگرتنەوەی متمانە لە شەهرستانی بدەن، دواتر شەهرستانی پۆستەکەی لەدەستدەچێت.

**دەستوور: وەك لیستی هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو بەرەیەدان کەدەیانەوێت متمانە لەشەهرستانی وەربگرنەوە، یان پشتیوانی لەمانەوەی شەهرستانی دەکەن، بۆچی؟**

عەلی بەلۆ: بەراستی شەهرستانی بەرامبەر کێشەکەمان وەك کورد زۆر خراپبووە، چونکە شەهرستانی لەعێراقدا تەنها لیستی ڕەشی بەرامبەر ئیسرائیل بەکارنەیهێنا، بەڵکو بەرامبەر بەکوردیش بەکاریهێنا، هەر کۆمپانیایەکی نەوت کە لەگەڵ کورد کاریبکردایە شەهرستانی دەیخستە ناو لیستی ڕەشەوە، دەبێت ئێمە لەوە خۆشنەبین، لەبەرئەوەی مەوقیفێکی سلبی بەرامبەر بەکورد بەکارهێناوە، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی ئەو سیاسەتە نادروستەی کە پەیرەوی دەکات زەرەرێکی زۆری لەسیاسەتی ئابووری عێراقداوە، بۆیە دەبێت سوربین لەسەر لێپرسینەوە لەشەهرستانی.

**دەستوور: بەپێی هەندێك زانیاری کەدەست ئێمەگەیشتووە ئاماژەبەوەدەدەن، ڕێککەوتن لەسەر ئەوە کراوە کورد دژایەتی شەهرستانی نەکات، لەبەرامبەریشدا ئەو بێدەنگبێت لەمەسەلەی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم و پشکی ئەو کۆمپانیانەی لەهەرێم کاردەکەن بدات؟**

عەلی بەلۆ: کات لەوە تێپەڕیوە کە بوار لەبەردەم ئەوەدا بهێڵێتەوە تا شەهرستانی لەسەر ئەو مەسەلانە پاشگەزببێتەوە، ئێمە بەنیازی ئەوەنین لەبەرامبەر ئەو کارەدا لەوەرگرتنەوەی متمانە لەشەهرستانی خۆشبین، بەڵکو بەردەوام دەبین لەهەوڵەکانمان بۆ وەرگرتنەوەی متمانە لێی.

**دەستوور: ئەم چۆڵکردنەی کورد لەبەغد بۆچی دەگەڕێتەوە، ئەگەر بەم شێوەیە بێت ئەوا لەداهاتووشدا ئێوە ناتوانن متمانە لەشەهرستانی وەربگرنەوە؟**

عەلی بەلۆ: ئەوە بارودۆخێکی تایبەت بووە، چونکە لەم ماوەیەدا کێشەیەکی زۆر روبەڕووی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بوویەوە بەهۆی ئەو کێشانەی لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکان هاتەپێشەوە، پێموانیە ئەوە مەسەلەیەك بووبێت کەبەئەنقەست کرابێت و ژێربەژێر شتێکی وەها هەبووبێت، پێموانییە لەکۆبوونەوەکانی داهاتوودا ئەوە دوبارەببێتەوە.

**دەستوور: لەکاتی لێپێچینەوە لەشەهرستانی، وەك لیستی هاوپەیمانی یان ئەندامانی هیچ بەڵگەیەکتان لەلابوو تا شەهرستانی روبەڕووی لێپرسینەوەی زیاترو تێوەگلان بەگەندەڵی تۆمەتبار بکات؟**

عەلی بەلۆ: پێشکەشکردنی دیکۆمێنتەکانیش هیچ پەیوەندی بە لیستی هاوپەیمانییەوە نەبوو، بەڵکو هەموو ئەو دیکۆمێنتانەی لای لیژنەی نەوت بوو، لەلایەن بڕیاردەری لیژنەکەوە خرایە ڕوو، ئەو دیکۆمێنتانەشی خرایەڕوو، بەبڕوای من لەهەر شوێن و وڵاتێك بێت بەسە بۆ ئیدانەکردنی وەزیرێك، وەك مامەڵەکردنی لەگەڵ هەندێك کۆمپانیادا کە پێشتر بەتێوەگلان لەگەندەڵی تۆمەتبارکراون و ناویان لەلیستی ڕەشدابووەو گرێبەستی لەگەڵ ئیمزاکردووەو دابەزینی ڕێژەی بەرهەمێنانی پێکهاتەکانی نەوت، ئەمە هەمووی سەرنەکەوتویی وەزیرە.

**دەستوور: یاسای هەڵبژاردنەکان لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە پەسەندکرا، بەڵام ژمارەی کورسییەکانی کورد تەنها سێ کورسی زیادیکرد، زۆرترین کورسی بۆ پارێزگاکانی تری عێراق بوو، لەکاتێکدا لەهەرێمدا بارودۆخ و لایەنی ئابوری و ئاسایش زۆر باشە بۆ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، بەپێچەوانی پارێزگاکانی ترەوە کە ئاسایش خراپەو تەقینەوەی تێدایە، خەڵك دەکوژرێت و کۆچدەکەن، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

عەلی بەلۆ: ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی بازرگانی، ئەم کێشەیە پەیوەندی بە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە نییە، واتە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران کەمتەرخەمیانکردبێت تا ئەو مەسەلەیە بەسەریاندا تێپەڕیبێت، بەپێی ئەو ژمارانەی لەبەرچاون ڕاستە هەرکەسێك سەیربکات ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە ژمارەی دانیشتوانی کوردستان چەند زیادیکردووە، ئەوە خەلەلێکی زۆری تێدایە، ناتوانم ئەو مەسەلەیەش هەڵبسەنگێنم، لەبەر ئەوەی ئەوە ئیشی وەزارەتی بازرگانی و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانە.

**دەستوور: بەڵام پێتوانییە کورد لەمەدا زەرەرێکی زۆری کردووە؟**

عەلی بەلۆ: ئەوەی رویداوە ئەمری واقع دروستیکردووە، چونکە ئەوە ژمارەیەو دەبێت بەپێی سەرژمێری دیاریبکرێت، بۆیە نازانم چۆن ئەوە حساب بکەم کە کورد زەرەرمەندە، ئەوان دەڵێن پێشتر بەرامبەر بە موسڵ هەڵەهەبووەو سەرژمێری موسڵ ڕاستنەبووە بۆیە دەبێت ماف بۆ دانیشتوانی ئەو شارە بگەڕێتەوە، دەبوایە لایەنی کوردی لەکۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بەدواداچونیان لەسەر ئەو مەسەلەیە بکردایە تابزانن ئەوە تاچەند ڕاستە، بۆ ئەوەی کێشەی تر رونەدات.

**دەستوور: بەڵام لەئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی نوێنەرانیش کوردی لێیەو ئەو یاسایەتان بینیوە، ئەی بۆچی بەو شێوەیە تێپەڕبوو بەسەرتاندا، ئەمانە دوو بەڵگەی ڕون نین بۆ کەمتەرخەمی نوێنەرانی کورد لەبەغدا؟**

عەلی بەلۆ: من وای حساب ناکەم ئەو مەسەلەیە تێپەڕیووە، چونکە سەرژمێری دروست ئەوەیە کاتێك ژمارەیەکی تەواوت لەبەردەستدابێت ناتوانیت بەرەنگاری مەسەلەیەکی وابببیتەوە کەبڵێیت ئەمە هەڵەیە، کاتێك وتت هەڵەیە دەبێت بەسەر ژمێری ورد بیسەلمێنی و بەرگری لەقسەکەت بکەیت، بەراستی لای ئێمە سەرژمێری وانییە تا پاڵپشتی لەراستی قسەکان بکات و بڵێ ئەوە وابووەو ئەوە وانەبووە.

**دەستوور: بەڵام لەکوردستان لقی کۆمپانیای بازرگانی خۆراك هەیەو سەرژمێری وردی ساڵانەی شارەکانی هەرێمیان لایە ئەی بۆچی پشت بەو داتایانە نەبەستراوە تا زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان ڕونبکەنەوە؟**

عەلی بەلۆ: بەپێێ سەرژمێری وەزارەتی بازرگانی و ئەو سەرژمێرییەی ساڵانە لەموازەنەدا قسەی لەسەردەکەین، تا ئێستا کورد لەلای بەغدا جێی نیشانەی ئیستفهامە، دەڵێن ژمارەی کورد هێندە نییە، بەڵکو بەشێوەیەکی زیاد هەژمارکراوە، تائێستاش لەسەر بودجە کێشە هەیە، بەڵام هەموو کێشەکە بۆ نەبوونی سەرژمێری دەگەڕێتەوە، تائێستاش ١٧٪ی هەرێم لەلایەن بەغداوە نیشانەی ئیستفهامی لەسەرەو ئەوان دەڵێن ڕێژەی کورد لە١٤،٦٪ تێناپەڕێت، لەبەر ئەوە نەئێمەو نە ئەوان ناتوانین ئەو سەرژمێریانە بسەلمێنین، بۆیە ئەم هەڵبژاردنەش لەسەر سەرژمێری وەزارەتی بازرگانی دیاریکراوە.



عەلی حسەین

فۆتۆ: نیوزماتیك

> زیاتر لە دوو ساڵە وەک لیستی هاوپەیمانی ئیش لەسەر ئەوە دەکەین شەهرستانی بهێنرێتە پەرلەمان، بەداخەوە لەکاتی لێپرسینەوە لەشەهرستانی لەلایەن لیستی هاوپەیمانییەوە گرنگی ئەوتۆ بەو مەسەلەیە نەدرا

> شەهرستانی لەعێراقدا تەنها لیستی رەشی بەرامبەر ئیسرائیل بەکارنەهێنا بەڵکو بەرامبەر بەکوردیش بەکاریهێنا



لیستی هاوپەیمانی دژی شەهرستانی دەنگی نەبوو

# دەستوور گەندەڵییەکانی وەزارەتی گەشتوگوزار بڵاودەکاتەوە

## سەرپێچی لەخەرجکردنی بودجەدا کراوەو موڵکی گەشتوگوزاری دەوڵەتیش بەپێچەوانەی یاساوە خاوەندارکراوە بۆ کاری بازرگانی

تایبەت بەدەستوور

بەپێی راپۆرتێکی دیوانی چاودێری دارایی کە دەست دەستوور کەوتووە، وەزارەتی گەشتوگوزار لەکابینەی پێنجەم، چەندین سەرپێچی و زیادەرۆیی لەخەرجکردنی بودجەو تەخشان و پەشخانکردنی پارەدا ئەنجامداوە، دیوانی چاودێری داراییش ئەو وەزارەتە لەخاڵە سەرپێچییەکان ئاگادار دەکاتەوە.

### سەرپێچییەکان لەخەرجکردنی بودجەدا

راپۆرتێکی دیوانی چاودێری دارایی کە دەست دەستوور کەوتووە، ئاماژە بەسەرپێچی لەخەرجکردنی بودجەدا دەکات لەلایەن وەزارەتی گەشتوگوزارەوە، بەدەر لەرێنماییەکان، هەروەها دیارنەبوونی وەسڵی کڕین و کەمتەرخەمییەکانی وەزارەت و لیژنەکان و گەندەڵییەکانی تری وەزارەت لەجۆری خەرجکردنی پارەی زیاد.

لەبەشی خەرجکردنی بودجەی ساڵی ٢٠٠٦ی ئەو وەزارەتەدا، دیوانی چاودێری دارایی ئاماژە بەوە دەکات کە بڕێکی زۆر پارە بەبێ رێنماییەکان خەرجکراوەو ئەوەشی بەسەرپێچی لەخەرجکردنی بودجەدا ناوبردووە.

لەلاپەرە چواری راپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی ئاماژە بەوە کراوە کە تێبینیکراوە لەخەرجییەکانی ساڵی ٢٠٠٦دا، گوژمەی ١٣ ٧٢٨ ٠٠٠ خەرجکراوە بۆ (٢) فەرمانبەر کە بەگرێبەست کار دەکەن، دیوانی چاودێری دارایی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو گرێبەستانە هیچ پاساوێکی زانستییانەی نییە، چونکە دەتوانرێت داوا بکرێت لەفەرمانگەکانی تر لەرێگەی بەرزکردنەوە نووسراو بۆ دابینکردنی هەر فەرمانبەرێك بۆ هەر پیشەیەك کە بەژمارەیەکی زۆر هەیە لەفەرمانگەو دەزگاکاندا، بۆیە دیوانی چاودێری دارایی داوا دەکات ئەو گرێبەستانە نوێ نەکرێنەوە.

کاتێك لەکۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٦دا پێشانگایەکی نێودەوڵەتی لەسلێمانی کراوەتەوە، وەزارەتی گەشتوگوزار (٤٢) ملیۆن دیناری بۆ ئەو پێشانگایە خەرجکردووە، بەبێ ئەوەی ئەو بودجەیە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە تەرخانبکرێت، بەڵکو بودجەکە خەرجکراوە لەتەرخانکردنی پارەی رێبەری گەشتەوەری، کە وەك (وەفر) ماوەتەوەو "پێویستە بگەرێتەوە بۆ گەنجینە".

دیوانی چاودێری دارایی ئەوە بەپێشێلکاری لەرێنماییەکانی خەرجکردنی بودجەو سەرپێچییەکی زەق ناودەبات، چونکە ناکرێت بودجەی پرۆژەیەك بگوازرێتەوە بۆ پرۆژەیەکی تر بەبێ رەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری.

هەروەها یەکێك لەسەرپێچییەکانی تری وەزارەتی گەشتوگوزار، لەخەرجکردنی ئەو (٤٢) ملیۆن دینارە ئەوەیە، هیچ جۆرە پسولەیەکی رەسمی بۆ خەرجکردنی ئەو بڕە پارەیە نەکراوەو نییە.

لەبری کرێی دابەزینی میوانانی وەزارەت بۆ یەك شەو، لە ١٩/ ٢٠٠٦/٧ وەزارەتی گەشتوگوزار ٤ ملیۆن و ٦٤٥ هەزار دیناری داوە بەهۆتێلی شیراتۆن کەخەرجکردنی ئەو بڕە پارەیە هیچ پەیوەندی بەمەبەستی رۆژی پێشینەکەوە نییە، چونکە وەزارەتی ناوبراو لە ٧/٣١ نووسراوی ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بۆ تەرخانکردنی ئەو بڕە پارەیە، بەڵام سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەو پارەیەی دابیننەکردووە، بەبیانووی ئەوەی پەیوەندی بەپرۆژەکەوە نییە.

دیوانی چاودێری دارایی لەراپۆرتەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە دەبوو دواتر وەزارەتی گەشتوگوزار وەزارەتی دارایی و ئابووری بەفەرمانی وەزاری ئاگادار بکردایەتەوەو ئامانج و ماوەی سەردانەکەی روونبکردایەتەوە، بەڵام ئەوە نەکراوە، "خەرجکردنی ئەو پارەیە پێچەوانەی رێنماییەکانی وەزارەتە".

وەزارەتی گەشتوگوزار بڕی ١٦٩ ملیۆن و ٥٦٤ هەزار دیناری تەنها بۆ دروستکردن و لەچاپدانی برۆشۆ خەرجکردووە کە دیوانی چاودێری و دارایی چەندین تێبینیان لەبارەی خەرجکردنی ئەو ١٦٩ ملیۆن دینارەوە هەیە.

چاودێری دارایی لەراپۆرتەکەیدا هاتووە "ئەنجامدانی کارەکە لەرێگای وەرگرتنی چەند عروزێك لەچاپخانەکان ئەنجامدراوە کە پێویست بوو بەپێی رێنماییەکانی دارایی لەرێگای کەمکردنەوەی ئاشکرا ئەنجام بدرێت".

هەروەها دیوانی چاودێری دارایی ئاماژە بەوەشدەکات کە دەبوو بۆ لەچاپدانی ئەو ١٣٥ هەزار برۆشۆیە، سەرەتا ٧٥ هەزار دانە چاپ بکرایەو لەپاشان ٦٠ هەزار دانەکەی تر رەزامەندی تایبەتی بۆ وەربگیرایە لەوەزارەتی دارایی کەئەوەش سەرپێچییە لە رێنماییەکان، جگەلەوەی چاودێری دارایی ئاماژە بەوە دەکات کە بەراوردکردنی هەردوو بەروارەکە لە ٢٠٠٦/٦/٢٠ گوژمەکەتان بۆ دابینکراوەو بەرواری جێبەجێکردنی لە ٢٠٠٦/٩/١١ نزیکەی (٣) مانگی بەسەردا تێپەڕبووە هیچ کارێك بۆ مەبەستەکە ئەنجام نەدراوەو دوای نزیکبوونەوەی بەرواری ئەنجامدانی پێشانگایەکی هەولێری نێودەوڵەتی کە لە ٢٠٠٦/٩/١١ دەستیپێکردووە، ئینجا پەلەکراوە لەجێبەجێکردنی کارەکە کەئەوەش بەپێی راپۆرتەکەی دیوانی چاودێری دارایی کاری کردۆتە سەر بەرزبوونەوەی نرخی چاپکردنی برۆشۆکان، کەئەوەش بەرپرساریەتی لەئەستۆی فەرماندەی خەرجە.

دیوانی چاودێری دارایی ئاماژە بەکەمتەرخەمی و نەبوونی شارەزایی کارمەندانی ئەو وەزارەتە دەکات، گومانی خۆشی لەوە نیشاندەدات کە کاتێك ٤٤٧ ملیۆن دینار بەمەبەستی دروستکردنی نەخشەو رێبەری گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان تەرخاندەکرێت، تەنها ٢٣٥ ملیۆن دیناری خەرجدەکرێت و ٢١٢ ملیۆن دیناری لەحسابی بەردەوامی بانکی ژمارە (٤٠/ بانکی ناوەندی هەرێمی کوردستان) مابووەوە.

لەراپۆرتەکەدا هاتووە "بێگومان مانەوەی ئەم گوژمەیە نیشانەی بایەخنەدان و کەمتەرخەمی لیژنەی دەرخستەکانە، یاخود نەبوونی شارەزایی و پسپۆری لیژنەکەیە لەخەملاندنی خەرجییەکان".

راپۆرتەکە ئەوەش دەخاتەروو کە لەکاتی جێبەجێکردنی کارەکان پابەندنەبوون بەبڕگەکانی دەرخستەو نموونەی ئەوەی هێناوەتەوە کە بۆ چاپکردنی نەخشەی کوردستان ٢٠ هەزار دانە دیاریکراوە، بەهەردوو زمانی عەرەبی و کوردی، بەڵام ٤٠ هەزار دانە بۆ هەردوو زمانەکە چاپکراوە، لەهەمانکاتدا بڕیار بووە ١٠ هەزار رێبەری گەشتوگوزار چاپ بکرێت، کەچی ٤٠ هەزار دانە چاپکراوە.

### زەوی گەشتوگوزار بۆ بازرگانی بەکارهێنراوە

دیوانی چاودێری دارایی لەبارەی خاوەنداریکردنی زەوی ٢٩/٢٤ ك وارش ٤٥ کە رووبەرەکەی ٨٠٠٠ هەزار مەتر دووجایەو پرۆژەی نازەمۆڵی لەسەر دروستکراوە، ئاماژە بەوە دەکات کە خاوەنداریکردنی ئەو پارچە زەوییە کە موڵکی دەوڵەتە، لەبنەرەتدا هیچ یاسایی نییە کە بەپێی نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دراوە بەگرێبەست بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ و خاوەنداریکراوە.

لەراپۆرتەکەدا هاتووە "ئەنجامدانی کارەکە لەسەرەتاوە، تاکۆتایی خاوەنداریکردنەکە پێچەوانەی یاسایەو نابێت زەوی گەشتوگوزار بەهیچ شێوەیەك خاوەنداریی بکرێت".

هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات کە لەگەڵ بوونی ئەو سەرپێچییەی ئەنجامدراوە، پێویست بوو کارەکە بەرێگای زیادکردنی ئاشکرا ئەنجامبدرایەو هاتووە "شوێنی زەوییەکە تایبەتە بەگەشتوگوزار، نابێت پرۆژەی بازرگانی لەسەر دروستبکرێت، چونکە هیچ پەیوەندی بەگەشتوگوزارەوە نییە".

هەر لەبارەی زەوییەکانی نازەمۆڵ کە رووبەرەکەی ٨٠٠٠ هەزار مەتر دووجایە، دیوانی چاودێری دارایی ئاماژە بەوەدەکات کە سەرەرای هەموو کەموکورتییەکان، خاوەنداریکردنی ئەو شوێنە بازرگانییە بەو نرخە کەمە هیچ پاساوێکی بۆ نییەو بەپێچەوانەی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵکی دەوڵەتی ژمارە (٣٢ی ساڵی ١٩٨٦).

هەروەها هاتووە "لەکاتێکدا نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئاماژە بەوە دەکات کە خاوەندار بکرێت و رەفتاری لەگەڵدا بکرێت بەپێی یاساو رێنماییەکان، ئەم کارەش بەهیچ شێوەیەك جێگای قبوڵکردن نییە".

### زیادەڕەوییەکان لەپارکی سامی عەبدولرەحمان

دیوانی چاودێری دارایی چەندین کەموکورتی و سەرپێچی لەفەرمانگەی پارکی سامی عەبدولرەحمان خستۆتەروو، وەك کڕینی کەلوپەل و خەرجکردنی بودجەو کەمتەرخەمی فەرمانگەکە، چونکە ٩٤ ملیۆن تەنها بۆ کڕینی کەلوپەلی نێو فەرمانگەکە تەرخانکراوە.

لەراپۆرتەکەدا هاتووە "کڕین و کەلوپەل لەلایەن لیژنەی کڕین کە لەدەرخستەی سەرەکیدایە نەهاتووە، سەرپێچییەکی زەقی رێنماییەکانی داراییەو فەرماندەی خەرج بەرپرسیارە لێی".

بەپێی راپۆرتەکەی دیوانی چاودێری دارایی، ٤ ملیۆن و ٨٠٠ هەزار بۆ بەکرێگرتنی تراکتۆر بۆ کێڵانی دارستانەکان خەرجکراوە، بەنرخی ١٨ هەزار، بۆ هەر کاتژمێرێك لەکارکردن، لەراپۆرتەکەدا هاتووە "بێگومان بەکرێگرتنی ئامێر بەکاتژمێر لەبەرژەوەندی کارەکەدا نییە".

هەروەها هاتووە "٩٤ ملیۆن و ٥٠ هەزار خەرجکراوە بۆ کەلوپەل بۆ ناو فەرمانگە، ئەوەی تێبینیکراوەو یەکێك لەئەندامانی لیژنەی دەرخستە، دووبارە کراوەتەوە بەئەندامی کڕین کەئەوەش سەرپێچییە لەرێنماییەکانی دارایی".



بڕی ٩٤ ملیۆن دینار بۆکەل وپەلی پارکی سامی عەبدولرەحمان تەرخانکراوە کەگومانی تێدایە

فۆتۆ: سایتی وەزارەتی گەشتوگوزار

# سلێمانی.. تەنها دەموچاوەکان دەگۆڕێت

دەستوور لەسلێمانی

وەزارەتی ناوخۆ دەستیکرد بەلابردن و گۆڕینی قایمقامەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی کە بەپێی زانیارییەکانی دەستوور نزیکەی ٨ قایمقام، بەرەو رووی بڕیاری لابردن و گۆڕین بوونەتەوە، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیش رایدەگەیەنێت کە لەم بڕیارانەدا هیچ پرس و رایەك بەوان نەکراوە.

دەستوور زانیویەتی کە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم، لەو گۆڕانکاریانەدا کە بڕیارە لەماوەیەکی نزیکدا ئەنجامی بدات، تەنها "دەموچاوەکان"ی گۆڕیوە، بەوەی زۆرێك لەو گۆڕانکارییانە تەنها گواستنەوەی قایمقامەکانە لەقەزایەکەوە بۆ قەزایەکی تر، لەکاتێکدا وەزارەتی ناوخۆ رایدەگەیەنێت کەگۆڕانکارییەکان ریشەیین.

بەپێی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، پێشنیاری لابردن و گۆڕینی قایمقامەکان و ئەو جۆرە گۆڕانکارییانە لەپارێزگای سلێمانییەوە ئاراستەی ئەنجومەنی پارێزگا دەکرێت و دواتر بەرزدەکرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، بەڵام بەپێچەوانەی ئەو یاسایەوە، لەسنووری پارێزگای سلێمانی وەزارەتی ناوخۆ سەرقاڵی ئەو کارەیە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست دەستوور کەوتووە لەکۆی ١٤ قایمقامی پارێزگای سلێمانی، ٨ قایمقام گۆڕانیان بەسەردا دێت، قایمقامی سەیدسادقیش دەگوازرێتەوە بۆ قایمقامیەتی هەڵەبجەی شەهید.

بەرپرسانی وەزارەتی ناوخۆ ئاماژە بەوە دەدەن کە بەهۆی نەبوونی ئەدای کارکردنی هەندێك لەقایمقام و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەناوچەکەدا، وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم بڕیاری داوە گۆڕانکاری ریشەیی لەرووی گواستنەوەو خانەنشینکردن و لابردنی قایمقامەکانی پارێزگای سلێمانیدا بکەن، بەڵام دەستوور ئەوەی زانیوە کە زۆربەی گۆڕانکارییەکان گواستنەوەی قایمقامەکانە، نەك لابردن و دوورخستنەوەیان.

جەلال کەریم بریکاری وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم بەدەستووری راگەیاند "هەندێك لەو قایمقامانە بەهۆی نەبوونی ئەدای کارکردنیان لەناوچەکەداو پەیوەندی کۆمەڵایەتی کە کاری پێنەکراوە دەیانگوازینەوە".

هەروەها وتی "بەڵام ئەگەر مەسەلەکە گەندەڵی بێت ئەوا بەتەواوی لایدەبەین، وەك قایمقامی هەڵەبجەی شەهید کە قایمقامی سەید سادق ئەرکان حەسەن غەفور شوێنی دەگرێتەوە، چونکە هەڵەبجە شارێکی دێرین و هەستیارەو ئەداو تایبەتمەندی تایبەتی خۆی هەیەو چەند پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی عەشایەری تێدایە".

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور بڕیارە بەڕێوەبەری یەکێك لەناحیەکانی سنووری قەزای سەید سادق بکرێتە، قایمقامی سەیدسادق.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور نەوزاد حەمید قایمقامی چەمچەماڵ دەگوازرێتەوە بۆ ئیدارەی گەرمیان لە کەلارو بەڕێوەبەری ناحیەی شۆڕش دەکرێتە قایمقامی چەمچەماڵ کە لەئێستادا بەڕێوەبەری ناحیەی قەرەهەنجیر بەوەکالەت کاری قایمقامیەتی چەمچەماڵ بەڕێوەدەبات.

شیرین مەحمود ساڵح قایمقامی قەزای قەرەداغ لەلێدوانێکیدا بەدەستووری راگەیاند "وەك ئاگادارم چەندین گۆڕانکاری لەقایمقامەکانی قەزای مەرکەزی سلێمانی، دوکان، هەڵەبجە، پێنجوێن، سەیدسادق، کۆیە، دەربەندیخان دەکرێن، بەڵام تەنها پێشنیارەو تائێستا نەبۆتە بڕیاری رەسمی".

قایمقامی قەرەداغ ئاماژەی بەوەدا کە لەسەرەتادا دەنگۆیەکی زۆر هەبووە بۆ گۆڕینی قایمقامی قەرەداغ، بەڵام وتی "دواتر د.بەرهەم ساڵح جوابی بۆ ناردم نە لادەبرێم و نە دەگوازرێمەوە".

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئاماژە بەوە دەکەن کەئەو گۆڕانکارییانە بەبێ ئاگاداری و پرس و رای ئەوان کراوەو رایدەگەیەنن کەئاگاداری هیچ شتێك نین، ئەوەش بەنایاسایی ناودەبەن.

کاوە عەبدوڵڵا سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "لەلایەن وەزارەتی ناوخۆو پارێزگای سلێمانییەوە، هیچ پرسێکمان پێنەکراوەو ئاگاداری دانان و لابردنی قایمقامەکانیش نین و کەس پرسمان پێناکات".

هەروەها وتی "بەپێی یاسای ئەنجومەنی پارێزگا کەکاری پێناکرێت، دەبێت پێشنیاری ئەو گۆڕانکارییانە لەپارێزگای سلێمانییەوە ئاراستەی ئەنجومەنی پارێزگا بکرێت و دواتر بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەرزبکرێتەوە".

ئاراس ئەحمەد ساڵح بەڕێوەبەری کارگێڕی گشتی پارێزگای سلێمانی بەدەستووری وت "بەشێوەی نوسراو هیچ بڕیارێك لەئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم و وەزارەتی ناوخۆوە نەگەیشتۆتە دەستمان، تەنها بەزارەکی وتراوە کە گۆڕان لەقایمقامەکاندا دەکرێن".

بەڵام جەلال کەریم بریکاری وەزارەتی ناوخۆ وتی "ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بەپارێزگاری سلێمانییەوە نییەو وەزارەت گۆڕانکاری لەسنووری ئیدارەی گەرمیان و سلێمانی و کۆیەدا دەکات، تەنها بڕیاری سەرۆکی هەرێمی ماوە، بۆیە تا ئێستا رامان نەگەیاندووە".



دیمەنێك لەناو پەرلەمانی توركیا

# پرۆژەی کرانەوە لەلایەن پێکهاتەکانی ناو پارلەمانەوە گفتوگۆی لەسەر کرا

## یەکەم هەنگاو بەرەو چارەسەر

ئا: محەمەد عەلی کەمال

پرۆژەی کرانەوەی دیموکراتی کە بەم دواییە ناوەکەی بۆ پرۆژەی پێکەوەیی نەتەوەیی و کرانەوەی دیموکراتی گۆڕرا، رۆژی هەینی رابردوو برایە ناو پارلەمانی تورکیا و لەلایەن پارتی دەسەلاتدار و پارتەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە گفتوگۆی زۆری لەسەر کرا و کاردانەوەی جیاوازی لەبەرامبەر نوێنرا.

ئەو رۆژە کە بەرۆژێکی مێژوویی لەلایەن میدیای تورکییەوە ناوزەند کرا، لە ماوەی شەش کاتژمێر و نیودا پارلەمان بووە شوێنی ئالوگۆڕکردنی چەندین وتەی توند لە نێوان دەتەپە و جەهەپەدا لەسەر ناوی شاری "دەرسیم" هەروەك لە نێوان پارتی دەسەلاتداری ئاکەپە و پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی هەریەك لە جەهەپە و مەهەپە، کە دواجار بە هاتنە دەرەوەی فراکسیۆنی جەهەپە لە هۆلی پارلەمان کۆتایی هات.

### هەنگاوەکانی پرۆسەی کرانەوە

بەشیر ئاتالای وەزیری ناوخۆی تورکیا و بەرپرسی دۆسیەی کرانەوە لە نێو حکومەتدا یەکەم وتەی دانیشتنەکەی پێشکەشکرد و هەنگاوەکانی پرۆسەی کرانەوەی روونکردەوە کە لە نۆ خاڵدا ئاماژەیان بۆکرابوو بریتی بوون لە: بوار بۆ ئەوە دەرەخسێنرێت ناوی ئەو شوێنانەی کە گۆڕراون، بکرێنەوە بە ناوەکانی پێشوویان، مافی پروپاگەندەی سیاسی بە زمان و دیالێکتە جیاوازەکان دەناسێنرێت، یەکێك لە هەنگاوە گرنگەکانی پرۆسەکە دانانی وانەی ئیختیارییە لە زانکۆکاندا بە پێی ناوچە جیاوازەکان، مافی پەخشی بەردەوام بە دیالێکتە جیاوازەکان، هەوڵدان بۆ کەم کردنەوەو سوك کردنی خاڵەکانی پشکنین لە باشووری خۆرهەلاتی تورکیاو هەلگرتنی یاساغ لەسەر ئەو شوێنانەی قەدەغە کراون کاریان بۆ بکرێت، هەلگرتنی ئاستەنگەکانی بەردەم بەکارهێنانی دیالێکتە جیاوازەکان لە ژیانی کۆمەلایەتی هاولاتیاندا، دروستکردنی کۆمسیۆنی بەرەنگاربوونەوەی جیاکاری و ناردنی پرۆژەی یاسای تایبەت بەو بوارە بۆ پارلەمان بەم نزیکانە، خستنە دەنگدانەوەی پرۆتۆکۆلی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەدان کە لە نەتەوەیەکگرتووەکان دەرچووە لە پارلەمانی تورکیادا ، دامەزراندنی کۆمسیۆنێکی نەتەوەیی تایبەت بەو بوارە لو ماوەی سالێکدا، دامەزراندنی کۆمسیۆنێکی سەربەخۆی تایبەت بە سکالاکانی هاولاتیان.

### بەرزکردنەوەی ئاستی دیموکراسی و کۆتایی هێنان بە توندوتیژی

بەشیر ئاتالای ئاماژەی بەو دوو ئامانجە کرد کە پرۆسەکەی لە پێناودا دەست پێکراوە، ئەوانیش بریتین لە بەرزکردنەوەی ئاستی دیموکراتی لە ولاتدا و کۆتایی هێنان بە تیرۆر و توندوتیژی. ئاتالای وتیشی: پێویستە هەموان ئەوە بزانین کە کێشە ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتییەکانمان لە نەبوونی دادپەروەرییەوە سەرچاوە دەگرن،بۆیە ئەم پرۆسەیە کار لەسەر هێنانەدی دادپەروەری دەکات.لە هەوڵداین دروست کردنی ئەو رۆحیەتە لای هاولاتیان کە هەموان یەکسانن و هاولاتی پلە یەکن. وەزیری ناوخۆ ئەوەشی وەبیرهێنایەوە کە دەبێت گۆرانکاری لە دەستوور و یاسا و رێساکاندا بکرێت بەمەبەستی بە دیموکراتیبوون و جێکردنەوەی مافەکانی مرۆڤ چونکە ئەو دەستوورەی ئێستا پێداویستییەکانی هاولاتیان پرناکاتەوە. ئاتالای وتیشی دروشمی کرانەوە بریتییە لە:ئازادی و دیموکراسی زیاتر بۆ هەموان.

### ئەحمەد تورك: گەیشتنی کێشەی کورد بەو ئاستەی ئێستا تاوانی حکومەتە

ئەحمەد تورك هاوسەرۆکی کۆمەڵگەی دیموکرات و گەورەترین پارتی کوردی ناو تورکیا لە وتەکەیدا لە پەرلەمان رایگەیاند: ئەوانەی تالی ئازارەکانی ئەم جەنگەیان نەبینیوە دەتوانن زۆر بە ئیسراحەتەوە لێی بروانن،بەلام کەس مافی ئەوەی نییە ئێمە بخاتەوە نێو ئازارەوە. وتیشی ئەگەر هەولی جدی بە ئاراستەی چارەسەردا بدرێت ئەوا دەتوانرێ لە ماوەی سێ مانگدا چەکەکان بێدەگ بکرێن و پێکدادان کۆتایی پێ بهێنرێ. تورك بە پێویستیشی زانی بۆ گەیشتن بە چارەسەرێك بۆ بنچینەییترین کێشەی ولات کۆمسیۆنێك لەنوێنەری هەموو پارتەکانی پارلەمان پێکبهێنرێت.ئەوەشی نەشاردەوە کە پێویستە حکومەت چیتر لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە کار لەسەر پرۆژەکە نەکات و رادەستی پارلەمانی بکات، چونکە کێشەکە کێشەی ئەوانە و هەر ئەوانیش دەتوانن چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە. ئەحمەد تورك هاتنە ئارای کێشەی کورد و گەورەبوونی و قولبوونەوەیی و گەیشتن بەو رادەیەی کە ببێتە کێشەیەکی چارەسەرنەکراو، هەموو تاوانەکەی خستە ئەستۆی حکومەت و بەستییەوە بە هەلەکانی حکومەتەوە. وتیشی: کەسانێك چەندین سال بەناوی پاراستنی یەکێتی و یەکپارچەیی ولاتەوە ،دژایەتی کێشەی کوردیان کرد و بەم دۆخەی ئێستایان گەیاند. هاوسەرۆکی دەتەپە راشیگەیاند: بەهۆی ئەوەی بە توندو تیژی وەلامی کێشەکان دراوەتەوە و هۆکاری کاردانەوەکان بە باشی شینەکراوەتەوە،رێگای چارەسەری دیموکراتییانەی بۆ نەگیراوەتەبەر و ئەگەر بەو جۆرە بکرایە ئێستا باسمان لە چل هەزار قوربانی و هەزاران قوربانی دیکە نەدەکرد کە بکەرەکانیان دیارنییە.رووبەرووی کارەساتی زیندانی کردنی سەدەها منال نەدەبووینەوە کە لەبەر بەرد هاویشتن فرێ دراونەتە زیندانەوە. سەبارەت بەو بانگەشانەی کە میللەتی کورد لە تورکیا هاولاتی پلە یەکن و کێشەیان نییە،بەلکو ئەمە دەستێکی دەرەکیی لەپشتەوەیە، ئەحمەد تورك وتی: بۆ ساتێك بیر لەوە بکەنەوە کەسێك بێت و بلێت زمانێك بەناوی زمانی تورکی لەسەر گۆی زەوی بوونی نییە و هەر بە زۆر پەروەردەی منالەکانتان بە زمانێك بێت کە کوردییە و تەنانەت وشەیەکی لێ نازانن، ئایا خۆتان بە هاولاتی پلە یەك دەزانن و هەست بە یەکسانی دەکەن؟. ئا ئەمەیە کە تەنها بە بیرکردنەوە لێی مووی لەشتان بەرز دەبێتەوە و تورە دەن، ئێمە چەندین سالە لەگەل ئەم تراژیدیایەدا دەژین. ئێمە هیچ نەبێت بۆ پاراستنی شەرەفی خۆمان لەدژی ئەم سیاسەتانە دەوەستینەوە. لە کۆتایی وتەکانیدا ئەحمەد تورك رایگەیاند ئەمە کێشەی نێوان دوو میللەتی وەك کورد و تورك نییە،بەلکو ئەمە بەرەنگاربوونەوە سیاسەتی تواندنەوە و نکولی لێکردنە.

### دەولەت باخچەلی: بەدبەختترین رۆژی پارلەمانە

دەولەت باخچەلی سەرۆکی پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرستی تورکیا کە پارتێکی ئۆپۆزسیۆنی ناو تورکیایە، سێیەمین کەس بوو کە وتەی پێشکەشی ئامادەبووان کرد و رەخنەی توندی لە پارتی دەسەلاتدار گرت و رایگەیاند: ئەمرۆ بەد بەختترین رۆژی تەمەنی ٨٩ سالەی پارلەمانی تورکیایە،چونکە ئەو پرۆژەیە تێیدا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.بۆ یەکەم جارە کە لەسەر دەستی حکومەت چەند مۆدێلێکی دابەشکردنی ولات دەبینین. ئەمرۆ گفتوگۆ لەسەر چۆنێتی دابەشکردنی تورکیا دەکەین. وتیشی: لە سالی ٢٠٠٢دا پەکەکە هێزی نەمابوو،بەلام بە گرتنە دەستی دەسەلات لەلایەن پارتی داد و گەشەپێدانەوە پەکەکە هێزی تێگەرایەوە. ئێستاش دوای ٧ سال گەیشتۆتەئەو خالەی خۆی تەسلیمی پەکەکە بکات. قۆناغی بەرەنگاربوونەوە تێرۆر کۆتایی هات و ئێستا قۆناغی دانوستان دەستی پێکردووە.هەر لە سەرەتاشەوە ئاکەپە پێ بە پێی خواستەکانی پەکەکە هەنگاوی هەلهێناوە.هەر لەبەر ئەمەشە کە پرۆسەی کرانەوە هەلە و ناتەواوە. لە درێژەی وتەکانیشیدا وتی: ئەم ولاتە لە هەزار سال پێش ئێستاوە خاوەنی خۆی دۆزیوەتەوە، کە نەتەوەی تورکە. مەزهەبمان هەرچییەك و دایکمان ناوی هەرشتێك بێت ئێمە هەر تورکین. ئێرە تورکیایە و ئەوەشی کە لەسەری دەژی تورکە.

### دەنیز بایکال:حکومەت و پەکەکە پێکەوە کاردەکەن

دەنیز بایکال سەرۆکی گەورەترین پارتی ئۆپۆزسیۆنی ناو پارلەمان کە جەهەپەیە،لەدوای دەولەت باخچەلییەوە وتەیەکی پێشکەشکرد و دانیشتنەکەی بە مێژوویی وەسفکرد، هەروەك رایگەیاند حکومەت لەگەل پەکەکەدا لە پەیوەندی راستەخۆدان و جیا لەوەش لەگەل عەبدولا ئۆجالاندا لە دوورگەی ئیمرالی کۆدەبنەوە.





وتیشی: کۆبوونەوەکە لەبەر ئەوە مێژووییە چونکە لە سالی ١٩٢٠وە تا ئێستا یەکەم جارە حکومەت بە پێچەوانەی پرۆژەی نەتەوەیییەوە کاردەکات و دەیەوێت ناسنامەی نەتەوەیی ولات بشێوێنێ، هەر بۆیەش بەدەستی خۆی ئەم پرۆژەیەی هێناوەتە پارلەمان. دەنیز بایکال بە ئاماژەکردن بۆ وتەکانی هەریەك لە عەبدولا گیول و رەجەب تەییب ئەردۆگان و بەشیر ئاتالای سەرنجی پارلەمانتارانی بۆ ئەوە راکێشا کە دەسەلات دەیەوێ پرۆژەکە بە نهێنی و لەپشت دەرگا داخراوەکانەوە بەرێوە بەرێت و بۆ ئەوەش زۆرترین هەولی داوە.راشیگەیاند ئەو کارانەی حکومەت نیازی وایە بیانکات سنور و کۆتاییان نییە و پرۆسەکە کۆتاییەکەی کراوەیە،بۆیە جێگەی هەموو شتێکی تێدا دەکەنەوە. بایکال راشیگەیاند: دەبێت لە بەرامبەر تێرۆردا بوەستینەوە،نەك گفتوگۆیان لەگەلدا بکەین.بۆ ئەوەش کە بەرەنگاربوونەوەی تێرۆر بەردەوام بێت پێویست دەکات گفتوگۆکانیان لەگەلدا رابگرین.

لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا ئاماژەی بەوەکرد کە پارتەکەی ئەوان لە سالی ١٩٩١دا داوای دەرکردنی یاسایەکی لەلایەن پارلەمانەوە کردووە بۆ هەلگرتنی ئاستەنگەکانی بەردەم زمانی کوردی،داواکەش ئیمزای دەنیز بایکالی بەسەرەوە بووە ،چونکە قسەکردنی بە زمانی خۆیان بە مافێکی سەرەتایی کوردەکانی زانیوە.

### ئەردۆگان: هەموان کێشەیان هەیە بە کورد و تورك و عەلەوی و پێکهاتەکانی دیکەشەوە

رەجەب تەییب ئەردۆکان لە وتەکەیدا لە پارلەمان رایگەیاند : پێکهاتەکانی تورکیا بە تورك و کورد و رۆم و عەلەوی و هەموو ئەوانی دیکەشەوە کێشەیان هەیە. ئەردۆگان کە هەر لەسەرەتای وتەکەیەوە بەرەورووی کۆمەلێکی زۆر وتەی توند و نارەزایی ئۆپۆزسیۆنەکان بۆیەوە، بەلام ئەو لەسەر وتەکانی خۆی بەردەوام بوو، وتی:ئێمە دەمانەوێ لەرێگەی بەرزکردنەوەی ستانداردەکانی دیموکراسی و ماف و ئازادییە بنچینەییەکانەوە چارەسەریان بکەین. لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئەردۆگان روودەکاتە ئۆپۆزسیۆن و پێیان دەلێت ئەوەی ئێوە نەتانتوانی بیکەن ئێمە دەیکەین، مەبەستی چارەسەری کێشەی کورد و پرۆژەی کرانەوەیە. لە درێژەی وتەکانیدا ئەردۆگان لە پارلەمانتارەکان دەپرسێت کە ئایا گوندی هیچ یەکێکیان بە زۆر چۆلکراوە یان کوری کەسیان کوژراوە؟ وتیشی ئەو رووداو و رەشەکوژییانەی کە لە دەرسیم روویانداوە، ئەنجامدەرانی سزای خۆیان وەرنەگرتووە.ئەو کەسانەشی کە بەردەوام باسی پارچە پارچەکردنی ولات و خیانەت کردن دەکەن نە دەزانن نەتەوەپەرستی چییە و نە نیشتمانپەروەریش. ئەردۆگان راشیگەیاند لە کۆتایی ئەم کرانەوەیەدا دەرگاکانی موزایەدە دادەخرێن.چونکە کەسانێك هەن بە خوێنی سەربازە کوژراوەکان و تەرمەکانیانەوە موزایەدە دەکەن، سروشتیشە کە ئەمانە دژی ئەم پرۆسەیە بن. تا ئاستێك هەندێکیان پێیان خۆشە ژمارەی سەربازە کوژراوەکان زیاتر بێت بۆ ئەوەی زیاتر هاوار بکەن. دوای ئەم وتەیەی ئەردۆگان بایکال و پارلەمانتارانی پارتەکەی هۆلی پارلەمانیان جێهێشت و ئەردۆگانیش مالئاوایی لێکردن و رایگەیاند: ئەگەر ئێوە لێرە نەبن ئێمە دەتوانین باشتر قسەکانمان بکەین.

# کرانەوەی PKK ، کرانەوەی کورد

ئۆراڵ چاڵشلار رۆژنامەی رادیکاڵ
و/لە تورکیەوە, کامەران ئەحمەد حەمەد

دەنیز بایکاڵ سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری (CHP) رایگەیاندووە کە ئەو کرانەوەیەی حکومەتەکەی پارتی داد و گەشەسەندن دەستی پێکردووە کرانەوەی PKKیە کە دەبوو کرانەوەی کورد بووایە . بەبۆچونی ئەو حکومەت مامەلەی لەگەل PKK و ئۆجەلان کردووە . بە بڕوای بایکاڵ PKK دەبێت بێ هیچ مەرجێك چەکفرێبدات, ئەگەرنا دەولەت ناچارە درێژە بدات بە هەمان هێلە کوشتارگەرییەکەی لە سالی ١٩٣٨ دا لە دەرسیم ئەنجامی دا. ئەو هێلەی ئۆنور ئۆیمەنی جێگری بایکاڵ زوو زوو پێی لەسەر دادەگرێت و هێشتا هەر داکۆکی لێدەکات. ئەمە بیرۆکەی سەرەکی ووتەکانی بایکال بوو لە پارلەمان.

هەر لە سەرەتاوە مشتومرەکان لەسەر مەسەلەی چارەسەری کێشەی کورددا لە نێوان دوو رێگەدا کە کامیان پەسەند بکرێت چربۆتەوە. رێگەی یەکەم, لەسەر بنەمای ئەوەیە کە مەسەلەکە وەك مەسەلەیەکی سەربازی تەماشا بکرێت و هەول بۆ دۆزینەوەی هیچ چارەسەرێکی دیکە نەدرێت. رێگەی دووەمیش ئەوەیە کە مەسەلەکە بە کێشەیەکی دیموکراسی و ناسنامە,نەك کێشەی ئاسایش دەبینێت و بەگوێرەی ئەمەش جێبەجێ کردنی سیاسەتی گونجاو هەلدەبژێرێت.

لەو کاتەوەی PKK لە ١٩٨٤ دا پەلاماری ناوچەی (ئەرو)ی دا ,هێلی (سەرکوتیکە و دەمکوتیکە)ی دەولەت لەمەسەلەی کورددا رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر بالادەست دەبوو. بێگومان رەگی ئەم هێلە بۆ زۆر پێش سالی ١٩٨٤ درێژبۆتەوە, تەنانەت نابێت بێئاگابین لەوەی مێژوویەکی نزیکەی سەد سالەی هەیە. بەدرێژایی سەردەمی کۆماری هەر داوایەکی رەوای کوردەکان بەتوندوتیژی و بێبەزەییانە سەرکوت کراوە. لە رێگەی نیشتەجێکردنی زۆرەملەوە لە شوێن و مەملەکەتی خۆیان دەرکراون و هەولی پاکتاوکردنیان دراوە. مێژوی نزیکمان لەم روانگەیەوە مێژویەکی بێبەزەیی و زولمە لە کورد.

دەسپێکردنی شەری چەکداری لەلایەن PKK ەوە, سەرلەنوێ سیاسەتی تەقلیدیی سەرکوتکردنی لەلایەن دەولەتەوە بوژاندەوە.

کاتێك تورکیا رووبەرووی درێژترین و خوێناویترین راپەرینی مێژووی بووەوە، راگواستن و رێ و شوێنەکانی پاکتاوکردن زیاتر پەرەی پێدرا. گوندو شارۆچکەکان بە کۆمەل راگوێزران. کۆمەلکوژی ئەنجامدرا، بەلام سەردەمەکە گۆراوە. ئەمجارەیان سەرکوتکردنی یاخیبونەکانی کوردو لە ناوبردنیان مەحال بووە.

بایەکە بە پێچەوانەوە هەلیکرد. کوردەکان لە باکوری عێراق ئیدارەیەکی خۆبەرێوە بردنیان دامەزراند. بوون بە خاوەنی زانکۆو پەرلەمانی خۆیان. سیاسەتی "لەناوبردنی پەکەکە بەرێگەچارەی سەربازی نەگەیشتە ئامانج.

نوێنەرانی سیاسەتی نکۆلی کردن و لەناوبردن هێشتا لەژێر کاریگەریەکانی دنیای رابردوو هەلسوکەوت دەکەن و وای لێکدەدەنەوە کە داواکاری " دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ" بۆ ئێمە فەنتازیاوکەمالیاتە. ئەو خالەی ناشیانەوێت لێی تێبگەن ئەوەیە کە لەجیهاندا خواستەکانی کورد دەنگی داوەتەوە. لە جیهاندا هاوبۆچونێك هەیە لەمەسەلەی ئەوەی رووداوەکە تەنیا کێشەی تیرۆر نییە. ولاتێك کەئەندامێتی لە یەکێتی ئەوروپای کردبێتە ئامانج، کاتێك نکولی لە بوونی ناسنامەی ئەتنیکی بکات مەحالە ئەو رێگایە ببرێ. تورکیا لە رووی ئابووری و کۆمەلایەتییەوە گەشە دەکات. "نەرێتی دەولەتی ستەمکار" چیدی سەرکەتونابێت لەبەربەرەکانی ئەم گۆران وگەشەکردنە. کۆمەلگەش بێزار بووە لە "نەریتی کۆدەتاچێتی" و خواستی خۆیان بۆ رزگاربوون لە هەموو کۆسپەکانی بەردەمیان دەردەبرن.

هەم پارتی دادو گەشەسەندن بە کاریگەری ئەم بای گۆرانە هاتە ئاراوە , هەم ئەم بای گۆرانەش لەژێر کاریگەری AKP دا خێراتربوو.

ئەو ناوەندە توندوتیژی و بێ یاساییەی بەهۆی بنبەستی کێشەی کوردەوە سەری هەلدابوو,گرنگترین خۆراکی هێزە میلیتاریەکانی بەردەم گۆران و بەرەو پێشچون بووە. (AKP) لەوە تێگەیشتوە کە بۆئەوەی تورکیا بتوانێت لەسەر رێگەی یەکێتی ئەوروپا بەرەو پێش بچێت و رژێمی فرە حیزبی مسۆگەر بکات , دەبێت ئەو زەمینەی توندوتیژیە لەناو بەرێت. کرانەوەی کوردیش وەك بەرهەمێکی ئەو تێگەیشتنە سەری هەلدا . لەپێشینەترین هەنگاو کە پێویستە لەرێگەی چارەسەردا بهاویژرێت, بێدەنگکردنی چەکە.

وەك لەسەرەوە باسمان کرد دوو رێگە باسی لێوە دەکرێت. یەکەم رێگە " رێگەی سەربازی" بوو کە باجەکەی زۆر قورس و مایەپوچ بوو). ئێستاش رێگەی دووەم تاقی دەکرێتەوە , ئەویش هێنانەخوارەوەی ئەوانەیە کە لە سەر چیاکانن لەرێگەی قەناعەت پێکردنەوە...

ئەکتەری سیاسی کە زۆر بەتوندی دژی ئەم رێگەیە دەوەستێتەوە , ئەگەر هەیە دەنیز بایکال بێت. دەسبەرداری ئەو رێگەیە نابێت کە مایەپوچ دەرچوو. بەهەرحال درك بەوە ناکات کە سوربوونی لەسەر ئەم رێگەیە گەورەترین هۆکاربووە بۆ نەمانی متمانەی سەربازەکان. ناترسێت لەوەی متمانەی بەخۆشی لەدەست بدات. سوربوون لەسەر ئەم رێگەیە پێویستی بەوەیە دەولەتی یاسا ناچار بکات و مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی بەنەبوو بزانێت.ئەو رێو وشوێنانە لەزۆر مەسەلە و بەشێوازی جیاجیا تاقی کراونەتەوە و بێگومان هیچ بەرهەمێکی ئیجابیشی لێنەکەوتۆتەوە.ئەوەی جێگەی گالتەجاریە, ئەو کەسەی سورە لەسەر درێژەدان بەو جۆرە رێوشوێنە خۆی بەسەرکردەی پارتێکی چەپ دەناسێنێت. بەرگریکردن لە بۆچونەکانی دژ بە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ کە لەلایەن بەشێکی زۆری سیاسەتمەدارە راسترەوەکانی وولاتانی ئەوروپاوە تەنانەت بیریشی لێنەکراوەتەوە, لەلایەن دەنیزبایکالەوە بەشێوەیەکی توند بەرگری لێدەکرێت.

ئەگەرچی ئەم هێلەی لەرابردوودا بالادەست بوو ,بالا دەستیەکەی لەدەست داوە , هێشتا هەر ماوەتەوە و لەناونەچووە. بایکال بە هیچ جۆرێك نایەوێت لەو هێلە دورکەوێتەوە. بەهەموو ووزەیەکیەوە لەسەر هێلی "نکولی کردن و لەناوبردن" پێدادەگرێت. ئۆنور ئۆیمەن زۆر جوان ئەم هەلوێستەی کورتکردۆتەوە.." با دایکان بگرین, چەکەکان تەقەبکەن و چارەسەر بەرهەم نەیەت". کرانەوەی کورد سەرباری ئەوەی کێشەیەکی ناسنامەیە , کێشەیەکی مێژووشە. (CHP), یەکێکە لەسەرو هەموو ئەوانەی بەرپرسیارن بەرامبەر بەو مێژووە.... هەلبەتە هەروا لە خۆرایی نیە بەم جۆرە قسە دەکەن.

# چۆن سێبەری سوپا بە سەر وڵاتدا فراوانتر دەبێ؟

ن : موجتەبا سەمیع نژاد
و : رەحمان ئەمیری

کۆمپانیای "توسعەی اعتماد مبین" سەر بە سوپای پاسداران بە کرینی ٥١ لە سەدی کۆمپانیای پەیوەندی تەلەفونی ئێران لە حکومەت، ئەوەی دەرخست چۆن ساباتی ئەم هێزە سەربازییە بالی بە سەر ژیانی ئابووری و سیاسی خەلکی ئێران کێشاوە تاکو ئیدی کەس گومان نەکا هێزێك کە لە سەرکوتکردنی خەلکی ئێران مەزنترین رۆڵ دەگێرێ، خەیالگەلێکی مەزنتر لە مێشکی خۆی پەروەردە دەکات.

لێرەدا فراوانبوونی دەسەلاتی سوپا بۆ گەیشتن بە هەرەمی دەسەلات بە کورتی ئاماژە پێدەدەین.

بوونی سوپای پاسداران لە چالاکپیە ئابوورییەکان لە گرنگترین هەوالەکانی ماوەی پێشووی ئێران بوو، هێزێك سەرەرای گێرانی رۆلی سەرکوتکردنی خەلکی لە نارەزایەتییەکانی دوای هەلبژاردنەکان و پشتیوانی لە حکومەتی ئەحمەدی نەژاد، بوو بە هێزی یەکەمی ئابووری و بالی بە سەر ئابووری ئێراندا کێشاوە، بە جۆرێك کە بە "ئابووری سێبەر" ناوی دەبردرێ، سوپای پاسداران لە سەرەتای شۆرش بە فەرمانی خومەینی دامەزرا، ئامانج لە دامەزراندنی ئەم ناوەندە سەربازییە پاراستنی "کۆماری ئیسلامی ئێران" بوو، بەلام پاش کۆتایی شەری هەشت سالە ئەم ناوەندە سەربازییە بەرە بەرە خۆی خزاندە بەشی ئابووری ولات و بوو بە هێزێکی ریدانەری ئابووری و هەنووکە دەتوانین بلێین دەسەلاتی یەکەمی ئابووری ئێرانە و لەم مەیدانەشدا تەنانەت لە حکومەتیش گەورەترە.

### دەسپێك و بوارەکانی چالاکی ئابووری سوپا

لە سالەکانی سەرەتای شەری هەشت سالە، بە هۆی بە دەستەوە گرتنی پرۆژەگەلی بەنداو، رێگاو بان و گواستنەوە بە تایبەت دوای کۆتایی شەر و بە هۆی پاشماوەی ئەو کەرەستانەی شەر و پشتیوانی بەربلاوی حکومەت، بەردەوام ئەم ناوەندە رکابەری سەرەکی کەرتی تایبەت بووە، بەو حالەش چالاکییە ئابوورییەکانی سوپا لە سەرەتای کۆتایی شەر پتر ئاوەدانکردنەوە بوو بە کەلك وەگرتن لە پاشماوەی کەرەستەکانی شەر، پتر رۆلی ئاوەدانکردنەوەی دەگێرا، بەلام ئەم رۆلە بەرە بەرە گۆرانی بە سەردا هات و هەنووکە پەلوپۆی بۆ بەشەکانی دیکە هاوێشتووە، بە جۆرێك هەر لە کۆمپانیاکانی سەر بە سوپا بگرە، تاکو بەرهەمهێنانی فیلم و بەخێوکردنی مێش هەنگوین، دانی نوێنەرایەتی بە کۆمپانیا بیانییەکان، دروستکردنی رێگاو بان و بەنداو ... بەر چاو دەکەوێ.

ئێستا کۆمپانیاکانی سەر بە پیشەسازی سەربازی سوپای پاسداران جۆرەها کەرەستەی کارەبایی، وەك کۆمپیوتەر، مۆبایل، سیم–کارت ... لە سەرانسەری ئێران دەفرۆشن.

### کۆمپانیاو ناوەندەکانی ئابووری سوپای پاسداران

چالاکییە ئابوورییەکانی سوپای پاسداران بە پێکهێنانی ناوەندگەلی نۆژەنکردنەوەی ناسراو بە "قرب" لە سوپادا و دامەزراندنی سەنتەرگەلی دیکە بە ناونیشانی جیاواز دەستپێکرد، کۆمپانیای بیناسازی "قرب" کە بەرێوەبەرەکەی فەرماندەی سوپای پاسداران محەمەد عەلی جەعفەرییە، یەکێکە لە سەرمایەدارەکانی ئێران، جیا لە رێگاو بان و بیناسازی لە بواری پیشەسازی و کانزا، جوتیاری و پلان دارێژیش چالاك دەکا، ناوەندی "قرب" لەم سالانەی دواییدا سەدان گرێبەستی گرنگی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی رێگاو بان، بەنداو، سیستمگەلی ئاودێری، گاز و نەوت، تونێل... واژۆ کردووە و زۆربەیان کۆتاییان پێهاتوە یان لە قۆناغی جێبەجێکردندان، زۆربەی ئەم گرێبەستانە لە سەردەمی کابینەی نۆیەمدا واژۆ کران، ئەگەر چی ناوی ئەو کۆمپانیاو دامەزراوانەی سەر بە ئۆرگانی سوپان ئامارێکی وردی رێژەی چالاکییەکانی لە بەردەستدا نییە، بەلام زانیارییە فەرمییەکان دەریدەخەن بۆ وێنە کۆمپانیای سەرمایەگوزاری "میهری ئابووری ئێرانی" کە یەکێك لە ناوەندەکانی سەر بە سوپا، تاکو ئێستاش بەشێك لە پشکی "فولادی مبارکە" و "ایرالکو" و "تراکتۆرسازی تبریز" و "صدرا" و "تکنوتاز" و "داروسازی جابرین حیان" و چەند کۆمپانیای دیکەی کریوە، رۆلی بەربلاوی ناوەندی "خاتم الانبیا" و کۆمپانیاکانی سەر بەم دەزگایەو چالاکییە ئابووریەکانی بۆ کەس شاراوە نییە، ئەو ناوەندە ماوەیەکی کورت دوای دروستبوونی ناوەندی "قرب" هاتە ئاراوە، کۆمپانیاکانی "رزمندگان" و "رزمجو" لە یەکەمین کۆمپانیاکانی ژێر کونترۆلی ئەم ناوەندە بوون کە لە لایەن سوپای پاسداران بەرێوەدەچوون، پێش کرینی چواریەکی پشکی کۆمپانیای پەیوەندی تەلەفونی کە گەورەترین مامەلەی مێژوویی بۆرسەی ولات و مەزنترین چالاکی ئابووری سوپایە، کۆمپانیای خاتم الانبیا، ٥٧ لە سەدی پشکی کۆمپانیای کەشتی سازی بە نرخی ٩٠ ملیار تمەن کریبوو. کۆمپانیای "توسعه اعتماد مبین" یەکێکی دیکەیە لە کۆمپانیاکانی سەر بە سوپا کە تێکەلاوێکە لە دوو کۆمپانیای سەرمایەگوزاری (توسعەاعتماد و شهریان مهستان)ە، کۆمپانیای "اعتماد مبین" سەر بە سوپای پاسداران کە رکابەری ناوخۆیی لە گەل دامەزراوەی "مهر اقتصاد ایرانیان" سەر بە باسیج، توانی لە گەورەترین مامەلەی مێژوویی بۆرسەی ئێران، پشکی ٥١ لە سەدی بەکۆمپانیای پەیوەندی تەلەفونی ئێران هەتا سی خولەك پێش دەستپێکردنی کابینەی نوێ بکرێت، کشانەوەی لە ناکاو و گوماناوی کۆمپانیای "پیشگامان کویر یزد" یەکێك لە سێ داواکارە پەسندکراوەکان بە هۆگەلێك کە بە "تەناهی" لە قەلەم درا کە بووە هۆی ئەوەی گەورەترین رکەبەری مێژوویی بۆرسەی ئێران ببێت بە رکابەرییەکی ناوخۆیی و کۆمپانیای "توسعه اعتماد مبین" بتوانێ ٢٢ میلیار و ٩٣٦ ملیۆن و٨٢٧ هەزار و پشکەکانی کۆمپانیای پەیوەندی تەلەفونی بە نرخی ٧٧ هەزار و٩٨٥ ملیار ریال بکرێت کە دەکاتە ٧,٨ ملیار دولار.

### گرێبەستەکان و چالاکییە ئابوورییەکانی سوپا

چالاکییە ئابوورییەکانی سوپای پاسداران لە هەندێك کاتدا ئالۆزی و هەراو هۆریای لی کەوتۆتەوە، دەست بە سەرداگرتنی فرۆکەخانەی کەرەج لەو نمونانەیە، بە جۆرێ کە وەزیری ئیتلاعاتی سەردەمی خاتەمی هەوالی دۆزینەوەی "پانزە ملیار تمەن کەل و پەلی قاچاغ لە فرۆکەخانەی پەیام"ی بلاوکردەوە، دۆسیەی قاچاغی فرۆکەخانەی ئیمام کە بریاربوو دوای سالێك بدرێتە دادگا، بەلام تا ئێستاش هەوالێك لە بارەی ئەم دوسیەیەوە بلاونەبۆتەوە، فرۆکەخانەی پەیام لە کەرەج لە بنەرەتدا فرۆکەخانەیەکی پۆستەی سەر بە سوپای پاسدارانە کە هیچ گومرگێکی لە سەر نییە، رۆژنامەکانی "ایران" و "شرق" کە لە سالی ٢٠٠٢ بە بلاوکردنەوەی راپۆرتگەلێك ئاشکرایان کرد کە دوو هەزار تەن لە بەرهەمە بازرگانییەکان لە حەبی ڤیاگراوە بگرە تاکو کەرەستە کارەباییەکان لەلایەن کۆمپانیای فرۆکەوانی پەیام کە سەر بە وەزارەتی رێگاو بانە، هاوردەی ئێران کراوە لەم راپۆرتەدا هاتوە رۆژانە چوار فرینی قاچاغ لەفرۆکەخانەی پەیام ئەنجام دەدرێ کە تەنانەت لەرۆژانی هەینی دوو بەرابەر دەبێت، کێشەی مەزنی دیکەی چالاکی ئابووری سوپا گرێبەستی گەورەی هێلی لوولەی حەوتەمی گازی عەسەلویە، پلانی پەرەدان بە غازەکانی ١٥و١٦ی گۆرەپانی پارسی باشووری بە بری ٢ ملیار و پێنج سەد ملیار دۆلارە کە راستەوخۆ لەگەل کۆمپانیای "خاتەم الانبیا" واژۆ کرا، بەشداری سوپا لە بەندەرە نایاساییەکانی ولات و هاوردە کردنی کەلوپەلی قاچاغ بۆ ئێران بەجۆرێکە رەخنەگران ناوی "اسکلەی نامرئی"یان لی ناوە، مەهدی کەروبی لە دوای خولی هەشتەمی سەرۆك کۆماری ئێران بە ئاماژە بەرۆلی سوپا لە هەلبژاردنەکان وتی "ئێمە پارەمان لە ئیسکلە نامەرئییەکانمان نەبوو، پارەی قاچاغمان نەبوو، بەلام لایەنگرانی من گیانی خۆیان بەخت کردووە، ئێمە ماوەیەکی زۆر ئازارمان کێشا و لە دوو یا سێ بەرەدا شەرمانکرد تاکو هەلبژاردنێکی شەرافەتمەندانەمان هەبێ".

لە هەمان کاتدا راوێژکاری کەروبی، محەمەد عەلی مەشفەق، پەنجەی تاوانی خۆی بۆ لای "شەست ئیسکەلەی شاراوەی بەبێ چاودێری گومرگ" درێژکرد و وتی "شەست لە سەدی بەرهەمەکانی هەناردە لەم ئیسکلە شاراوانە دێتە ئێرانەوە".

یەکێکی دیکە لە چالاکییەکانی ئەم ناوەندە سەربازییە، بە دەستەوە گرتنی فرۆکەخانەی خومەینییە لە باشووری تاران، کۆمپانیای "توسعه اعتماد مبین" پشکەکانی کۆمپانیای پەیوەندی تەلەفونی لە کاتێدا کری تەنیا رۆژێك پێش گرێبەستەکە، رکابەرەکەی گروپی "پیشگامان کویر یزد" بە هۆی نەبوونی "مەرجی ئەمنییەتی" لەلایەن ناوەندی کەرتی تایبەتەوە بۆ ئەم رکەبەرییە وەلا نرا، مەسەلەیەك کە بەرێوەبەرانی پیشگامانی کویری یزد لەم پەیوەندییەدا رایانگەیاند "ئەم کۆمپانیایە بەخواستی خۆی لەم کێبرکێیە نەچۆتە دەر و لە رێگای یاسایاوە بەدواداچوون بۆ ئەم دۆسیەیە دەکا"

### حکومەتی ئەحمەدی نەژاد لە خزمەتی سوپا

بە شێوەی گشتی لە کاتی هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نەژاد، چالاکییە ئابوورییەکانی سوپای پاسداران، زیاتر لە هەموو کاتێك پەرەی سەندووە، لە قۆناغی یەکەمی دەسەلاتداریی ئەحمەدی نەژاد فەرماندەکانی سوپا گەیشتنە ئاستی پۆستەکانی وەزارەت، دیارە ئێستا ئەم بابەتە لەم قۆناغە زیاتر هەستی پێدەکرێت، زۆر کەس سەرکەوتنی ئەحمەدی نەژاد لە خولی نۆیەم و دەیەم بە سەرکەوتنی سوپا دەزانن و پێیان وایە دەستوەردانی سوپا لە دەرەنجامەکانی هەلبژاردنەکان و سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران زیاتر بە هۆی چالاکییە ئابوورییەکانی ئەم ئۆرگانە سیستمیە، ئێستا سوپا گرێبەستێکی بەبری ١٥ ملیار دولاری لەگەل پیشەی نەوتی ئێران واژۆ کردووە.

### زیان بە کەرتی تایبەت

بە باوەری کارناسان، بوونی سوپا لە چالاکییە ئابوورییەکان و رکابەرایەتی لەگەل کەرتی تایبەت لە کاتێکدا بە سەرنجدان بە کەرستەکان و پشتیوانی رێژەیی حکومی دەستێکی بالایان هەیە کە بووە هۆی پێکهاتنی کۆمەلێك کێشەی ناوخۆیی بۆ کەرتی تایبەت، نەسرولا تۆرابی نوێنەری پەرلەمان لەمبارەیەوە دەلێت "مەبەست لە دانانی کەرتی تایبەت لە ولات، پێدانی بەرێوەبەرایەتییە بە کەرتی تایبەتە نەك بە حکومەت، یان کۆمپانیاگەلی وەك "سازمان تامین اجتماعی، بازنشستگی، سوپای پاسداران..."

کارناسان لەو بروایەدان ئەم گۆرانکارییە لە سەرمایەداری وەك فرۆشتنی پشکەکانی کۆمپانیای پەیوەندی تەلەفونی، لە راستیدا شتێك جیا لە گۆرانکاری لە بەرێوەبەری حکومی نییە کە هەلبەتە بە بەشداری سوپا روویەکی سیستمی بە خۆوە گرتووە.

### بانکداری سوپا

جیا لە دەستبەسەراگرتنی لانیکەم ٦٠ ئیسکلەی نایاسایی لە باشووری ولات کە زۆرترین کەل وپەلی قاچاغ لەوێوە دێتە ولات.

دەتوانین ئاماژە بە گرێبەستە نایاساییەکان لە بانکەکان کەنیگەرانییێکی زۆری لای بانکی ناوەند دروستکردووە، بکەین، شورای دراوی ئێران سەرقالی تاوتوێ کردنی بەرنامەو کاری بانکی "انصار"ە کە دیارە ئەمە یەکەمین بانکی سەر بە سوپای پاسدارانە کە بەم زووانە کارەکانی خۆی لە چوارچێوەی بانکێك دەست پێدەکات، بانکی ئەنسار بیست سال پێش ئێستا کارەکانی خۆی لە ژێر ناوی سندوقی "قرص الحسنه انصار المجاهدین" دەستپێکرد و لە کابینەی نۆیەم بوو بە دامەزراوەیەکی مالی، هەروەها دامەزراوەی مالی "مهر" سەر بە باسیج ئامادەیە بچێتە چوارچێوەی بانکەوە، ئەم دامەزراوەیە ناوی سندوقی"قرص الحسنه بسیجیان"ە کە ناوی خۆی بۆ دامەزراوەی مالی مهر گۆریوە.

### سوپا و ئابلۆقەکان

سوپای پاسداران و کۆمپانیاکانی سەر بەم دەزگایە تا ئێستا چەندین جار لەلایەن ئەمریکاوە ئابلوقەیان خراوەتە سەر، ئەمریکا سالی رابردوو سوپای پاسدارانی بە دروستکردنی چەکە کۆمەلکوژەکان و پشتیوانی لە تیرۆریزم تۆمەتبار کرد و ژمارەیەك لەو بانکانەی کە لە خزمەتی سوپا یان بەرنامە ناوکییەکاندان، خستە ناو لیستی ئابلوقەوە، لەگەل هەموو ئەمانەدا ئێستا سوپا بۆتە ناوەندێکی مەزنی بازرگانی کە لە دەرەوەی یاساکانی ولات کار دەکات و هیچ رکەبەرێك لە گۆرەپانی ئابووری لە ولات نابینێ.

# کۆبوونەوەکەی جنێڤ،

# کۆماری ئیسلامیو حیزبە کوردییەکانی رۆژهەلات کۆدەکاتەوە

هیوا سەلیمی. دەستوور

هەفتەی رابردوو لەسەر بانگهێشتی رێکخراوی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان، کۆنفرانسی "کەمینەکانو بەشداری سیاسی" بەبەشداری نوێنەرانی کورد، بەلوچ، تورك، عەرەبو تورکمانی ئێرانو هەروەها سەرجەم نەتەوە بێدەولەتەکانی جیهان، نوێنەرانی فەرمیی ولاتانی ئەندام لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەوانە کۆماری ئیسلامی ئێران، نوێنەرانی یەکێتیی ئەورووپا، رێکخراوی یونسێفو نوێنەرانی کەمینە ئایینییەکان، لە شاری جنێڤ بەرێوەچوو.

حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو کۆمەلەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی ئێران بە نوینەرایەتی کۆمەلگای کوردی لە رۆژهەلات، لەم کۆنفرانسەدا وتاری خۆیان پێشکەش کرد، لەبەرامبەردا نوێنەری کۆماری ئیسلامیش ناوەرۆکی وتاری نوێنەرانی کەمینە نەتەوەییو ئاینییەکانی ئێرانی بەدرۆخستەوە.

نوێنەرانی هەریەك لە نەتەوەکانی کورد، تورك، عەرەب، بەلوچو تورکمانی ئێرانی، پرسی نەتەوەکانی خۆیان لە رێگەی وتارخوێندنەوە، پێشکەش بە بەشداربووان کردو نوێنەری کۆماری ئیسلامیش لەبەرامبەر ناوەرۆکی وتاری کەمینەکانی ئێرانو تەنانەت بەشداریی ئەوان، نارەزایەتی خۆی ئاراستەی بەرێوەبەرانی کۆنفرانسەکە کرد.

بەپێی راپۆرتێکی مالپەری ئێران پرێس، نوێنەری ئێران لەهەمبەر تاوانبارکردنی کۆماری ئیسلامی بە سەرکوتکردنی کەمینەکان لە ئێران، روو لە بەرپرسی کۆنفرانسەکە دەکاتو دەلێت کە نەدەبوو رێگە بەم کەسانە بدرایە کە بەشداری بکەنو ئەم کەسانە نوێنەرانی نەتەوەکانی خۆیان نین، دکتۆر عەبدولستار دوشۆکی نوێنەری لایەنی بەلوچەکان لە کۆنفرانسەکە لە لێدوانێکی تایبەت بۆ رۆژنامەی دەستوور هەوالی نارەزایەتی نوێنەری کۆماری ئیسلامی پشتراستکردەوەو رایگەیاند کە نوێنەری کۆماری ئیسلامی لە درێژەی نارەزایەتییەکانی، تەنانەت کوردەکانو بەلوچەکانی بە ئاژاوەنانەوەو توندوتیژی تۆمەتبارکردو بارودۆخی ئێرانی بۆ کەمینەکان بە شیاو وەسفکرد.

لەم کۆنفرانسەدا وتاری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن نوێنەری ئەو حیزبە، عادل ئەلیاسیو وتاری کۆمەلەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە لایەن ناهید بەهمەنی خوێندرایەوە، دەربارەی گرنگی ئەم کۆنفرانسەو کاریگەرییەکانی لەسەر پرسی کورد لە کوردستانی رۆژهەلات، خالید حسێن زادە یەکێك لە ئەندامانی بەشداربووی وەفدی کورد لەم کۆنفرانسە بە دەستووری وت "ئامانجی کۆنفرانسەکە، بەرگرتن بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤەو ئەگەر کورد چالاکانەتر بەشداری لە کۆبوونەوەی لەمشێوە بکات، دەتوانێ پلەو پایەیەکی زیاتر بۆ خۆی دەستەبەر بکاتو پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان دەتوانێ دەنگدانەوەیەکی زیاتری هەبێت، ئەم دەنگدانەوەیەش خۆی لەخۆیدا دەتوانێ گوشارێکی زیاتر بۆ دەسەلاتدارانی ئەو ولاتانەی کە کورد تێیدا دەژین، دروستبکات."

لە دەستپێکی کرانەوەی کۆنفرانسەکەدا "باربارا لی" لە ئەندامانی کۆنگرێسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وەك بەرپرسی کۆنفرانسەکە هەلبژێردراو دواتر کۆنفرانس، مافی بەشداریکردنی سیاسیی کەمینە نەتەوەییەکانی لە دیاریکردنی سیاسەتی ولاتەکانیانی کردە تەوەری سەرەکی کۆنفرانسەکە.

"باربارا لی" ئەم کۆبوونەوەی بە دیدارێکی مێژوویی وەسفکردو رایگەیاند کە نوێنەرانی ئەو نەتەوانەی کە لە بەشداریکردنی سیاسی بێبەشکراون، رێبەرانێکی مەزنن، لێکدانەوەو دۆزینەوەی رێگەچارەکانی چارەسەرکردنی کێشەی کەمینەکان لە ولاتە جیاجیاکانو ئەزموونی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە چەندین ولاتی جیهان، وەك بەرنامەکانی کۆنفرانسە راگەیەندراو لەسەر ئەم پرسە بە دەیان وتارو بابەت خوێندرانەوە.

زەمینە مێژووییەکانی ئەم کۆنفراسە بۆ ١٧ سال لەمەوپێشو بۆ پەسندکردنی مافی تاکەکانی سەر بە کەمینە نەتەوەیی، ئایینیو زمانییەکان لەلایەن ئەنجومەنی گشتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەگەرێتەوە، کۆنفرانسەکەی هەفتەی رابوردوو، دووەمین کۆبوونەوەی رێکخراوی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکانە دەربارەی ئەم پرسەو یەکەمین کۆبوونەوە لە دیسەمبەری ٢٠٠٨ بەرێوەچوو.


جنێف: کۆنفراسی کەمینەکان و بەشداری سیاسی
فۆتۆ: دەستوور

# "ڕەوتی لە سێدارەدان لە ئێران روو لە گەشەسەندنە"

ن: ڕەحمان ئەمیری

لە ماوەی سێ دەیەی رابوردووی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی گەلێك ڕووداو و کارەساتی جۆربەجۆر بەرۆکی بە خەڵکی ئێران گرتووە، دیارە ئەگەر بمانەوێ لە سەر هەرکام لەو ڕووداوو کارەساتانە کە لە سایەی کۆماری ئیسلامی هاتۆتە گۆڕێ، بنووسرێ، نەك بە بابەت و چەند بابەت بەڵکو دەبێ بە چەندین پەرتووك قسەی لە سەر بکرێت، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم ڕژێمە لەوکاتەوەی بەدەسەڵات گەیشتووە هەموو پێوەرە نێونەتەوەییەکان کە لە جارنامەی مافی مروڤدا ئاماژەی پێدراوە و تەنانەت خودی ڕژێمەکەش بەشێکی زۆری لەویاسا و پێوەرانە واژۆ کردووە و بەڵێنی دەروەست بوونی بە کۆمەڵگای جیهانی داوە، لەوانە ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و لەسێدارەنەدانی منداڵانی خوار ١٨ ساڵی، ئەم ڕژێمە تۆتالیتاریزمە ئایینییە بە بێگوێدان بە ڕەخنەو نارەزایەتییەکانی کۆڕ و ناوەندە جیهانییەکان بەردەوام درێژەی بە لە سێدارەدانی هاووڵاتیانی داوە و بەگشتی لەسێدارەدانی کردۆتە بەشێك لەدەزگای ترس و تۆقاندن.

ڕەوتی لەسێدارەدان لە ماوەی سێ دەیەی رابوردوودا و لە پاش بە دەستەوەگرتنی جڵەوی دەسەڵات لەلایەن ئاخوندەکان هەر لەرۆژەکانی سەرەتاوە دەستی پێکردو سەرەتا بە لەسێدارەدانی بە کۆمەڵی سەدان و بگرە هەزاران کەس لە پاشماوەکانی ڕژێمی پێشوو کە بەشێکی زۆریان تەنانەت بەڵێنی ئەوەیان پێدرابوو کە گیانیان پارێزراو دەبێت، کەچی کاروانی لەسێدارەدان هەر لە سەرەتاوە زۆر بێبەزەییانە بە لە سێدارەدان و گوللەبارانی ئەو خەڵکانە بە خێرایی دەستپێکرد، پاشان نۆبە (سەرە) گەیشتە نارەزایانی دەسەڵاتی نوێ بە جۆرێك لەسێدارەدانی ئەندامان و لایەنگرانی هێزو لایەنی جۆربەجۆری نەتەوەیی و ئایینیی بە شێوەکی بێوێنە پەرەی سەند کە لەسێدارەدانی بە کۆمەڵی هاوینی ١٩٨٨ بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری ئەو ڕاستییەیە کە لە ماوەیەکی کورتدا پتر لە پێنج هەزار مرۆڤ لە زیندانەکانی ڕژێم لەسێدارەدران کە لە مێژووی ئێراندا بێ وێنەیە، ئاستی ئەم کارەساتە بە جۆرێك بوو تەنانەت جێنشینی خومەینی واتە ئایەتوڵڵا مونتەزریش دەنگی نارەزایەتی هەڵبری کە ئەم نارەزایەتییە دەرخەرێ قوڵی کارەساتەکەیە، هەرچەندە لە ماوەی دەسەڵاتداری ریفۆرمخوازان ڕێژەی لە سێدارەدانی هاووڵاتیانی تارادەیەك کەمتر ببوو، بەڵام لە کاتی بە دەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن پاوانخوازان لەسێدارەدانی چالاکوانە سیاسی و مەدەنییەکان بە بیانووگەلی جۆراوجۆر زیاتر تاوی سەند بەجۆرێك لەساڵی ٢٠٠٦و لەسەردەمی یەکەم خولی دەسەڵاتداریی ئەحمەدی نەژاد، ١٧٧ کەس لەسێدارەدران و لە ساڵی ٢٠٠٧ ئەو ڕێژەیە گەیشتە ٣١٧ کەس و ساڵی ٢٠٠٨ ژمارەی لەسێدارەدراوان گەیشتە ٣٤٦ کەس، ئەوەی جێی سەرنجە لەماوەی دەست بەکاربوونی خولی دووەمی سەرۆك کۆماری ئەحمەدی نەژاد کە نزیکەی چەند مانگێکە، زیاتر لە١١٥ هاووڵاتی ئێرانی لەسێدارەدراون کە دواییینیان چالاکوانێکی کورد بوو بەناوی ئیحسان فاتیحیان، بەداخەوە هەرچەندە ڕێکخراوگەلی مافی مرۆڤ وەك (ئەمەنیستی ئەنتەر ناشیونال) و (هیومان رایتس) و چەندین ناوەندی دیکەی مافی مرۆڤ داوایان لەکۆماری ئیسلامی ئێران کردووە چیدیکە درێژە بە لەسێدارەدانی هاووڵاتیانی ئێرانی بەبیانوگەلی جۆراوجۆر نەدات، کەچی ئەم دەسەڵاتە سەرەڕۆیە بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێوەرە جیهانی و مرۆیی و تەنانەت ئاینییەکانیش بەشێوەیەکی بێ وێنە دەستی کردووە بەلەسێدارەدانی چالاکوانە سیاسی و مەدەنییەکان کە بەداخەوە ڕێژەی لەسێدارەدان لەئێران لەدوو دەیەی رابوردوو ڕێژەیەکی بێ وێنەی بەخۆوە بینیوە کە لەئاستی جیهانیدا پلەی دووەمی هەیە.

# شێرکۆ مەعاریفی، لە چاوەڕوانیی لە سێدارەداندا

دەستوور

تەنها چەند رۆژێك دوای لە سێدارەدانی ئیحسان فەتاحیانی تەمەن ٢٧ ساڵە، داکۆکیکەران لە مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنی، نیگەرانی لە سێدارەدانی شێرکۆی مەعاریفین.

شێرکۆ زیندانییەکی تری کوردە کە کەم تا زۆر بە هەمان ئەو تۆمەتانە تاوانبارە کە ئیحسانی پێ تۆمەتبارکرابوو کە ئەویش ئەندامێتییە لە یەکێك لە گروپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دژ بە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران، شێرکۆ بە وتەی باوکی کە بۆ رادیۆ فەردا قسەی کردوە، ئەندامی کۆمەڵە بووە، بەڵام پەیوەندیکردنی بە کۆمەڵەوە بەناچاری بووەو لە کاتێکدا بۆ کار دۆزینەوە رووی لە باشووری کوردستان کردووە، بە قسەی پارێزەرەکەشی کۆمەڵە دەمێکە دەستی لە شەڕی چەکداریی هەڵگرتووە.

شێرکۆ مەعاریفی ساڵی رابوردوو لە شاری سەقز دەستگیرکرا لە نامەیەکدا کە دایك و باوکی شێرکۆ نووسیویانە، دەڵێن: ئێمە پێمانوایە گەر شێرکۆ کارێکی دژ بە یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئەنجامداوە، بە هەمان ئەو یاسایانەش دەکرێت لێی خۆش بن و دووبارە ژیانی پێ ببەخشنەوە.

ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیش لە بەیاننامەیەکدا داوا لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەکات کە ڕێگە بگرن لە لەسێدارەدانی شێرکۆی مەعاریفی و حەبیبوڵڵای لەتیفی.

لەکاتێکدا دەوترێت چەندین زیندانی کورد لە سەرەی لە سێدارەداندا راگیراون، نیگەرانییەکان زیاتر رووی لە نزیك بوونەوەی وادەی لە سێدارەدانی شێرکۆ دایە.


لەئێستادا ئێران بەپلەی دووەم دێت لەرێژەی لەسێدارەدان لەجیهان.

ڕێکخراوی نێونەتەوەیی داکۆکیکردن لەمافی مرۆڤ و ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ "لەئێران" لەبڵاوکراوەکانی خۆیاندا دەڵێن: ئەم حکومەتە جارجار وەکو بەهانەیەك دژ بەلایەنە سیاسییەکانی ئێران و بەتایبەت بەرامبەر بەو کەسانەی کە ئەندامی گروپی نەتەوەکانی تری ئێرانن، دەست دەداتە ئەم کارە تۆقێنەرە.

لەم رووەوە عەبدولکەریمی لاهیجی، جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ماف مرۆڤ لە لێدوانێکدا سەبارەت بەم لەسێدارەدانانە بۆ رادیۆ فەردا دەڵێت: لە ڕێگەی ڕێکخراوی ماف مرۆڤەوە لە کوردستان، تێگەیشتین کە ئەو لاوە سەرەتا سزای ١٠ ساڵی بەسەردا دراوە بە تاوانی ئەندام بوون لە کۆمەڵەدا، بەڵام دواتر و پاش پێداچوونەوە بە سزاکەیدا، بڕیاری لە سێدارەدانی درا.

ئەمەش لای ئێمە زۆر سەیرو سەمەرە بوو، بەتایبەت کە زۆرتر پێداچونەوە فەرمانی دادگا ئاسانتر دەکات، ئەوەشمانزانی ئەم کورە گەنجە لە زینداندا ئەشکەنجەیەکی زۆر دراوە و نەیویستوە بێتە بەردەمی شاشەکانی تەلەفزیۆن و لە ئەندامێتی خۆی پەشیمان بێتەوە و کۆمەڵە مەحکوم بکات، واتە لە راستیدا گۆڕینی سزاکەی زیاتر بەهۆی هاوکاریی نەکردنی دەسەڵاتەوە بووە، ئێمە بەیاننامەیەکمان دەرکرد و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تریش بە هەمان شێوە، لە ماوەی سێ رۆژدا کەسانێکی زۆر ئامادەکراو داوا لە کۆماری ئیسلامی کرا کە ئەو بڕیارە لانیکەم هەڵپەسێرێ و ئەنجامی نەدا، بەڵام بەداخەوە لە شاری سنە لەسێدارە دراو وەك باویشە تەرمەکەی نەدرایەوە بە کەس و کارەکەی و خۆیان تەرمەکەیان لە گۆرنا، ئێستا ئێمە گومانێکمان نەماوە کە ئیحسان لە سێدارە نەدراوە، بەڵکو لە ژێر ئەشکەنجەدا کوژراوە و دواتر بانگەوازیان کرد کە لە سێدارە ئەدرێت، تا بتوانن شوێنەواری ئەشکەنجەکانی لە خەڵك بشارنەوە و تەرمەکەیان نەدایەوە، تەنها بە سزای لەسێدارەدان ویستیان ئەو تاوانەیان دژ بە مرۆڤایەتی بشارنەوە.

لێرەشەوە نیگەرانییەکی زۆرمان سەبارەت بە زیندانییەکانی تر لادروست بووە، بەتایبەت کە دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا (محەمەد سدیقی کەبودوەند) نزیکەی دوو ساڵە لە زینداندایە تەنها لەسەر ئەوەی ڕێکخراوی بۆ مافەکانی مرۆڤ دامەزراندووە.


عەبدولکریمی لاهیجی

# نامەی دایک و باوک و کەس وکاری شێرکۆ مەعاریفی بۆ ڕێکخراو و دەزگاکانی مافی مرۆڤ


شێرکۆ مەعاریفی

## شێرکۆی مەعاریفی لە مەترسی لەسێدارەداندایە

ئەمە هەواڵێکە کە چەند رۆژێکە لەلایەن دەزگا جۆراو جۆرەکانەوە بڵاوبۆتەوە و نیگەرانییەکانی بنەماڵەی ئێمەی چەند بەرانبەر کردووە.

دیسانەوە سەبارەت بە چەند هەواڵێك کە بە ئێمە گەیشتوە، کاربەدەستانی بەندیخانەی سەقز لە رۆژی پێنج شەممەوە شێرکۆیان گواستۆتەوە بۆ زیندانێکی تاکەکەسی، بەمەبەستی لە سێدارەدان، بۆیە ئێمە بەم هەواڵەو چەند هەواڵێکی تر وەك مانەوەی تیپی لە سێدارەدان لە سنە و سەفەری نزیکی سەرۆکی گشتی دادی پارێزگای کوردستان بۆ سەقز، ئەوە دەردەخەن کە هەموو ڕووداوەکان دەستیان داوەتە دەست یەك تا شێرکۆ بگەیەننە پەتی سێدارە.

لەسەر ئەو بنەمایە و لەبەر رۆشنایی ئەوەی زۆرینەی پارێزەرە لێهاتووەکانی ئێران هاوران لەسەری، شێرکۆ تەنها بە گوناهی لایەنگیری لە حیزبێك تاوانبارکراوە کە چەندین ساڵە دەستی لە خەباتی چەکداریی دژ بە کۆماری ئیسلامی هەڵگرتووە و چۆتە قۆناغی راگەیاندن و کلتورییەوە، فەرمانی لە سێدارەدانەکەشی لە دادگایەکی چەند دەقیقەییدا بە ئەنجام گەیەندراوە، گەرچی لەلایەن پارێزەرەکەی شێرکۆوە داوای دوبارە دادگایی کردنەوەی بۆ کرا، بەڵام دەرەنجامی نەبوو، بەڵکو لەوە خراپتریش دادگای باڵای وڵاتیش بڕیارەکەی وەك خۆی سەلماند.

بۆیە ئێمە وەك خێزان و بنەماڵەو ناسیاوانی شێرکۆ، لە تەواوی پێکهاتە نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤ داواکارین تا لە چوارچێوەی بەرگریی لە مافە سەرەتاییەکانی زیندانێکی سیاسی، سەبارەت بە لەسێدارەدانی شێرکۆی مەعاریفی لەگەڵ حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بکەونە گفتوگۆ و لێپرسراوانی ئەم دەوڵەتە کە خۆی بە لایەنگری مەزهەب دەزانێت بگەیەننە ئەو باوەرەی بڕیاری ئەو لەسێدارەدانە ئەنجام نەدرێت، ئێمە پێمانوایە ئەگەر شێرکۆ کارێکی ئەنجام داوە کە بە یاساکانی کۆماری ئیسلامی بە تاوان لەقەڵەم ئەدرێت، بەپێی هەمان ئەو یاسایانە دەتوانرێت هەلێکی بدرێتێ، هەلی دووبارە بۆ بوون و ژیان.

لە کۆتاییدا کە لەسێدارەدان بەپێی یاساکانی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا، تۆڵەیەکە کە دادگا بۆ تاوانبارێکی دەبرێتەوە، لە کاتێکدا کە بەخشندەیی لە تایبەتمەندییە بەرجەستەکانی ئایینە ئاسمانییەکانە بەتایبەت ئاینی ئیسلام، ئێمە چاوەڕوانین کە گەنج و لاوانی ئەم ئاو و خاکە لەسەر بنەمای هەمان ئەو میهرەبانییە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێت، ئایا ئەمە چاوەڕوانییەکی زۆرە لە دایك و باوکێکی دڵشکاوەوە؟

# داخوازی ١٠٩ دامەزراوەی مافی مرۆڤ بۆ ئیدانەکردنی (پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ) لە ئێران

زیاتر لە ١٠٠ دامەزراوەی پەیوەندیدار بەمافی مرۆڤ لە سەرتاسەری جیهاندا، نامەیەکیان ئاراستەی نوێنەرایەتی و وەزارەتەکانی دەرەوەی وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان کرد و تیایدا داوایانکردوە کە پشتیوانی لە بڕیاری کۆمەڵەی گشتی بکەن سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا.

لەسەر بنەمای هەواڵی (کەمپینی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ لەئێران)، ١٠٩ دامەزراوەو ڕێکخراوی سەربەخۆی پەیوەندیدار بەمافەکانی مرۆڤ و چالاك لە بواری کۆمەڵگای مەدەنی لەسەرتاسەری جیهان، رۆژی ٢٠ی مانگی ئاب، نامەیەکیان ئاراستەی نوێنەرایەتیو وەزارەتەکانی دەرەوەی وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کردووەو تیایدا ئاماژە بە پێشێلکردنی بەردەوامی مافی مرۆڤ کراوە لە ئێراندا، بەتایبەتی لە دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆمارەوە، داوایان لەو وڵاتانە کردوە کە داوا لە کۆماری ئیسلامی ئێران بکەن کە لە چوارچێوەی یاساکانی مافی مرۆڤدا، رێز لە مافی هاووڵاتیانی ئێران بگرێت.

زۆرێك لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە جیهان و ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ و کۆمسیۆنی نێودەوڵەتی مافپەروەران و ڕێکخراوو گروپە چالاکەکانی پەیوەندیدار بەمافی مرۆڤ لە ٤٠ وڵاتی جیهان، ئەو نامەیەیان واژۆ کردووەو پێشبینی دەکرێت کە ژمارەیەکی زیاتر لە ڕێکخراوو گروپەکانی پەیوەندیدار بەمافەکانی مرۆڤ ئەم نامەیە واژۆ بکەن.

بڕیارە بەزوویی وڵاتی کەنەدا ئەم بڕیارنامەیە سەبارەت بە ڕێگرتن لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بخاتە دەنگدانەوە.

لەم بڕیارنامەیەدا کە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بڵاویانکردۆتەوە، داوایان کردوە کە وڵاتانی دیکەش پشتگیری ئەم بڕیارنامەیە بکەن.

بابەتەکانی پەیوەندیدار بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەئێران وەك لەسێدارەدان، بەتایبەتی لە سێدارەدانی منداڵان و بەردبارانکردن و سەرکوتکردنی چالاکوانانی مافەکانی ژنان و پێشێلکردنی مافی کەمینە نەتەوەییەکان و بێبەریکردنی هاووڵاتیانی ئێرانی لە مافە سەرەتاییەکانی مەدەنی و سیاسی، لەم بڕیارنامەیەدا ئاماژەیان پێدراوە.

ڕێکخراوو گروپەکانی پەیوەندیدار بەمافەکانی مرۆڤ، خوازیاری ئیدانەکردنی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤن لە وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و کیشوەری ئەفریقا، وەك میسر، فەلەستین، لوبنان، سوریا، ئەفریقای باشوور، کۆنگۆ، ئۆگەندا، نێجیریا.

لە بەشێکی تری نامەکەدا هاتووە (ئەو بارودۆخەی لە ئێران دەگوزەرێ بابەتێکی هەنوکەیی و ئەخلاقییەو بەرپرسیارییەتی و کارێکە رووبەرووی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆتەوە کە حکومەتی ئێران ئاگاداربکاتەوە تا پەیرەوی بنەما گشتییەکانی مافەکانی مرۆڤ بکات.

هەر لە نامەکەدا هاتووە (کوشتنی خەڵك لە خۆپیشاندانە هێمنانەکان، دەستگیرکردنی بێهۆ، ڕێزنەگرتن و بەدرەفتاری لە زینداندا و دروستکردنی دادگای رواڵەتی) مایەی نیگەرانین.

(یاپ سوسنگ) بەڕێوەبەری جێبەجێکردنی کۆمەڵەی ئاسیایی مافی مرۆڤ، ئاماژە بە داخوازی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ سەبارەت بە ئیدانەکردنی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێران، دەڵێت (ئێمە داوا لە حکومەتی ئێران دەکەین کە مەیل و هەوڵە واقعییەکانی خۆی نیشانبدات بۆ چارەسەرکردنی ئەو دۆخەو رێز لە بانگهێشتنامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بگرێت و ئاسانکاری بکات تا چاودێرانی سەربەخۆی مافی مرۆڤ سەردانی ئێران بکەن و لەو رەوشو بارودۆخە لێکۆڵینەوە بکەن.

(ئەیولان ئەوبزدچیکووا) لە چالاکوانانی مافەکانی منداڵان لە روسیا لەم بارەیەوە دەڵێت (ئێمە لە دەوڵەتەکانی خۆمان داوادەکەین کە داوا لە ئێران بکەن تا کۆتایی بەو پێشێلکاری و توندوتیژیانە بهێنێت کە بەرامبەر هاووڵاتیانی خۆی ئەنجامی دەدات).

هەروەها ڕێکخراوەکانی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ داخوازی ئەوە دەکەن کە پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ لەئێران بەتایبەتی ئەو پێشێلکارییانەی کە لە دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتییەوە روویان داوە، وەك سەرکوتکردنی رێپێوانە هێمنانەکان و دەستگیرکردنی هاووڵاتیان بخرێنە ژێر چاودێرییەوە.

(موئاتاز ئەلفیجری) بەڕێوەبەری گشتی دامەزراوەی مافی مرۆڤ لە قاهیرە دەڵێت (کاتێك کە لەبارەی ئێرانەوە قسە دەکرێت، جیهان هەموو نیگەرانی بەرنامە ناوکییەکەی ئەم وڵاتە نییە، ئێمە هەموومان سەبارەت بە بەدرەفتاری دەوڵەتی ئێران بەرامبەر بە هاووڵاتیانی خۆی نیگەرانین و لە دەوڵەتەکان و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان خوازیارین زیاتر سەرنجی ئەم رووداوانە بدەن).

لە بەشێکی تردا هاتووە (لە کاتێکدا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چاودێری هەموو ئەو رووداوانە دەکات کەلە ئێراندا روو دەدەن، پێویستە ئەوەش نیشان بدات کە هاووڵاتیانی ئێران لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بێبەشن).

لە کۆتایی نامەکەشدا هاتووە (لە نەتەوەیەکگرتووەکان داواکارین کە پشتگیری لە بڕیارنامەی کۆمەڵەی گشتی بکەن سەبارەت بەو پێشێلکارییانەی ئەم دواییە کە لە ئێران روویان داوەو ئەو بڕیارنامەیە پەسەند بکەن کە نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیاری لەسەرداوە بۆ ئەوەی حکومەتی ئێران ناچاربکەن کە ڕێز لە هاووڵاتیانی خۆی بگرێت).



# لەسێدارەدان

## هەنووکە، مێژوو، ڕەهەندەکانو ڕوانگە جیاوازەکان

هیوا سەلیمی. دەستوور

بەشێوەیەکی گشتی لە ١٣٨ وڵاتی دونیا، سزای لەسێدارەدان نەماوە، ئۆزبەکستانو ئەرجەنتین دوایین وڵاتانی جیهانن کە ساڵی ڕابردوو، ئەم سزایەیان هەڵوەشاندۆتەوە، بەپێی دوایین ئامارەکانی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە ساڵی ٢٠٠٨ لانیکەم ٢٣٩٠ کەس لە وڵاتە جیاجیاکانی دنیا لە سێدارەدراون، لەم ڕاپۆرتەدا، چین بە ١٧١٨ کەس، ئێران بە ٣٤٦ کەس، عەرەبستان بە ١٠٢ کەس، پاکستان بە ٣٦ کەسو ئەمریکا بە ٣٤ کەس، لە ریزی پێشەوەدانو روسیای سپی وەك تەنیا وڵاتی ئەوروپی کە سزای لەسێدارەدانی تێدا بەڕێوەدەچێت بە لەسێدارەدانی ٤ کەس لەپلەی کۆتایی لیستەکەدا ناوی هاتووە.

### مێژووی لەسێدارەدانو پرۆسەی هاوشێوەبوون

مێژووی لەسێدارەدان هاوتەریبی مێژووی دەسەڵاتەو هاوشان لەگەڵ پێکهاتنی هێزو ئۆتۆریتە لە فۆرمی دەسەڵات، یاسا لە دایك دەبێت، لە فۆرماسیۆنی پێش ئەم قۆناغە، شەڕو تێکهەڵچوون زمانی مرۆڤەکان بووەو پارێزگاریکردن لە مافەکان لە خانەی توندوتیژی دەگرسایەوە، لەگەڵ لەدایکبوونی دەسەڵات، دەلاقەیەکی نوێ لە ژیانی مرۆڤەکان دەکرێتەوە، یاسا دادەڕێژرێتو دادەوەر بۆ پەیوەندییە تازەکان رادەسپێردرێت، لەسێدارەدان وەك سزایەك بۆ سەرپێچیکەر لە یاسادا دەستنیشان دەکرێتو لەم سیستمە تازەیەدا ترسو تۆقاندن وەك تەنیا ئامانجی سزادان دەستنیشان دەکرێت، لە پرۆسەی لەدایکبوونی تاك خوایی، سزای لەسێدارەدان بەرگی ئایینی لەبەردەکاتو ئایینەکان لەپەرتووكو کرداردا بەم چەکە تەیار دەبن، سەنگسار (بەردباران)، سووتاندن، لەخاچدان، سەربرین، خنکاندنو دەیان شێوازیتر، وەك ئامرازەکانی لەناوبردنی سەرپێچیکەر، پراکتیزە دەکرێنو بەمەبەستی پێکانی ئامانجەکان، واتە ترساندنو تۆقاندان، ئەم سزایە لەبەرچاوی جەماوەردا نمایش دەکرێت.

### قۆناغی دووەمو دەستپێکردنی دژایەتی

سەردەمی رۆشنگەریو لێدانی چەخماخەکانی مۆدێرنیزم، دژایەتی لەگەڵ لەسێدارەدان هێنایە ناو هزری مرۆڤەکانو یەکەم بزووتنەوەی جیدی بۆ بەرهەلستکاربوون لەدژی ئەم سزایە لەدایك بوو، لەو سەردەمەدا، نووسراوێك لەلایەن یاساناس "بکاریا" بوو بە بەردی بناغەی ئەم رەوتە، ئەم بەرهەمە وەك سەرەتای خەبات لەدژی سزای لەسێدارەدان تۆمارکراوەو دواتر نووسەرو بیرمەندانێکی وەك "وۆلتەر"، "دیدرۆ"، "هیۆم" و.... هتد، ئاڵای خەبات لە دژی سزای لەسێدارەدانیان هەڵگرتو لەبەرامبەردا لایەنگرانی مانەوەی سزای لەسێدارەدان هەولی پاراستنو بەڕێوەچوونی ئەم کردەوەیەیان دەستپێکرد.

بەشێك لە گرووتینی شەپۆلی نوێی دژایەتی لەگەڵ سزای لەسێدارەدان وەك کاردانەوەیەك بەمێژووی سیاسی سەدەی بیستەم سەرهەلدەدات، کۆکوژی گەلاّلە بۆ داڕێژراوی جولەکەکان لە گەرماوگەرمی جەنگی جیهانی دووەم کە بەرچاوترینی کارەساتی هۆلۆکۆستە، وزەیەکی بەرچاوی بە نەیارانی لەسێدارەدان بەخشیو لەسەر ئەم زەمینەو لەدوای شکستی فاشیزم لەرۆژئاوا، ئەم کاردانەوەیە تەشەنەدەسێنێتو زۆربەی وڵاتانی جیهان دەگرێتەوە.

### ڕەهەندەکانو پێناسەکان

یاسای لەسێدارەدان وەك سزا، لە دوو بەشی تاوانە گشتییەکانو تاوانە سیاسییەکان، بەڕێوەدەچێ، تاوانە گشتییەکان ئەو رەفتارو هەلسوکەوتانەن کە لەگەل نۆرمو بەندەکانی یاسای سزای گشتی کۆمەلگا ناتەبانو لە گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکاندا، بە تاوان پێناسەدەکرێنو هاوشان لەگەل فۆرماسیۆنە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان، گۆڕانیان بەسەردادێت.

سەبارەت بە تاوانی سیاسی، یەکەمین لەسێدارەدان لەبازنەی تاوانە سیاسییەکاندا بووە، بەو شێوەی کە گوێرایەل نەبوونی کۆیلەکان لەسەردەمی کۆیلەداری، پەسندکردنو بەڕێوەبردنی ئەم سزایەی لێکەوتۆتەوە، لەسێدارەدانی سیاسی بە دزێوترین رەفتاری دەسەلاتداران پێناسە دەکرێتو نەیارانی لەسێدارەدان ئەم گریمانە دەکەنە بنەما کە دەولەتی هەلبژێردراو نوێنەری خەلکە، بۆیە رەخنەگرتنو بەرهەلستکاربوونی دەسەلاتداران، مافێکی ئاساییو سەرەتاییە، هەر بەوهۆیەوەیە کە دیکتاتۆرەکان بوونی زیندانی سیاسیی نادرکێننو حاشا لەم بابەتە دەکەن.

### لایەنگران، نەیارانو ڕوانگەکانیان

لایەنگرانی لەسێدارەدان، لە بەشی تاوانە گشتییەکان، ئەم رەفتارە بە رەفتارێکی شیاوو پۆزەتیڤ پێناسەدەکەن، ئەوان بەڕێوەبردنی ئەم یاسایە بۆ تاوانە گەورەو دزێوەکان بە پێویست دەزاننو وەك تەنیا بەدیل بە ئاراستەی کەمکردنەوەی ئەم تاوانە ناودەبەن، لەبەرامبەردا نەیارانی لەسێدارەدان، بارودۆخو رێژەی تاوان لە وڵاتانێك کە لەسێدارەدانیان تێدا بەڕێوەدەچێ لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە ئەم یاسایەیان هەڵوەشاندۆتەوە، بەراورد دەکەن و هەولدەدەن تا بەلێکدانەوەی داتاو ئامارەکان، پێچەوانەی ئەو واتایە بسەلمێنن، ئەوان باس لەوەدەکەن کە بەڕێوەچوون یان بەڕێوەنەچوونی ئەم سزایە کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر رێژەی تاوانکارو تاوانکاری دانانێتو جیا لەم مەسەلەیە بەڕێوەبردنی ئەم سزایە بۆتە هۆکارێکی گرنگ لەلاواز بوونی دارشتنی پلانی گونجاو بۆ دژایەتی لەگەڵ تاوانو بنەبرکردنی هۆکارەکانی دروستبوونی تاوان، ئەوان دەڵێن کە ئەم سزایە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر بارودۆخی سەرچاوەی تاوان نییەو دەبێت ئامرازەکانی دروستبوونی تاوان لە هەناو و رۆحی کۆمەڵگادا بدۆزرێتەوە.

یەکێکیتر لە هۆکارەکانی دژایەتی کردنی لەسێدارەدان لەروانگەی لایەنگرانی ئەم واتایە، ئەگەری تاوانبار نەبوونی سزا پێدراوەو ئەوان ئاماژە بەم خالە دەکەن کە ئەگەر ئەم سزایە بەڕێوەببرێتو پاشان بێتاوانبوونی لەسێدارەدراو، ئاشکرابێت، سەرەتاییترین مافی مرۆڤ کە ژیانە پێشێل کراوە.

ئاسایشی گشتیو پاراستنی ژیانی تاکەکانی کۆمەلگا، یەکێکیترە لە هۆکارەکانی بروامەندان بە سزای لەسێدارەدان، نەیارانی لەسێدارەدان، دورخستنەوەی تاوانکار لە ژیانی ئاسایی بە گونجاوترین بەدیل بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم واتایە دەزاننو ئەم بانگەشە بە گریمانەیەکی بێبنەماو نا زانستی ناودەبەن.

### دەرەنجامەکانی لەسێدارەدان لە روانگەی نەیارانی ئەم سزایە

لەسێدارەدان، بێبایەخ کردنی پێگەی مرۆڤی لە ناوەندی ژیان لێدەکەوێتەوە، رێژەی بوونی مافی ژیان وێنادەکات، تۆوی تۆلە سەندنەوە دەچێنێت، داکۆکی کردن لە دژایەتی لەگەڵ لەسێدارەدان بەمانای سزانەدانی تاوانکار نییە، بەڵکو بەرگرییە لەمافی زیندوومانەوە، مانەوە لەگرتووخانەو بێ بەش بوون لەژیانی ئاساییو بەشوێن ئەودا هەول بۆدەرخستی دزێوی رەفتارە تاونبارەکان، ئازاری رۆحیو دەروونی دروستدەکاتو دەکرێ لەسەر ئەم سەرخانە، بۆ پەرەسەندنی کلتووری دووری لە تاوان کەڵك وەربگیرێت، رێز نەگرتنو بێبایەخ کردنی مافی ژیان، توندوتیژی بەرهەمدێنێتو تاکی گۆشکراو بەم کلتورە خۆی بەدادوەر دەبینێتو پەنا دەبات بۆ سزادانی تایبەتی، ئەوان باس لەوە دەکەن کە پێدەچێت کوشتنی ژنان لە ژێر ناوی شەرەفو ناموس، یەکێك لە کاریگەرییە ناراستەوخۆکانی جێگیربوونی ئەم بیرۆکەیە لە دەروونو زەینی مرۆڤەکاندا بێت، لەوەها حاڵەتێکدا، هەستی تۆلەسەندنەوەو تاوان کردن وەك ئازایەتیو پاڵەوانییەتی پێناسە دەکرێتو مرۆڤی تامەزرۆی پاڵەوان بوون، بۆ جارێکیتر ئەم هەستە دەروونییە بەرهەم دێنێتەوە.



ئحسانی فەتاحیان فۆتۆ: دەستوور

www.arsivakurd.org

# سرتە لە گەڵ با خەڵاتی (دەروازەی زیوی هیندستان)ی بەدەستهێنا

فەرهاد قادر

شەهرام عەلیدی دەرهێنەری لاوی کورد بەفیلمی سینەمایی "سرتە لە گەل با" خەڵاتی رەخنەگرانی لاوانی هیندستانی لەیازدەیەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی "مۆمبای" لەوڵاتی هیندستان بەدەستهێنا.

شەهرام عەلیدي بە فیلمی سینەمایی "سرتە لە گەل با" خەڵاتی (رەخنەگرانی لاوانی هیندستان) کەبەناوی (دەروازەی زیوی هیندستان) ە لەبەشی کیبرکێی نێودەوڵەتی لەیازدەیەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی مۆمبای لەوڵاتی هیندستان بەدەستهێنا.

خەڵاتی (رەخنەگرانی لاوانی هیندستان) خەڵاتی ئەکادیمیای هونەرو سینەمای مۆمبای MAMI دێتە ئەژماردن.

فیلمی سینەمایی "سرتە لە گەڵ با" لەدوو هۆڵی جیاوازدا لەرۆژانی (٣ و ٥) ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٩ بەئامادەبوونی شەهرام عەلیدی نمایش کراو لەلایەن رەخنەگران و بینەرانی بەشداربوو لەفێستیڤاڵەکەدا پێشوازییەکی گەرمی لێکرا.




لە ڕێورەسمی کۆتایی ئەو فێستیڤاڵەدا خەڵاتی تەمەنێک چالاکی هونەری پێشکەش بە سینەماکاری ناوداری یۆنانی "تیۆ ئانجیلیۆ پلووس" کراو خەڵاتی تەمەنێک ئەزموونی هونەری بەخشرایە ئەستێرەی گەورەی سینەمای هیندستان "ئامیتا پاچان".

لەئاهەنگێکدا کەبەرپرسانی فێستیڤاڵی فیلمی مۆمبای بۆ هونەرمەندانی سەرکەوتووی ئەم فیستیڤالە سازیاندا (تیۆ ئانجیلیۆ پلووس) لەدیدارێکدا لەگەل شەهرام عەلیدی، وتی:"کورد هەموو کاتێك لەلای من خۆشەویست بووەو سڵاوی تایبەتی من بە کوردەکان بگەیەنە".

سەرۆکایەتی لیژنەی داوەرانی یازدەیەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی "مۆمبای" لەلایەن "پۆل شرییدیر" بەرهەم هێنەری فیلمە سینەماییەکانی "شۆفیری تاکسی" و "دوایین دلەراوکێی مەسیح" دەکرا.

یازدەیەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی مۆمبای لەبەشەکانی (کێبرکێی نێونەتەوەیی)، (کێبرکێی سینەمای جیهان)، (نمایشی فیلمەکانی هیندستان)، (کێبرکێی کورتە فیلمەکان) و (بەشی پێداچوونەوە بەبەرهەمی دەرهێنەرانی دیکە) لەرۆژانی (٢٩ ئۆکتۆبەر تا ٥ ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٩) لەشاری مۆمبای هیندستان بەڕێوەچوو.

# کازم ساهیر حەزدەکات بگەڕێتەوە بۆ عێراق

ژیوار

کازم ساهیری باڵیۆزی گۆرانی عێراق و قەیسەری گۆرانی عەرەب، خوازیارە بگەڕێتەوە بۆ عێراق و لەنێو جەماوەرو هاونیشتمانیەکانیدا ژیان بەسەر بەرێت و ئاهەنگێکی گەورەش بۆ جەماوەرەکەی خۆی لەسەر خاکی نیشتمانەکەی سازبکات.

بەڵام کازم خەم لەو هەموو رووداو مەرگەساتانە دەخوات کەرۆژانە بەرۆکی عێراقییەکان دەگرێت لەتەقینەوەو تیرۆرکردن و تۆقاندن، بۆیە نایەوێت لەئێستادا بگەڕێتەوە تا نەبێتە ئامانجێك لەلایەن تیرۆریستانەوە.

کازم ساهیر واهەستدەکات خەوە بەدینەهاتووەکانی لەعێراق دێنەدی، بۆیە بریاری داوە بەسەقامگیربوونی بارودۆخی عێراق لەرووی ئاسایش پێکەوە ژیانی برایانەی عێراقییەکان پێکەوە دەگەڕێتەوە بۆ باوەشی دایکی نیشتمان.

کازم رایگەیاند"عێراق ئێستا لەهەر کات و سەردەمێکی پێشتر پێویستی زۆرتری بە =سروودی نیشتمانی هەیە، لەم رووەشەوە هاوکاری گەلەکەم کردووەو بەردەوام دەبم لەپێشکەشکردنی گۆرانی زیاتری نیشتمانی بۆ گەل و وڵاتەکەم".

کازم ساهر ئاماژە بەوە دەکات کە لەرووی ناوداربوونیەوە خۆی بەقەرزاری شاعیری گەورەی سوریاو عەرەب (نزار قەبانی) دەزانێت، چونکە پشکی گەورەی ناوداربوونی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شاعیرە.

کازم ساهیر لەبارەی (CD)یە نوێیەکەیەوە رایگەیاند"زۆر ماندووبووم پێوەی و مایەی خۆشحالیشمە کە توانیومە دیوتیەکی باش لەگەڵ کچە گۆرانی بێژی میسر (ئەسما ئەلمنەوەر) پێشکەش بکەین".

ئەو گۆرانیەی کازم لەتێکستی شاعیری ناسراوی عێراقی (کەریم ئەلعراقی)ەو ئاوازی کازم خۆیەتی و دابەشکردنیشی لەلایەن (فەتوحوڵا ئەحمەد)ەوە بۆ کراوەو گۆرانییەکەشی بە ناونیشانی (دادگایی)ەوەیە.



# بەشێک لەمێشکی دۆڵفین لەکاتی خەوتندا بەئاگایە

توێژەرەوان ئاشکرایانکردووە، دۆڵفینەکان بەهۆی بەتوانایی مێشکیانەوە لەکاتی خەوتندا بەشێك لەمێشکی بەئاگایە.

توێژەرەوان ئەوەیان خستۆتەروو، لەکاتی خەوتندا دۆڵفین بەشێك لەمێشکیی بۆ خەوتن تەرخاندەکات و بەشەکەی دیکەی لەگەڵ جیهانی دەرەوە بەئاگایە، بەشێوەیەك لەتوانایدایە بۆماوەی پێنج شەوو رۆژ بەبێ پشودان بجولێت، بێ ئەوەی توشی هیچ گرفتێك ببێتەوە.



# میشێل ئۆباما و کێڵگە پچووکەکەی لە کۆشکی سپی

دەستوور

میشێل ئۆبامای خانمی یەکەمی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پاش چوونی بۆ کۆشکی سپی کێڵگەیەکی پچووکی درووستکردوە تا خۆی بە بەرووبومی کشتوکالیەوە سەرقاڵ بکات لەکاتی بێکاربوونیدا، ئەو کێڵگەیە ئێستا بەشێك لە بەرهەمەکانی هاتووەتە بەر لەرێی وێنەوە خانمی یەکەمی ئەمریکا ببینن چۆن لەگەل بەشێك لە منداڵانی نێو کۆشکی سپی سەرقالی کۆکردنەوەی بەرووبوومە.













# خانمێکی سعودی شاجوانی عەرەبە



ئاسۆ

لەنێو کەشێکی پڕ لەخۆشی دڵفرێندا خانمێکی سعودی بە ناوی (مەوەدە کەمال) تاجی شاجوانی عەرەبی کردە سەر، کێبرکێکە لەنێوان هەموو شاجوانی وڵاتانی عەرەبی لەژێر ناونیشانی (سروشتی جوانی خانمی رۆژهەڵاتیو رۆشنبیری، رەوشتی بەرزو رێکپۆش)دا ئەنجامدرا.

دەستنیشانکردنی شاجوانی عەرەب لەقاهیرەی پایتەختی میسر بەسەرپەرشتیو چاودێری کەرتی گەشتوگوزاری میسر بەرێوە برا، وەك یەکێك لەئامانجەکانی ئەو کەرتەش گەشاندنەوەی ئەو کەرتە خۆیەتی لەئەنجامدانی ئەو جۆرە کێبرکێیە.

خانمانی رکابەر بۆ نازناوی شاجوانی عەرەب سەرەتا بەپۆشاکی سپییەوە، وەك هێمایەك بۆ ئاشتی هاتنە سەر تەختەی شانۆ، دواتر خانمانی رکابەر هەریەکەو بەپۆشاکی تایبەتی وڵاتەکانیانەوە نمایشێکیان ئەنجامدا.

دواتر ئەو خانمانە بەپۆشاکی شەو هاتنەوە سەر شانۆ بۆ نمایشێکی دیکە کە لەدیزاینی دیزاینەری ناسراو(ئیمان شەریف)بوو، دواتر خەڵات دابەشکرا بەسەر خانمەکاندا لەنێو ئەوانیشدا خەڵاتی یەکەم خانمی وەرزشەوان (شەیما مەنسوور) وەك پچوککترین ناوبژیوانی تۆپی پێی میسر دەستنیشانکرا، کە لەساڵی ٢٠٠٧ دا پاشگری یەکەمی شاجوانی عەرەب بوو.

دواخەڵاتیشی لەو شەوە پڕ لەکەیفو جۆشەدا خەڵاتو نازناوی شاجوانی عەرەبی (٢٠٠٩) بوو کە بەخشرایە (مەوەدە کەمال) ی شاجوانی سعودییە.

مەوەدەی شاجوانیش لای خۆیەوە رایگەیاند، کەئەو رێزو نازناوە بەتەنها وەك ووشە ناهێڵێتەوە بەڵکو وەریدەگێرێتە سەر کارکردن لەبواری خێرخوازیو خزمەتکردنی ژنان لەوڵاتانی عەرەب.

# باڵندەکانی بەکر رەشید دەکەونە گەمە



دیمەنێك لە کاتی ئیشکردن لەدراماکەدا

ئاسۆ

درامای گەمەی باڵندەکان کەدرامایەکی کوردییەو کەناڵی ئاسمانی کوردستانTV بەرهەمی دەهێنێت، پێدەچێت لە ١٥/ ٢٠١٠/١ دا بەدیدەی بینەرانی کوردستان شاد ببێت.

گەمەی باڵندەکان درامایەکی نوێی هونەرمەند (بەکر رەشید)ەو باس لەژیانی ئەمرۆمان بەتایبەت باروودۆخو گوزەرانی ژیانی گەنجان دەکات رووداوەکانی ئەم درامایە لەشاری سلێمانیو وڵاتی تورکیا بەتایبەت شاری (ئەستەنبول) وێنەگیراوە.

بەکر رەشید بەدەستووری وت" چەندین ئەکتەری لاوو خاوەن ئەزموونی کورد بەشداری تێدا کردووە، لەوانە (شلێر کۆیی، بەهادین هەڵەبجەیی، عوسمان مەعروف، سەمیعە ئەحمەد، عەبدوڵای خەیات، عابد هەورامیو شەماڵ فەهمی)و هونەرمەندە لاوەکانیش (سەرکۆ عارف، شانۆ عومەر، بان غازی، دیبە، ماردین، ئاشنا، نیان)".

گەمەی باڵندەکان لەنوسینی(مەسعود حسێن)ەو وێنەگرتنی لەلایەن هونەرمەندی کامێرامان(پێشەوا تەیب)ەوەیە، هەرچی کارە هونەرییەکانی دیکەی ئەم بەرهەمەشە (عوسمان محەمەد قادر) وەك بەرێوەبەری بەرهەم کار دەکاتو هونەرمەند (ئەنوەر قەرەداخی)ش کاری مۆزیکی بۆ بەرهەمەکە کردووەو هۆنراوەی گۆرانیەکانیش (محەمەد کەساس)دایناوەو ماکیاژیش خاتوو(ئەڤین غەریب) ئەنجامی داوە.

بەکر رەشیدی دەرهێنەر وتیشی"(گەمەی باڵندەکان) لەرۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٠ دا دەستمان بەوێنەگرتنی کردووەو ئێستا سەرقاڵی مۆنتاژکردنی بەرهەمەکەینو بەنیازین لەرۆژی ١٥/١/ ٢٠١٠ لەسەر شاشەی کەناڵی ئاسمانی (کوردستانTV)یەوە بەدیدەی بینەرانی درامای کوردی ئاشناێ بکەین".

بەکر رەشید ساڵی ١٩٨٩ لەفێستڤاڵی دیمانەی لاوانی عێراق بە شانۆیی قەرج کە لەنوسینی (پۆشکین)ەو دەرهێنانی بەکر رەشیدە توانییویەتی ببێتە خاوەنی خەڵاتە یەکەمی ئەو فێستیڤالە لەسەرتاسەری عێراقداو ساڵی (٢٠٠٤)یش لەفێستڤاڵی زۆزك کە لەشاری بەرلینی پایتەختی ئەلمانیا خەڵاتی باشترین دەرهێنەری بەدەستهێناوە بەشانۆیی (دوا گۆرانی چیخۆف) کە لەنوسینی (ئەنتوان چیخۆف)ە.

دیارترین ئەو کەسایەتیانەی بەکر رەشید لەبواری نواندنی درامای تەلەفزیۆنیدا بەرجەستەی کردووە (شوانە، لەدرامای ژاڵە) داو (شێرکۆی محامی لە درامای گەردەلول) دا.

بەکر رەشیدی ئەکتەرو دەرهێنەر لە کۆتایی ساڵانی حەفتاوە سەرقاڵی کاری هونەری بووە وەك نواندن لە شانۆو دواتر روویکردووەتە کاری درامی.

# ٧ هەزار کچی چین بەدوای پیاوی نمونەیی دا دەگەڕێن

ساکار ئیبراهیم

بەئامانجی دۆزینەوەی مێردێکی نموونەیی لەچین، بەهەزاران لەکچانی چینی بەشداری ئاهەنگێکی قەشەنگی هاوشێوەی ئاهەنگەکەی سەندریلایان کرد. بەهۆی چاوەڕوانی کچانیش بۆ پیاوێکی نمونەیی رێژەی شوونەکردنی کچ لەو وڵاتە بەرزبووەتەوە.

لەئاهەنگێکی قەشەنگی هاوشێوەی ئاهەنگەکەی سەندریللا لەناوچەی تشینتشینی وڵاتی چین، بەهەزار کچی چینی بەشداریان تێداکرد، بەو مەبەستەی لەرێگەی ئەو ئاهەنگەوە پیاوێکی نمونەییو شیاو بدۆزنەوە.

یەکێك لەرێکخەرانی ئاهەنگەکە بەناوی تشینغ یونغ وتی"ئەم ئاهەنگە تەنها کچان ناگرێتەوە، بەڵکو کورانیش دەگرێتەوە لەهەڵبژاردنی کەسی گونجاودا بۆ زەواج".

لەم ئاهەنگەدا نزیکەی حەوت هەزار کچی چینی ئامادەبوون، کەهەر ملیونەرێکی بەشداربوو پێویستە بری ٥٤٠٠ دولار بدات تەنها بۆ ساتێك بینینی ئەمیرەی خەونەکەی.

یونغ رایگەیاند "لەنێوان کچانی چینیدا زەواج کردن روو لەکەمی کردووە، بەهۆی گەرانیان بەدوای کەسێکی گونجاوداو ئەگەر دەولەمەندیش بێت باشترە".

ریکلام

gorenje

Tel: +964 (0) 770 152 26 09
+964 (0) 770 156 03 39
E.mail: halkawt account@yahoo.com

شركة كاروان
وكيل وحيد في العراق




www.arsivakurd.org



# "قیق.. قیق"

## پێشکەش کردنی گوڵو شیرینی ناتوانێ دیاردەی "قاز" کۆتایی پێبهێنێت

فەرحان حەمەخان لەسلێمانی

ساڵانەو لەگەڵ وەرگرتنی خوێندکارانی تازە وەرگیراو لە زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان، خوێندکارانی تازە وەرگیراو ڕووبەڕووی هاوارکردن‌و قیقە قیق دەبنەوەو پێیان دەڵێن "قاز"، پسپۆڕانی دەروونیش ئاماژە بەوەدەکەن ئەم دیاردەیە حاڵەتێکی ناخۆش لای ئەو خوێندکارانە دروست دەکات.

لەناو زانکۆکانی کوردستاندا، "قاز" ئاماژەیە بۆ ئەو خوێندکارانەی تازە وەرگیراون لەکۆلێژو بەشەکانی زانکۆ، ئەم دیاردەیە لە یەك دوو مانگی سەرەتای هاتنی ئەو خوێندکارانەدا بەردەوام دەبێت.

بەکارهێنانی وشەی"قاز" دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی کە باڵندەی قاز هەیەتی لەکاتێکدا دەچێتە شوێنێك کەشارەزا نەبێت‌و یەکەمجاری بێت لەو شوێنەدا، ئەوا نامۆیە بەشوێنەکەو سەیری چواردەوری خۆی دەکات.

خوێندکارانی تازە وەرگیراو بەهۆی ئەوەی زۆربەی زۆریان پێشتر نەچوونەتە ناو زانکۆوەو شارەزای کۆلێژو بەشەکان نین، نامۆن بەو ژینگەیەی زانکۆ بۆیە ئەم وەسفەیان بۆ بەکاردەهێنرێت.

ئەبوبەکر محەمەد خوێندکارێکی تازە وەرگیراوە لەپەروەردەی فیزیا لەزانکۆی سلێمانی، ئاماژەی بەوەدا



### دیاردەی "قیقە قیق‌و قاز" کۆتایی دێت؟

فۆتۆ: دەستوور

لەکاتی پەیوەندی کردنم بەزانکۆی سلێمانی بۆ مەبەستی تەواوکردنی کارەکانم، خوێندکارەکان دەستیان کرد بە"قیقە قیق‌و هاوارکردن"لێم.

ئەبوبەکر نیگەران بوو لەو بارودۆخەی بەرامبەر قوتابییە تازە وەرگیراوەکان دەکرێت، وتی"هەروەك کەسانێکی سەر شەقام مامەڵەیان دەکرد، نەك خوێندکاری ناوەندێکی زانستی، کە هەر ئەوانەن سبەینێ دەبن بە کاربەدەستی ئەم وڵاتە، دەبێ چ شتێك فێری نەوەیەکی دیکە بکەن".

نەوزاد عەلی خوێندکاری قۆناغی دووەم لەخوێندنی ئیسلامی وتی "ئەو دیاردە ناشیرینەی هەموو ساڵێك دووبارە دەبێتەوە کە ناوبردنی خوێندکارانی تازەوەرگیراوە بەقاز و قیقە کردن، بەڕاستی سەیرە ئەوە هەلسوکەوتی خوێندکاری زانکۆ بێ، لەبری ڕێنمایی کردنی خوێندکارە تازەکان‌و بەخێرهاتنیان بۆ قۆناغی تازەی خوێندن، هاوارو قیقەیان لێ بکرێ".

ئێستا ساڵانە لەلایەن نوێنەری خوێندکارانەوە لەناو زانکۆکاندا لیژنەیەك بۆ پێشوازیکردن لە خوێندکارانی تازە وەرگیراو دادەنرێت بۆ بەخێرهاتنیان‌و ڕێنمایی کردنیان بۆ ئەو کۆلێژو بەشەی لێی وەرگیراون، بەڵام ئەم پێشوازییە خوێندکاران لە "قیقە قیق" ناپارێزێت‌و دیاردەکەش بەردەوامی هەیە.

سەردار حەمە عەلی سەرپەرشتیاری کۆمیتەی باڵای کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان‌و بەرپرسی لقی زانکۆی کۆمەڵەی خوێندکاران، ڕایگەیاند خۆشحاڵین ئەمساڵ ژمارەیەکی زۆری خوێندکاران ڕوویان کردۆتە زانکۆو پەیمانگاکان، لەنوێنەرایەتی خوێندکاران ڕۆڵێکی باشمان بینیوە لە بەخێرهاتنی خوێندکاران، لیژنەیەکمان داناوە بۆ پێشوازیکردن لە خوێندکارە تازەکان و هەر خوێندکارێك دێتە ئێرە گوڵێکی پێشکەش دەکەین و کارتێکی بەخێرهاتن و شیرینیشیان پێدەدرێت، هەروەها ئاماژەی بەدیاردە ناشیرینەکە کردو وتی زۆر بەداخەوە ساڵانە ئەو هاوارکردنە بوەتە دیاردەیەك، ئێمە ئامۆژگاریمان ئەوەیە واز لەو دیاردەیە بهێنن.

لە زانکۆی سلێمانیدا بۆ ماوەی دوو ساڵ پرۆژەی (تاکی دروست زامنی بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی دروستە) بۆ ئەو خوێندکارانە جێبەجێ دەکرا، کە هێشتا نەهاتوونەتە قۆناغی زانکۆ یان پەیمانگا، ئامانجی پرۆژەکەش بریتی بوو لەئامادەکردنی خوێندکار پێش ئەوەی بچێتە زانکۆو پەیمانگاکان لەڕووی سایکۆلۆژی و مەعریفیەوە.

لەم پرۆژەیەدا چەندین وانە لەلایەن مامۆستاو کەسانی پسپۆڕەوە دەوترایەوە، بەڵام بەهۆی دابین نەکردنی بودجە بۆ پرۆژەکە، نەتوانراوە ئەمساڵ پرۆژەکە جێبەجێ بکرێت‌و بەردەوامی هەبێت.

د.هەڵگورد ئامادەکارو سەرپەرشتیاری پرۆژەکە ئاماژەی بەوەدا لەهەریەکە لەساڵەکانی (٢٠٠٦ ـ٢٠٠٧)و (٢٠٠٧ ـ٢٠٠٨) پرۆژەکەیان جێبەجێکراوەو نزیکەی ٥٠ وانەی مەعریفی‌و دەروونی تێدا وتراوەتەوەو نزیکەی (١٠٠ـ ١٥٠) خوێندکار بەشداریان تێدا کردووە.

د.هەڵگورد سەبارەت بەدیاردەی "قیقە قیق‌و قاز" وتی "یەکێك لەلایەنەکانی ئەو پرۆژەیە کەکاری لەسەرکرا، ئەوەبوو خوێندکار ئامادە بکرێت بۆئەوەی ڕووبەڕووی ئەو مەسەلەیە ببێتەوە، لەداهاتوودا هەوڵ بدەین ئەو جۆرە ناوهێنانە نەمێنێ".

هەندێ لەخوێندکاران ئەم دیاردەیە وەك گاڵتەو خۆشیەکی ژیانی زانکۆیی دادەنێن‌و بە حاڵەتێکی ئاسایی ناودەبەن، هەندێکی تریان وەك شێوازێك لە تانەو تەشەرو بێزارکردنی خوێندکارانی تازە وەرگیراوی دادەنێن‌و بەدیاردەیەکی ناشیرین ناوی دەبەن.

نەسرین حەمەئەمین خوێندکاری قۆناغی یەکەمی بەشی مێژوو وتی "زانکۆ ناوەندێکی ڕۆشنبیری گرنگە، پێویستە خوێندکار تواناکانی خۆی تێدا دەربخات، نەك بەو دیاردە ناخۆش و لاوەکیانەوە خۆی خەریك بکات".

دکتۆرە نیان مامۆستای دەروونناسی لە زانکۆی سلێمانی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد "ئەو قوتابیانەی دێنە ناو زانکۆ لە ژینگەیەکەوە دێتە ژینگەیەکی تر و ژینگەکەیان دەگۆڕێت، بێگومان هەست بە نامۆیی دەکەن کە پێویستە بەخێرهاتنیان بکرێت بەدڵێکی فراوانەوە، بەڵام ئەوەی من خۆم تێبینیم کرد لە زانکۆدا بەجۆرە دەنگێك وەك چۆن خۆیان پێی دەڵێن قاز پێشوازیان لێکرا، لەبەرئەوە حاڵەتێکی زۆر ناخۆش دروست دەکات لەلای خوێندکارە تازەکان".

# خوێندکارە دابراوەکان داوای خوێندنی ئێواران دەکەن

## لەگەڵ ئەوەی شارەکە کورد بەڕێوەی دەبات تائێستا خانەقین خوێندنگەی ئێوارانی کوردی تیا نیە




خوێندکارانی خانەقین دەیانەوێت درێژە بە خوێندن بدەن
فۆتۆ:

پێشەوا شێرزادو
فەرمان خێڵانی لە خانەقین

خوێندکارانی دابڕاوی خوێندن لە خانەقین داوای کردنەوەی خوێندنگەی ئێوارانی کوردی دەکەن‌و بەرپرسانی پەروەردەش ئاماژە بەوەدەدەن ژمارەی خوێندکارەکان کەمە بۆیە خوێندنگەی ئێواران ناکەنەوە.

تائێستا لە خانەقیندا خوێندنگەی ئێواران نیە کە خوێندن تێیدا بە زمانی کوردی بێت، هەرچەندە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن، لەکاتێکدا خوێندنگەی ئێوارانی عەرەبی تێدایە.

لە دوای ڕوخاندنی حکومەتی عێراقەوە، خانەقین کەوتە نێوان هەردوو دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندو حکومەتی هەرێمەوە و زۆرینەی دەسەڵاتی کارگێری شارەکە کەوتە دەست کوردو لەڕووی ئیداریشەوە سەر بەدیالەیەو زۆرێك لە کۆمەك‌و پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی شارەکەش لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆی ئەنجامدراوە.

لەشاری خانەقین دوو پەروەردە هەیە، یەکێکیان سەر بە دیالەیەو ئەوی تریان سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستانە، خوێندنیش بەزمانی کوردیەو چەند خوێندنگەیەکی عەرەبیش هەیە بۆ ئەو عەرەبە ڕەسەنانەی کە لە دێر زەمانەوە لە شارەکەدان.

لە خانەقیندا تەنها یەك خوێندنگەی ئێوارانی تێدایە، ئەویش خوێندن تێیدا بە زمانی عەرەبیەو خوێندکارانی کورد زمانی شارەکەش داوای کردنەوەی خوێندنگەیەکی ئێواران دەکەن بە زمانی کوردی‌و بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی لە پەروەردەی خانەقینیش دەڵێت هێشتا ڕێژەیەکی ئەوتۆی خوێندکارمان نیە بۆئەوەی بتوانین خوێندنگەیەکی ئێوارانی کوردی بکەینەوە.

ئاراس فایەق خوێندکاری پۆلی یەکەمی ناوەندییەو ماوەیەکە دابراوە لە خوێندن‌و ئێستا دەیەوێت درێژە بەخوێندن بداتو دەڵێت"منو برایەکم دەمانەوێت درێژە بەخوێندن بدەین، لەبەرئەوەی پێشتر نەمانتوانیوە بەهۆی ناڵەباری بارودۆخی شارەکەوە درێژە بەخوێندن بدەین، بەڵام ئێستا لە خانەقین خوێندنگەی ئێواران نیەو داواکارین خوێندنگەیەکی کوردی ئێوارانمان بۆ بکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانین درێژە بە خوێندن بدەین".

داود نەجم خوێندکارێکی تری شاری خانەقینەو ئاماژەی بەوەدا"منو ٤ هاوڕێی ترم لەپۆلی سێی ناوەندین‌و دەمانەوێت درێژە بەخوێندن بدەین، بەڵام لە خانەقین خوێندنگەی ئێوارانی کوردی نیە، تا بتوانین دیسانەوە بخوێنینەوە".

داود درێژەی بەقسەکانیداو وتی"ئێمە جگە لەوەی تەمەنمان زیاترە لە تەمەنی یاسایی خوێندنگەی ڕۆژ، سەرجەممان ڕۆژانە سەرقاڵی ئیشوکارین‌و ناتوانین بچینە خوێندنگەی ڕۆژ، بۆیە داواکارین وەك چۆن بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە نەخوێندەواری نەهێڵن ئاواش خوێندنگەیەکی ئێوارانمان بۆ بکەنەوە کە خوێندن بە زمانی کوردی بێت، بۆئەوەی ئێمە بتوانین درێژە بە خوێندن بدەین".

دەربارەی کردنەوەی خوێندنگەی ئێواران بە زمانی کوردی، مامۆستا کەمال محەمەد غوڵام سەرپەرشتیاری یەکەمی پەروەردەیی لەپەروەردەی خانەقین سەر بە هەرێمی کوردستان لەو بارەیەوە ڕایگەیاند" تا ئێستا ڕێژەیەکی ئەوتۆ خوێندکارمان نیە کە بیانەوێت لە ئێواران بە زمانی کوردی بخوێنن، پێویستە ژمارەی ئەو خوێندکارانەی کە دەخوازن لە خوێندنگەیەکی ئێواراندا بخوێنن لە ١٠ خوێندکار کەمتر نەبێت، بەڵام ئێمە تائێستا ٣ خوێندکار هاتونەتە لامان، ئەگەر ئەو ژمارەیە زیادبکات بۆ ١٠ خوێندکار ئەوا پۆلێکی ئێوارانیان بۆ دەکەینەوە بەزمانی کوردی، لەبەر ئەوەی ئێمە لەگەڵ ئەوەداین خوێندنی کوردی لە خوێندنگەکانی خانەقیندا برەو پێبدەین".

ئەو سەرپەرشتیارەی پەروەردەی خانەقین داوا لە خوازیارانی خوێندنی ئێوارانی کوردی دەکات بۆ ئەوەی پەیوەندیان پێوە بکەن دەڵێت "داواکارم لەخوازیارانی خوێندنی ئێوارانی کوردی لە خانەقین لە دوای بڵاوبونەوەی ئەم ڕاپۆرتە سەردانمان بکەن بۆئەوەی پۆلێکی کوردی ئێوارانیان بۆ بکەینەوە".

# پەیمانگای وەرزشی رانیە لەگەڵ قوتابخانەیەکی بنەڕەتیدایە

## بەدوو دەوامی قوتابخانەو پەیمانگایەك تەنها یەك بینایان هەیە

فەرمان چۆمانی لەڕانیە

بەهۆی نەبوونی بینای تایبەت بە خۆیان پەیمانگای پەروەردەی وەرزشی رانیە لەگەڵ قوتابخانەیەکی بنەڕەتیدا دەوام دەکەن، ئەمەش کێشەی بۆ وانە پراکتیکی‌و تەنانەت وانە تیۆرییەکانیش دروست کردووە.

قوتابخانەی ڕەوەندی بنەڕەتی بێجگە لە دەوامی پەیمانگاکە دوو دەوامی قوتابخانەی تێدا دەکرێت‌و هەفتانە سێ کاتژمێری وانەکانیان دەفەوتێ.

پەیمانگای پەروەردەی وەرزشی رانیە لە ساڵی ٢٠٠٧ بەشێوەیەکی فەرمی کراوەتەوە، ٢٢٤ خوێندکاری هەیەو ئێستا سێ قۆناغی خوێندن لە پەیمانگاکەدا هەیە.

شەهێن عومەر خوێندکاری قۆناغی سێیەم وتی"لە ڕووی بیناوە کێشەمان هەیە و بیناکەمان هی قوتابخانەیەکی بنەڕەتییە، کە باران دەبارێت وانە پراکتیکیەکانمان دەوەستێت، هۆڵێکی داخراومان نییە وەرزشی تێدا بکەین، داواکارم بینا و هۆڵمان بۆ دروست بکەن".

وشیار فەتاح بەڕێوەبەری پەیمانگای پەروەردەی وەرزشی رانیە وتی"سێیەم ساڵە بێ بیناو کەلوپەل لە بینای قوتابخانەی ڕەوەندی بنەڕەتی دەوام دەکەین، جگە لە ئێمە دوو دەوامی تریشی تێدایەو ئێمە دەوامی سێیەم دێین، هەفتانە سێ کاتژمێرمان دەڕوات، ئەمەش بۆتە گرفت لەبەردەم تەواوکردنی وانەکان، لەبەرئەوەی وانەکانمان زۆرن بەشی زۆریشیان پراکتیکین، هەندێ وانەمان لێکداوە".

دەربارەی کێشەکانیان بەڕێوبەری پەیمانگا ئاماژەی بەوەدا"گرفتی سەرەکیمان نەبوونی بینایەکی تایبەت بە پەیمانگایە کە هۆڵێکی داخراوو یاریگاو مەلەوانگەی کوران و کچان و یاریگایەکی گۆرەپان و مەیدانی تێدابێ، هەروەها کۆگای هەبێ بۆ کەلوپەلەکان‌و هۆڵی جومناستیکی هەبێ".

بەپێی وتەی بەڕێوبەری پەیمانگاکە تا ئێستا پەیمانگاکە بودجەیەکی تایبەتیان نییە کە پێداویستیەکانی پێ دابین بکەن.

بەهۆی نەبوونی شوێنی تایبەت بە خۆگۆرینەوە هەندێ لەجلوبەرگەکانیان دیارنامێنن، ئەمەش کێشەیەکی تری بۆ خوێندکارەکان دروستکردووە.

لەم پەیمانگایەدا کورو کچ لەپۆلەکاندا بە جیا وانە دەخوێنن، بەڵام لە دەرەوەی پۆلەکانیان تێکەڵن.

دەربارەی ئەم حاڵەتە بەڕێوبەری پەیمانگا ئاماژەی بەوەدا"لە هەموو پەیمانگایەك کوران و کچان تێکەڵ نین، ڕەنگە بە تێکەڵاوی وتنەوەی وانە بۆ مامۆستا قورس بێت، لەبەرئەوەی ئەو دوو ڕەگەزە هێزیان جیاوازە، هەرچەندە ئێرە دەڤەرێکی عەشایرییە، بەڵام کوران و کچان لە دەرەوەی پۆلەکان تێکەڵن".

بەڕێوبەری پەیمانگای وەرزشی وتیشی "یەك مامۆستای کچمان هەیە کە دەرچووی وەرزشی بێت، پێویستمان بە چەندان مامۆستای کچ هەیە بۆ وانەکانی جومناستیك، بەڵام مەرجە کە دەبێ مامۆستا پێنج ساڵ خزمەتی هەبێت ئینجا بێتە پەیمانگاو لێرە هیچ مامۆستایەکی وا نییە ئەو خزمەتەی هەبێت".

لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە ئەم پەیمانگایە پشتگوێخراوە، وشیار فەتاح وتی"هەر لە سەرەتای کردنەوەی پەیمانگاکەمان، چەند جارێك نوسراومان بۆ سەروی خۆمان کردووە، بەڵام وەك پێویست هاوکارییان نەکردووین".

# قەرەجەکان رەشماڵەکانیان جێدەهێڵن

## بەنیشتەجێبوون و خوێندن و کردنەوەی سەنتەری رۆشنبیری قەرەجەکان دەیانەوێت ژیانی خۆیان بگۆڕن



نەوەی نوێی قەرەج ژیان لەناو دەوارو رەشماڵەکاندا بەسەر نابات

فۆتۆ: رەشید

دەستوور– دهۆك

قەرەجەکان کەژیانیان بەکۆچکردن و رەشماڵەکانیانەوە بەندە، بەوە ناسراون کەخەڵکی هیچ ناوچەیەك نین و لەهەموو ناوچەیەکیشدا بۆ ماوەیەکی کاتی دەمێننەوەو تێکەڵ بەهیچ کلتورێکیش نابن، ئێستا دەیانەوێت لەشوێنێکدا نیشتەجێبن و بۆ یەکجاری رەشماڵەکانیان کۆبکەنەوە.

قەرەجەکان واز لەژیانی ناو رەشماڵەکان و کۆچکردن لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەهێنن و هەولی نیشتەجێبوون و تێکەلبوون بەکۆمەڵگا دەدەن.

ئێستا قەرەجەکان مندالەکانیان لەقوتابخانەکانی کوردستان و قوتابخانەی تایبەتدا دەخوێنن و سەنتەری رۆشنبیری تایبەت بەخۆیان دەکەنەوە بۆ ناساندنی تایبەتمەندییەکانی خۆیان و باشترکردنی بواری رۆشنبیریان.

عەبدولرەحمان موسا گەنجێکی تەمەن ٣٩ ساڵەو لە دهۆك دەژی، ئەو هەولدەدات پەیوەندییەکانی قەرەج لەگەل دەوروبەری خۆیدا پتەوبکات، بۆ ئەوەی تێکەل بەکۆمەلگا بن و قەرەج لەو سنوورە داخراوەی بهێنێتە دەرەوە.

عەبدولرەحمان ئەندامی کارگێری سەنتەری رۆشنبیری قەرەجەکان ئاماژەی بەوەدا کە لەگەل چەند هاورێیەکی قەرەجی دیکەیدا ئەو سەنتەرە رۆشنبیرییەیان دامەزراندووەو وتی"لەئێستادا ئێمە گرنگی بەچۆنێتی باشترکردنی بواری رۆشنبیری خۆمان دەدەین، ئەم سەنتەرە بۆ ئێمە بۆتە دەرگایەك تا زیاتر قەرەج بە دەوروبەرمان بناسێنین".

پاش کردنەوەی کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێبوون بۆ قەرەجەکان لە ناوچەیەکی باشووری شاری دهۆکداو نیشتەجێبوونی زیاتر لە٢٦٠خێزان تێیدا ،ئێستا هەموویان سەرقالی کاری جیاجیان بۆ بەرێوەبردنی ژیان و گوزەرانی تایبەتی خۆیان، لەو کارانەش کە ئێستا سەرقالن پێوەی (شۆفێری، دارتاشی، کرێکاری و هەندێکیشیان وەك فەرمانبەر لە فەرمانگەکانی حکومەتدا دامەزراون و کاردەکەن.

ئەو ئەندامەی سەنتەری رۆشنبیری قەرەجەکان ئاماژەشی بەوەدا دەزگاکانی حکومەتی هەرێم لە ناوچەکەدا بێجیاوازیکردن وەك هەموو هاوڵاتییەکی دیکەی ناوچەکە مامەلە لەگەل قەرەجەکاندا دەکات، بەو هۆیەشەوە هەموویان وەك هاوڵاتیی عێراقی ئێستا خاوەنی ناسنامەو رەگەزنامەی عێراقین، بەلام ئەوەشی نەشاردەوە "هێشتا دانیشتوانی ناوچەکە بە چاوێکی نزم تەماشایان دەکەن و بەشێوەیەکی ئاسان رەفتار لەگەل قەرەجەکان ناکەن".

عەبدولرەحمان شانازی بەقەرەجبوونی خۆیەوە دەکات و دەلێت"قەرەج توێژێکی کارکەرە و تا رۆژی ئەمرۆش خزمەتێکی زۆر پێشکەش بەرەوتی ژیان دەکەن".

ئەو نموونەی ئەوەی هێنایەوە کە لە رابردوودا قەرەجەکان رووبەرێکی باشیان لەمالاندا داگیرکردووە،ئەویش لەرێگەی ئەوکەرەستەو پێداویستییانەی هێناویانەتە بەرهەم و کەم مالیش هەیە تائێستا ئەو کەرەستانەی کە قەرەج دروستی کردوون لەناو مالەکانیاندا نەبێت، ئەو کەرەستەو پێداویستیانەش کە قەرەجەکان شانازی بەدرووستکردنییەوە دەکەن، بێشکەی مندالان، سەبەتە، بێژنگ، دەفو لباوی راخستن و .. هتد).

عەبدولرەحمان وتیشی" لەبواری هونەرو ئەدەب و کەلەپووری کوردیشدا رۆلێکی گەورەمان بینیوەو چەندین گۆرانی و چیرۆك و داستانی فۆلکلۆریمان لەفەوتان پاراستووە ، ئەمە جیاواز لەدروستکردنی چەندین ئامێری مۆزیکی کوردی وەك (دەهۆل، زورنا، سازو کەمانچە".

مەحموود سالەحی تەمەن ٤٢ سال کە لەناوچەی مسیریکێی سەر بە قەزای سمێل دەژی ئاماژەی بەوەدا"هێشتا ئێمە ژیانی خۆمان لەژێر دەوارو رەشماڵەکاندا بەسەر دەبەین و باری ژیانمان زۆر خراپە، ئەوەتا لەوەرزی زستاندا ژیانمان زۆر ئالۆزبووە بەهۆی هاتنی سەرماو باران بارینەوە کەناوچەکەی ئێمەی بەزۆری گرتۆتەوە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە رێگەی سەرچاوەیەکی تایبەتەوە دەست دەستوور کەوتووە، (٦٩٥)خێزان لە سلێمانی و (٦٣٢) خێزان لەکەرکوك و (١٤٣٢) خێزان لەهەولێرو (٨٧٦)خێزان لەدهۆك و (٢٠٢)خێزان لەموسل و (٣٨٥) خێزان لەبەغدادا دەژین، کەکۆی هەموویان دەکاتە (٤٢٢٢)خێزان، هەموو ئەو خێزانانەش قەرەجی کوردن و بەشێوەزارێکی تایبەت دەدوێن کەلەناوخۆی قەرەجەکاندا پێی دەوترێت زمانی(دۆمانی). هەر بەپێی ئەو سەرچاوەیە، (٧٣٤)قوتابی لەناو ئەوخێزانە قەرەجانەدا هەیە.

عەبدولرەحمان ئەوەشی رونکردەوە، ئێستا ٩٥٪ مندالانی قەرەج لە خوێندنگەکانی دهۆك دەخوێنن و سەنتەرەکەشیان بەبەردەوامی خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری سازدەکات بۆ ئافرەتانی قەرەج، لەگەل خولەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواریشدا خولی تەندروستی و یاسایی و ناساندنی مافەکانی ئافرەت و مندالانیش بەرێوەدەبەن، لەو رێیەشەوە تارادەیەکی زۆر باش شێوازی ژیانی قەرەجان گۆرانی بەسەردا هاتووە.

قەرەجەکان لەچەند بنەماڵەیەك پێکدێن و ناوی تایبەتیان هەیە کە زۆربەیان گوزارشتە لەو پیشەیەی ئەنجامی دەدەن بنەمالەکانیش بریتین لە"وەستای بێژنگ دروستکەر، وەستای بێشکە دروستکەر، گۆرانی بێژی کەمدوو، سەیدی دەف لێدەر، دۆمی مافوور فرۆش، وەستای ئاسنگەر، دۆمی فالگرەوە، دۆمی سەبەتە دروستکەر، گۆرانی بێژی دانساز، دۆمی دەشتەکی، خێزانی سۆفیە لەر، گۆرانی بێژی مالادەلی، گۆرانبێژانی شامی، گۆرانیبێژانی کەوگیر، گۆرانی بێژانی مالی نورەدین و دۆمی تورکمان".

ئەو گۆرانکارییانەی لەژیانی قەرەجەکاندا روویداوە، جگەلە زەحمەتی تێکەلبوونیان بەکۆمەلگا، لەناو خۆشیاندا رێگری هەبووە بۆتێکەلبوون بەکلتوری دەوروبەریان.

ئەندامەکەی سەنتەری قەرەج ئاشکرایکرد، لەگەل ئەم هەنگاوەی ئەماندا کەسانێك لەناو خۆدی قەرەجاندا هەبووە کە رێگربوون لە تێکەلکردنی قەرەج بەکلتوری دەورووبەرەکەیان و وایان دەزانی بەهۆی کەمزانینی قەرەجەکانەوە ئیستغلال دەکرێن، بەلام کاتێك ئەوان بەردەوامییاندا بەهەولەکانیان ئەو دیدەش گۆرانی بەسەردا هات.

سەرەرای ئەوەی کە بارودۆخ و رەوشی قەرەج لەدهۆك گۆرانکاری بەخۆوە بینیوە، هێشتا ژمارەیەکی بەرچاو لەوان ماوە کە ژیانی خۆیان بەشێوەیەکی سادە لەژێر رەشمال و خێوەتدا بەسەردەبەن، هیوادارن ئەوانیش لەشوێنێکدا نیشتەجێبن و خوازیارن لەوژیانە رزگاریان ببێت.

فاتمە خالیدی تەمەن ٥٢ سال ژنێکی قەرەجەو وتی"خۆزگە ئێمەش لەم ژیانە پر زەحمەتە رزگارمان دەبوو، هیواخوازیشین ئێمەش وەك کەسانی دیکە خانومان بۆ بکرێت".

# کورد دەیەوێت بەڵگەنامە فەرمییەکان بکاتە زمانی کوردی

## تائێستا حکومەتی عێراق رێگری دەکات لە بەکوردی کردنی بەڵگەنامە فەرمییەکانی دامودەزگا حکومییەکان

بیلال جەعفەر لەسلێمانی

بەرپرسانی هەرێم دەلێن حکومەتی عێراق رێگری لەکارپێکردنی زمانی کوردی دەکەن، بۆیە ئەوان بەنیازن بەلگەنامە فەرمییەکان بکەنە زمانی کوردی و شان بەشانی زمانی عەرەبی، زمانی کوردی کارییپێبکرێت.

هەرچەندە بەپێی دەستووری عێراق، دەبێت سەرجەم بەلگەنامەو دیکۆمێنتە رەسمییەکان و یاساکانی دامودەزگا حکومییەکانی عێراق زمانی کوردی شان بەشانی زمانی عەرەبی لەسەر بێت، بەلام بەرپرسانی هەرێم دەلێن تا ئێستا حکومەتی عێراق رێگری لەکارپێکردنی زمانی کوردی دەکەن و کۆسپ لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەو مادەیەدا دروست دەکەن.

لیوا موحسین عوسمان بەرێوەبەری گشتی رەگەزنامەو پاسپۆرت و نشینگەی پارێزگای سلێمانی بەدەستووری راگەیاند، لەسالی ٢٠٠٤ەوە وەك رەگەزنامەو باری شارستانی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم سەرقالی گۆرینی سەرجەم بەلگەنامەکانین بەتایبەت ئەو یاساو دیکۆمێنتانەی لەناو دامو دەزگاکانی عێراقدان و هاولاتیانی عێراقی کاری پێدەکەن لەپارێزگاکانی باکورو ناوەراست و باشووری عێراق، بۆ ئەوەی زمانی کوردییان لەسەر بێت، بەلام تائێستا توانراوە زمانی کوردی تەنها بۆ پاسپۆرت زیاد بکرێت و لەسالی ٢٠٠٥دا توانرا مۆرەکانی فرۆکەخانەو فیزا زمانی کوردی و ئینگلیزیان بۆ زیاد بکرێت، چونکە لەگەل ولاتانی دەرەوەدا مامەلەی پێدەکرێت و دەبێت زمانی ئینگلیزی لەسەر بێت.

موحسین عوسمان باسی لەوەشکرد، لەسالی ٢٠٠٦دا چەندین جار هەولیانداوە سەرجەمی ئەو یاساو دیکۆمێنتانەی تایبەتن بە رەگەزنامەو پێناسی باری شارستانی لەهەموو عێراقدا بکرێنە کوردی، بەلام لەسەرەتادا چەندین"شۆڤێنی عەرەب لەحکومەتی ناوەند رێگریان لێکردین، چونکە ئەقلییەتی شۆڤێنی عەرەب هەزمی ناکات ناوی کوردی لەسەر پاسپۆرت و رەگەزنامەو پێناسی باری شارستانی هەبێت و هەموو عێراق بگرێتەوە، وە ئەم قسەیەش دژی دەستووری عیراق"ە.

لەسالی ٢٠٠٨دا وەفدێکی رەگەزنامەی هەرێم توانی بچنە بەغداو ئەو مەسەلەیە یەکلایی بکاتەوە کە بریاریانداوە لەسەرەتای سالی ٢٠١٠دا زیادکردنی زمانی کوردی بۆ رەگەزنامەی عێراقی و هەویەی باری کەسێتی زیاد بکرێت و بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

بەپێی مادەی (٤)ی دەستووری عیراق "زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمی عێراقە"، دەبێت لەسەرجەم ئاهەنگە نیشتمانییەکان و یاساو ئەو دیکۆمێنتانەی کە گوزارشت لەعێراقی بوون دەکات و دەدرێنە خەلکی بەکاربهێنرێن، هەروەها ئەو دیکۆمێنتانەی کەلەگەل دنیای دەرەوەدا لەعێراق کاری پێدەکرێت وەك (پاسپۆرت، ئیقامەو ڤیزاو مۆری فرۆکەخانە) پێویستە هەرسێ زمانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی)یان لەسەر بێت.

لیوا موحسین ئەوەشی خستەروو، لەئێستادا سەرجەم دیکۆمێنتەکانی رەگەزنامەو باری شارستانی کە دەدرێتە هاولاتیانی عێراقی، کردومانەتە کوردی بۆ ئەوەی لەسەر هەموو دیکۆمێنتەکان زمانی کوردی لەسەر بێت.

سەبارەت بەو بەلگەنامانەی کە لەلایەن بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ کاری پێدەکرێت کەبەزمانی عەرەبین و زمانی کوردیان لەسەر نییە، عەمید ئاراس رەئوف بەرێوەبەری هاتووچۆی پارێزگای سلێمانی بەدەستووری راگەیاند، ئەوان دوو بەلگەنامەیان هەیە کە پەیوەندی راستەوخۆیان بە هاولاتیانی عێراقەوە هەیە "سالنامەی ئۆتۆمبێل و مۆلەتی شۆفێرییە"،ئەوانیش لەهەولدان بۆ زیادکردنی زمانی کوردی بۆ سەر هەردوو دیکۆمێنتەکە، چونکە "زمانی کوردی کە زمانی رەسمی عێراقە" دەبێت وەك زمانی عەرەبی لەو بەلگەنامانەدا هەبێت.

نەقیب بەختیار محەمەد لێپرسراوی راگەیاندنی بەرێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی ئاماژەی بەوەدا، ئەو وەك نوێنەری هاتووچۆی سلێمانی بەیاوەری هەردوو نوێنەری هاتووچۆی هەولێرو دهۆك سەردانی بەغدایان کردووەو لەگەل بەرێوەبەری گشتی هاتووچۆی بەغدا کۆبوونەوەتەوە بۆ ئەوەی سالنامەی ئۆتۆمبێل ومۆلەتی شۆفێری بەهەمان شێوەی پاسپۆرت بکەنە کوردی، بەلام لیوا جەعفەر بەرێوەبەری گشتی هاتووچۆی بەغدا گرفتی لەبەردەم ئەو داوایەدا دروستکردووە.

نەقیب بەختیار محەمەد باسی لەوەشکرد لەبەلێننامەکەی کە واژۆکرابوو لەگەل ئەو کارگەیەی کە"لەوحەی ئۆتۆمبێل و سالنامەی شۆفێری دەردەکات،دەبێت هاوشانی زمانی عەرەبی زمانی کوردیش لەسەر ئەو بەلگەنامەو لەوحانە هەبێت، بەلام بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی بەغدا پێیان راگەیاندووین"پێویست ناکات زمانی کوردی لەسەر مۆلەتی شۆفێری و سالنامەی ئۆتۆمبێل هەبێت".

لەلایەکی دیکەوە بۆ کارکردن بەزمانی کوردی لەعێراقدا،لەلایەن لیژنەی رۆشنبیری و روناکبیری لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پرۆژە یاسایەك ئامادە کراوەو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، دواتر رەوانەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کراوە، بەلام تائێستا بریاری کۆتایی لەسەر نەدراوە.

دکتۆر رەئوف عوسمان جێگری سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیری و رووناکبیری لەپەرلەمانی عێراق بۆ دەستووری ئاشکراکرد، پرۆژە یاسایەکیان ئامادەکردووە بۆ ئەوەی زمانی کوردی لەپەرلەمانی عێراقدا بەکار بهێنرێت، واتە وەرگێرێك لەکاتی دانیشتنەکانی پەرلەماندا ووتەکانی ناو پەرلەمان بکاتەوە بەزمانی کوردی و سەرجەم ئەو بەلگەنامەو دیکۆمێنتە یاساییانەی لەعێراقدا هەیەو کاری پێدەکرێن بەتایبەت "پاسپۆرت و رەگەزنامەو پێناسی باری شارستانی" زمانی کوردیان بۆ زیاد بکرێت.

ناوبراو هێمای بەوەشکرد، هەرچەندە لەپەرلەمانی عیراق، پرۆژە یاساکە توشی دژایەتی و رووبەرووبونەوەو کۆسپێکی گەورە بوویەوە، بەلام توانرا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت و رەوانەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بکرێت، هەروەها لیژنەی رووناکبیری و رۆشنبیری پەرلەمان، سێ جار کتابیان بۆ ئەنجومەنی وەزیران کردووە، بەلام تائێستا "ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق وەلامیان نەداونەتەوە".

بەووتەی ئەندامەکەی پەرلەمانی عێراق، لەپرۆژە یاساکەدا باسی ئەوە کراوە کە بەرێوەبەرایەتییەك بۆ زمانەکانی"عەرەبی، کوردی، تورکمانی، سریانی" لەعێراق دروست بکرێت و کار بکات بۆ زیادکردنی زمانەکان لەسەر بەلگەنامە عێراقیەکان.



ئایا کوردەکان زمانی دایکیان دەخەنە سەر بەڵگەنامە فەرمییەکان؟

# ڤایرۆسی نوێ هات

## ئەو نەخۆشییەی سەد هێندەی ئایدز خێراتر بڵاودەبێتەوە، چەندین هاوڵاتی تووش کردووە

شاخەوان مەحمود لەسلێمانی

چەندین هاوڵاتی لەشاری سلێمانی تووشی نەخۆشییەکی ڤایرۆسی نوێ دەبن، کەئەو نەخۆشییە سەد ئەوەندەی ڤایرۆسی ئایدز خێراترە لەگەشەکردن‌و گواستنەوەداو تائێستاش چارەسەری بۆ نەدۆزراوەتەوە.

نەخۆشی هەوکردنی جگەری ڤایرۆسی، کەنەخۆشییەکی نوێی ڤایرۆسییەو مرۆڤ بەهۆی ڤایرۆسەوە تووشی دەبێت، بەپێی وتەی پسپۆرانی پزیشکی سەد ئەوەندەی ڤایرۆسی ئایدز خێراترە لەگەشەکردن‌و گواستنەوەدا، چەندین هاووڵاتی لەکوردستاندا تووشی بووە.

پسپۆرانی بواری تەندروستیش جەخت لەوەدەکەنەوە کە ئەو نەخۆشییە تائێستا چارەسەری بۆ نەدۆزراوەتەوەو لەچەند ڕێگەیەکیشەوە دەگوێزرێتەوە لەمرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر.

ئەو نەخۆشییە چەند جۆرێکی هەیە کە بەپیتەکان جیاکراونەتەوەو بەپێی وتەی پسپۆران جۆرە باوەکانی ئەو نەخشێیە پێکدێت لە (a,b,c,e)، هەریەکە لەجۆری (a,e) لەڕێگەی خۆراک‌و خواردن‌و ئاوی پیسەوە تووشی مرۆڤ دەبێت‌و دەگوازرێتەوە.

دکتۆر فەرهاد مەجید عەلی، بەڕێوەبەری نەخۆشییە گواستراوەکان لەبەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی سلێمانی، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت"جۆری (b,c) لەو نەخۆشییە، ئێمە زیاتر گرنگی بەو دوو جۆرە دەدەین، لەڕێگەی خوێن‌و بەروبوومەکانی خوێن‌و نیدڵ‌و نەشتەرگەری جەراحی‌و برینداربوون‌و بەرکەوتنی سێکسییەوە مرۆڤ تووش دەبێت‌و دەگوێزرێتەوە".

بەپێی وتەی پسپۆران لەئێستادا ئەو نەخۆشییە لە شاری سلێمانیدا هەیە، بەڵام لەچاو شارەکانی تری عێراقدا ڕێژەکە نزمترە.

بەپێی ئەو ئامارەی دەست دەستوور کەوتووە، لەماوەی مانگێکداو لەکانونی دووەمی ئەمساڵدا لەکۆی ٥١٦٢ کەس کەپشکنینی خوێنیان بۆ کراوە، تەنها ٧٤ کەس نەخۆشی هەوکردنی جگەری ڤایرۆسیان هەبووە لەجۆری (b)، لە ٤٨٥٦ کەسیشدا تەنها ١٤ کەس نەخۆشی جۆری (c) بوون، بەمەش لەسلێمانیدا ڕێژەکەی نزیکی ١٪ دەبێت، بەڵام لەهەندێ شاری ناوەڕاست‌و خوارووی عێراق ڕێژەکەی لەسەرووی ٦٪ دایە.

بەڕێوەبەری نەخۆشییە گواستراوەکان، هەرچەندە هێمای بۆ ئەوە کرد کەڕێژەی توشبووانی نەخۆشی هەوکردنی جگەری ڤایرۆسی لەشاری سلێمانیدا کەمە، بەڵام ئەوەی ڕوونکردەوە کەئەوان ئاماری تەواویان لەسەر ئەو نەخۆشییە لەبەر دەستدا نیە، لەبەرئەوەی تەنها لەو کاتانەدا ڕێژەی ئەو نەخۆشپانەیان بۆ دەردەکەوێت کەخەڵك بەهۆی گرێبەستی هاوسەری، یان خوێنبەخشینەوە سەردانی تاقیگە حکومییەکان دەکەن‌و لەوێ پشکنینی ئەو نەخۆشیەشیان بۆ دەکرێت.

دکتۆر فەرهاد بەدەستووری وت"هەر کەسێك خوێن ببەخشێت یان تووشی نەخۆشی زەردوویی بێت، پشنکینی بۆ دەکرێت ئەگەر ئەو ڤایرۆسە لەخوێنەکەیدا بوو پێویستە خوێنەکەی فرێ بدرێت، ئەوانەی بەهۆی گرێبەستی هاوسەرییەوە سەردانی تاقیگەکان دەکەن پشکنینیان بۆ دەکرێت تا بزانین ئەو ڤایرۆسە لەناو خوێنەکەیاندا هەیە یان نا".

بەڕێوەبەری نەخۆشییە گواستراوەکان ئاماژەی بەوەشدا کەئەو هاوسەرانەی لەئەنجامی پشکنیندا دەردەکەوێت کە کەسێکیان ئەو ڤایرۆسە لەناو خوێنەکەیدا هەیە، ئەوا هەوڵدەدەن چارەسەرێکیان بۆ بدۆزنەوە.

ئەو وتی"ئەگەر ڤایرۆسەکە لەخوێنی پیاوەکەدا بوو، ئەوا ژنەکەی بانگدەکەن‌و پێی دەڵێین، ئێمە کوتانی بۆ دادەنێین‌و سێ جار دەیکوتین، ئەگەر ڤایرۆس لەخوێنی ژنەکەشدا بوو، هەمان شێوە دەکەین"، ئەو دکتۆرە جەختی لەوە کردەوە کە لەکاتی دەرکەوتنی ئەو ڤایرۆسە لەکەسێکدا ئەوا پێویستە ئەو خێزانەی کەسەکەی تێدا دەژی بکوترێن لەگەڵ کەسە نزیکەکانی ئەو کەسەی ڤایرۆسەکەی هەیە بۆ ئەوەی ئەوانیش ئەو نەخۆشییە نەگرن.

ئەوانەی زیاتر گومانی توش بوون بەو نەخۆشیەیان لێدەکرێت ئەو کەسانەن کەنەخۆشی زەردوویی دەگرن، هەروەها لەگەڵ ئەو کەسانەشی کەکاری سەرتاشی دەکەن‌و گوێزان‌و مقەست‌و پێداویستییەکان خاوێن ڕاناگرن‌و بۆ چەند کەسێك بەپیسی بەکاری دەهێن.

دکتۆر فەرهاد وتی"لەکاتی سەردانی دکتۆری ددانداا، ئەگەر ئەو دکتۆرە ئەو ئامێرانە خاوێن نەکاتەوە بە ئامێری تایبەت‌و کاری پێ بکات بۆ چەند کەسێك ئەوا ئەو کەسانەش توش دەبن، یا لەکاتی نەشتەرگەریدا ئەگەر ئامێرەکانی نەشتەرگەری خاوێن نەبن‌و چەند نەشتەرگەرییەکیان پێ بکرێت، یان بەکار هێنانی سرنجی دەرزیەك کە بەکار هێنرابێت بۆ کەسێکی تر.

هەروەها وتی"یان لەڕێگەی سێکسی ناشەرعییەوە، نەخۆشییەکە تووشی مرۆڤ دەبێت‌و هەر لەو ڕێگەیەشەوە زیاتر بڵاودەبێتەوە".

لەئێستادا ئەو کەسانەی کاری پزیشکی‌و مامانی دەکەن، پشکنینیان بۆ دەکرێت تا بزانرێت ئەو نەخۆشییەیان هەیە یاخود نا، چونکە ئەگەر ئەو نەخۆشییەیان بێت، ئەوا دەکوترێن بۆئەوەی تووش نەبن، چونکە ئەگەر ئەو نەخۆشییەیان بێت ئەوا خەڵکی تر تووش دەکەن.

د.فەرهاد ئاماژەی بەوەدا کەئەم نەخۆشییە نیشانەی توش بونەکەی دیار نییەو دەیوت"زۆربەی زۆری ئەوکەسانەی توشی ئەو نەخۆشیە بوون‌و ئێمە پێمان زانیون، بەهۆی پشکنینی خوێنەوە، چونکە ئەو کەسانە خۆیان هاتوون‌و پشکنینیان کردووە هیچ ئاگادارییەکیان لەو نەخۆشییە نەبووە، لەبەر ئەوەی هیچ ئازارێکیان نەبووە".

ئەو نەخۆشییە تائێستا لەجیهاندا چارەسەری بۆ نەدۆزراوەتەوە، بەڵام زۆرکەس خۆی بەرگری لەشی هەیەو ڤایرۆسەکەی تیا نامێنێت.

دکتۆر فەرهاد وتی"بەڵام لەزۆر کەسیشدا بەماوەی ١٥ ساڵ، دەبێتە هۆی لەناوبردنی جگەری‌و گیان لەدەستدانی".



تەنها لەمانگی ١٠ی ٢٠٠٩دا ٧٤ کەس لەسلێمانی هەڵگری ڤایرۆسی هەوکردنی جگەرن.

فۆتۆ: شاخەوان مەحمود

# بەشەناوخۆییەکان پێویستییان بەبنکەی تەندروستییە

## "بۆ پارچەیەك حەب دەبێت یەك سەعات ڕێبکەین"

مەعاز فەرحان لەسلێمانی

لەگەڵ ئەوەی خوێندکارانی بەشەناوخۆییەکان لەزیادبووندان، لایەنی تەندروستی لە بەشەناوخۆییەکاندا فەرامۆشکراوەو خوێندکاران توشی کێشەی جۆراوجۆر دەبن لەکاتی نەخۆش کەوتنیاندا.

خوێندکارانی بەشەناوخۆیی قلیاسانی زانکۆی سلێمانی نەبوونی بنکەیەکی تەندروستی لەبەشەناوخۆییەکانیاندا بەگەورەترین گرفت دەزانن‌و بەو هۆیەشەوە بچوکترین نەخۆشی ترسێکی گەورەیان بۆ دروست دەکات، چونکە ڕێگەی گەیشتنە نەخۆشخانەیان زۆر دوورە، سەرۆکایەتی زانکۆش دان بەوەدا دەنێن کە پێویستییان بە بنکەی تەندروستی یان ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن هەیە.

خوێندکارانی بەشەناوخۆیی قلیاسان کەگەورەترین بەشەناوخۆیی زانکۆی سلێمانییە بۆ خوێندکارانی دەرەوەی شاری سلێمانی، پێیانوایە وەك چۆن ئاو و کارەبایان پێویستە بە هەمان شێوە بنکەی تەندروستیان پێویستە.

بەختیار فەرەج خوێندکاری قۆناغی چوارەمی پەروەردەی وەرزش‌و لەبەشەناوخۆیی قلیاسان بەدەستوری وت"بوونی بنکەیەکی تەندروستی کە خزمەتگوزاری سەرەتایی بۆ خوێندکارە نەخۆشەکان دابین بکات تا بێکێشە بگەیەنرێنە نەخۆشخانە زۆر پێویستە".

بەختیار وتی"بۆ پارچەیەك حەب دەبێت یەك سەعات ڕێبکەین، بەهیوام بەزووترین کات بنکەیەکمان بۆ بکەنەوە".

بەشەناوخۆیی قلیاسان لەساڵی ٢٠٠٤ دا دروست کراوەو تائێستا بنکەی تەندروستی تێدا نییەو تەنها یەك ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن بۆ بەشەناوخۆیی قلیاسانی کچان دابینکراوەو کوران لەو خزمەتگوزارییە بێبەشن.

"کاتێك خوێندکارێك نەخۆش دەکەوێت خوێندکاران بۆ یەکتر دەبنە ئۆتۆمبیلی فریاکەوتن بەکۆڵ یەکتری دەگەیەننە سەر ڕێگەی هاتوچۆ، چونکە تەنانەت ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنیشیان نییە.

سامان ڕەحیم یەکێکە لەو خوێندکارانەی کە لەنیوەشەودا بەپەلە هاورێکانی دەیگەننە نەخۆشخانە کاتێك توشی نەخۆشی دەبێت، سامان وتی" گەر بنکەی تەندروستیشمان بۆ ناکەنەوە هیچ نەبێت با ئۆتۆمبێلێکمان بۆ دابین بکەن، چونکە ئەو نەخۆشییەی کە توشی من بوو بەهۆی درەنگ گەیشتنە نەخۆشخانە لەسەری قورس کردبوومو چەند ڕۆژێك لەناو جێدا خستمی".

بەشەناوخۆیی قلیاسان کە لەسەر ڕێگەی سلێمانی تاسلوجەیەو لەنێوان گەرەگی ڕاپەرین‌و قلیاساندایە زۆرترین خوێندکاری تێدایەو لەسێ بەش پێکدێت کە دووانیان خوێندکارە کورەکانی تێدایەو ئەوی تریان خوێندکاری کچی تێدایە.

بەشە ناوخۆیی کچان ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن‌و بنکەیەکی تەندروستیان هەیە.

دکتۆر ئاراس فەریق زەینەڵ یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران بەوەکالەت بەدەستوری ڕاگەیاند "داوامان لەوەزارەتی تەندروستی کردووە کە بنکەیەکی تەندروستی بکەنەوە خۆمان دەرمانی سەرەتایی بۆ دەکڕین، جارێکی تر هەوڵدەدەین یان دەرمانمان بۆ دابین بکەن یان خۆمان دەیکرینەوە".

د. ئاراس وتیشی "هەموو زانکۆیەك ئۆتۆمۆبێلی فریاکەوتنی هەیە، ناردوومانە بۆ بەشەناوخۆیی کچان، داوامان کردووە دانەیەکی ترمان بۆ دابین بکرێت تا بینێرین بۆ بەشەناوخۆیی کوڕان".



"گەر بنکەی تەندروستیشمان بۆ ناکەنەوە با ئۆتۆمبێلیکمان بۆ دابین بکەن".

فۆتۆ: مەعاز فەرحان

# مێیینەکان چیتر ئەشکەنجە قبوڵ ناکەن

## سکاڵای ژنان لەدژی پیاوان بەوەی ئەشکەنجەیان دەدەن زیاد دەکات

بەرزان عەلی حەمە لەهەولێر

زیادبوونی سکاڵاکانی ژنان لەدژی پیاوان وەك هەوڵێك بۆ دەربازبوونیان لەئەشکەنجەدانیان، تادێت زیاتر دەبێت، ئامارەکانی ئەو سکاڵایانە، ئەوە دەردەخەن کەچیتر مێیینەکان ئەشکەنجەی نێرینەکان قبول ناکەن.

تەنیا لەچوار مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ دا ٥٢٢ مرۆڤی مێ لەهەرێمی کوردستان سکاڵایان لەسەر نێرەکان تۆمارکردووە، بەڵام لەچوار مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩دا ڕێژەکە بۆ ١٠١٤ بەرزبۆتەوە کە مرۆڤی مێ سکاڵایان لەمرۆڤە نێرەکان کردووە کە ئازاریان داون.

لەبەرامبەر ئەو سکاڵایانەی مێیینەکاندا، نێرەکان ڕووبەڕووی سزای خۆیان بوونەتەوە، لەسزادانیان لەلایەن دادگاوە کە لەهەندێ شوێنی کوردستاندا سزاکان گەیشتنە رادەی لەسێدارەدانیان، وەك ئەو پیاوەی لەدهۆك لەسێدارە درا لەسەر ئەوەی دوای کوشتنی ئافرەتێك لاشەکەشی دەسووتێنێت.

بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان دلخۆشی خۆیان نیشاندەدەن کە مرۆڤە مێیەکان چیتر خۆشنابن لەوەی لەلایەن نێرینەکانەوە ئازار بدرێن.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی ١٩٩١ەوە تاوەکو کۆتایی ٢٠٠٧، هیچ ئامارێکی نەبووە کە توندوتیژییەکانی دژ بە ژنی تیا تۆمار کرابێت، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٧ەوە کاتێك کچێکی یەزیدی بەناوی (دوعا) لەلایەن هاومەزهەبەکانییەوە بەبلۆك و شەق دەکوژرێت و لەڕێی مۆبایلەوە دیمەنی کوشتنەکەی بەناو شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا بڵاودەبێتەوە، حکومەتی هەرێم بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان دادەمەزرێنێت.

دوای ئەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکە دامەزرا، بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان لەهەولێرو دهۆك، لەساڵی ٢٠٠٨دا لەو ناوچانە ١٧٧٥ دۆسییەی تایبەت بەکێشەکانی ژنان کراونەتەوەو لەکۆی ئەمە ٩٢١ دۆسییە داخراون و بەکۆتایی گەیشتوون، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٧دا تەنها ٢١٨ دۆسیەی تایبەت بەکێشەی ژنان تۆمار کراوە، جگە لەمانەش لەساڵی ٢٠٠٨دا لەهەولێرو دهۆك ٤٩٦ کەس بەتۆمەتی ئازاردانی ژنان و ئافرەتان زیندانی کراون و لەو ڕێژەیەش ٧٨ کەسیان سزا دراون کە لەناویاندا بەندکردنی هەتاهەتایی هەیە.



ژن لەمێردەکەی و کچ لەباوك و براکەی سکاڵا دەکات

فۆتۆ: hespress

بەپێی ڕاپۆرتە ساڵانەکەی بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی ئافرەتان لەهەولێرو دهۆك و دەوروبەریان، لەساڵی ٢٠٠٨دا ١٤٠ ئافرەت دالەدەدراون، ٧٨ تاوانبار سزای زیندانی کردن و سێدارەدان و زیندانی هەتا هەتاییان وەرگرتووە، بەڵام ئامارەکانی توندوتیژی دژی ژنان لەهەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٩دا تەنها چوار مانگی یەکەم لەبەردەستدایە کە خودی بەڕێوبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان و ئافرەتان بەراوردکارییەکی لەنێوان چوار مانگی یەکەمی ٢٠٠٨ و چوار مانگی یەکەمی ٢٠٠٩دا کردووە.

چوار مانگی ساڵی ٢٠٠٨ لەهەرێمی کوردستان ١٦٤ حاڵەتی کوشتن و سوتانی ئافرەت و ژنان هەبووە لەگەڵ ٥٢٢ سکاڵای ژنان و ئافرەتان لە پیاوان کە ئازارو ئەشکەنجەیان داون، بەڵام لەچوار مانگی یەکەمی ٢٠٠٩دا ١٩٤ حاڵەتی کوشتن و سوتان هەبووە لەگەڵ ١٠١٤ سکاڵا، لێرەدا بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان دلخۆشی خۆیان ڕادەگەیەنن کە چیتر مێیەکان ئەشکەنجەی نێرەکان قبول ناکەن و لەوەها حاڵەتێکدا سکاڵایان لەسەر تۆمار دەکەن، بەڵام ئەوەش ناشارنەوە کە تائێستا بەهۆکاری کلتورییەوە ئافرەتان بەکەمی سکاڵا لەسەر کەسوکارە نێرەکانیان تۆمار دەکەن.

نەقیبی مافپەروەر ژیلەمۆ عەبدولقادر مەعروف بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان لەهەولێر ئاماژە بەوە دەکات کەسکاڵاکانی ئافرەتان بەرزبۆتەوەو ژن لەمێردەکەی و کچ لەباوك و براکەی سکاڵا دەکات.

ئەو وتی "بەڵام بەزۆری سکاڵاکان لەنێوان ژن و مێرد دایە، لەئەگەری ڕوودانی توندوتیژی دژ بەئافرەتان ئێمە ناتوانین هیچ ئیجرائاتێك بکەین ئەگەر ئافرەتەکە سکاڵای نەبێت، بەڵام ئەگەر حاڵەتەکە کوشتن بوو ئەوە مافی گشتی تێدایەو بەپێی یاسا کەسی بکەر سزا دەدرێت".

ئەو بەڕێوەبەرە ئاماژەی بەوەشدا کە توندوتیژی دژ بەژنان هەیە، بەڵام ئەوەی باشە سکاڵاکانی ئافرەتان ڕوو لەزیادبوونەو "ئەگەر هەرواش لەزیادبووندا بێت ئەوە واتای هۆشیاری ئافرەتان نیشان دەدات" ئەو وای وت.

ئاری ڕەفیق توێژەری کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان لەوەزارەتی ناوخۆ ڕەخنە لە ڕۆڵی ڕێکخراوەکان و میدیاکان دەگرێت بەوەی کە نەیانتوانیوە ڕۆڵی گرنگ بگێرن لە پرۆسەکەدا.

ئاری باس لەوە دەکات کەژمارەی ڕێکخراوەکان لە هەزار تێپەڕیوە کەچی ئامارەکانی خۆسوتاندن وەك ئەو دەڵێت جێی دلخۆشی نین، لەبەرامبەر میدیاکانیشدا ئاماژە بەوەدەدات کە"بەمانشێتە ناشرینەکانیان هەندێك بابەتی کۆمەڵایەتی دەوروژێنن".

ئاری ڕەفیق وتی "تا ئاستێك کە جێی دلخۆشی بێت ژن کوشتن دابەزیوەو ڕێژەی سکاڵاکردنی ئافرەتان بەرزبۆتەوە، بەڵام ئامارەکانی خۆسووتاندن جێی دلخۆشی نین".

خانم ڕەحیم بەڕێوەبەری بەرنامە لەڕێکخراوی ئاسودە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی مێیینە، گومان دەکات کە ڕێژەی ژن کوشتن دابەزیبێت، چونکە وەك خۆی دەڵێت "بەزەحمەت دەستمان دەگات بە ئامارەکانی حکومەت سەبارەت بە کوشتنی ئافرەت".

خانم ڕەحیم پێیوایە ساڵی پار حکومەتی هەرێم بەهەڵە هەفتەیەکی هەڵبژارد بۆ ٢٥ی نۆڤەمبەرو وتی "ئەمسالیش هەمان هەڵە دووبارە دەکەنەوە، بەڵام ٢٥ نۆڤەمبەر ١٦ ڕۆژ چالاکی پێ دەڵێن، حەملەیەکە لەهەموو جیهاندا دەکرێت، لە٢٥ی نۆڤەمبەرەوە دەست پێ دەکات تاوەکو ١٠ی دیسەمبەر".

خانم ڕەحیم پێیوانیە ژن کوشتن دابەزیبێت، ئەو وتی "دەکرێت بوترێت ڕێژەی کوشتنی ژنان کەم بۆتەوە، بەڵام من گومانم لەوە هەیە".

# ئاگری حەمامی ژنان بەرەو کوژانەوە دەچێت

## ژنانی کەرکوك یادەوەری ڕۆژانی ناو حەمامەکان دەگێڕنەوە

سەمیرە حسێن لەکەرکوك

ساهیرە محەمەد کەئێستا تەمەنی ٤٦ ساڵە بەردەوام لەحەمامی "دەدەحەمدی" خۆی دەشوشت کە دەکەوێتە گەرەکی موسەڵا لەشاری کەرکوك، ئێستاش یادگارییەکانی ئەو ڕۆژانەی بیرناچێتەوە.

ساهیرە هەفتەی دووجار دەچووە حەمامی دەدەحەمدی، وتی "لەبەرئەوەی حەمامی بازار هەڵمی زۆرەو گەرم و خۆشەو بۆ ئازارو نەخۆشی بردن و گیان نەرمکردن باشە، وەك چارەسەری سروشتیی خەڵکی بۆی دەهاتن، منیش یەکێك بووم لەوان".

ساهیرە ئەوەشی نەشاردەوە کە ئێستا ئەگەر ئەو حەمامە بکرێتەوە دووبارە بەهەمان شێوەی پێشوو دەچێتەوە لەوێ خۆی دەشوات، ئەو وتی "زۆربەی جار کە میوانم دەهات لەگەڵ خۆم دەیانمهێنا بۆ ئەم حەمامەی دەدەحەمدی، وەك ڕێزلێنانێك وابوو بۆ ئەو میوانە".

حەمامی "دەدەحەمدی" تا پاش هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ عێراق، لەساڵی ٢٠٠٣ کاری دەکردو ژنان بۆ خۆشۆردن سەردانیان دەکرد، بەڵام لەپاش هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان بەر لەچوار ساڵ داخرا، هۆی داخرانەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەشوێنەکەی نزمەو ئاوی دەرناچێ لەبەرئەوەی نزیك شەقامی سەرەکی ناو بازارە.

ئێستا ژنانی کەرکوك سەردانی حەمامەکانی ژنان ناکەن و هەندێك لەحەمامەکان کراون بەمزگەوت یان بازارو دوکان، هەندێکیشیان وەك شوێنەوارێکی مێژوویی ماونەتەوەو داخراون، ژنانیش هۆکاری نەچوونیان بۆ حەمامەکان دەگێڕنەوە بۆ بارودۆخی ئاسایش و تەندروستی و بڵاوبوونەوەی مۆبایل.

ساهیرە وتی "مێژووی حەمامی دەدەحەمدی بۆ نزیکەی ١٥٠ ساڵ بەر لەئێستا دەگەڕێتەوە، کاتی خۆی بەفلس و دوو فلس دەچووینە حەمام و بەم برە پارەیە پێنج شەش کەس خۆیان دەشوشت، ئێستا نەفەری بۆتە پێنج هەزار بۆ حەمامی پیاوان و لەهەندێ شوێن کەحەمامەکە تازەو خاوێن ترە، نەفەری شەش هەزارە ئەگەر حەمامی ژنان بمایە هەمان نرخ دەبوو ئەگەر زیاتر نەبوایە".

ئێستا حەمامی دەدەحەمدی بەقور سواغ دراوە، لەبەرئەوەی بیپارێزن لەشێی تەڕی و وەك ئاسەواری ئەو شارە هەر بمێنێ، سەرەرای کۆنی ئەم حەمامە، بەڵام حکومەت ڕێگە نادات بەخاوەنەکانی کە بیروخێنن لەبەرئەوەی وەك ئاسەواری شارەکە دەژمێردرێ.

یەکێك لەو دیاردانەی لەساڵانی سی و چلەکاندا لەکەرکوك سەریهەڵدا، بوونی ژمارەیەك لەحەمامی ژنان بوو کە ئەمڕۆ ئەو دیاردەیە لەژێر کاریگەری کۆمەڵێ هۆکار بەرەو نەمان دەچێت، یەك دوو حەمامی ژنان ماوە کەژنان ڕووی تێبکەن، ئەوانیش ئەگەری داخستنیان هەیە.

لەشارێکی وەك کەرکوك لەساڵانی چل بۆ شەست و حەفتاکان، دەیان حەمامی ژنان هەبوو، لەوانە حەمامی تۆقات و دەدەحەمدی لەگەرەکی موسەڵا، حەمامی شۆرجە لەگەرەکی شۆرجە، حەمامی حاجی ئامینە لەئیمام قاسم، حەمامی قەڵاو حاجی حسێن و حاجی باقی، حەمامی سەرا لەشوێنی گازینۆی مەجیدییەی ئێستا، هەروەها حەمامی ڕەشید لەدۆمیزو حەمامی حاجی خورشید لەپریادی، حەمامی عەلی بەگ لەشاترلۆ، حەمامی بۆڵاق و جوت و قلەو شوورو حەمامی قۆریەو حەمامی عەزیزە فەندی لەناو بازاری جووت قاوەو چەند حەمامێکی تری ژنان.

هەندێك وای بۆدەچن لەپاش ئەو هەڵمەتە بەناو ئیمانییەی ڕژێمی بەعس لەساڵی ١٩٩٦دا جاردرا، لەسەرانسەری عێراقدا حەمامەکانی ژنان بەرەو نەمان دەچوون، لەبەر ڕووە ئاینییەکەی گوایە لەشی ژن عەورەو عەیبەیەو نابێ کەسێك تەنانەت ئەگەر ژنیش بێ لەشی هاورەگەزی خۆی ببینێ.

هەندێکی دیکە پێیانوایە لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگار، وشیاربوونی خەڵك و کرانەوەی دونیا بەسەر تەکنەلۆژیاو کەمی گازو نەوت و ئاوو کۆمەڵی هۆی دیکە، وایان کرد ئەمڕۆ ژنان بۆ خۆشتن لەحەمامی ماڵ زیاتر هیچ جێگەیەکی دیکە شك نەبەن.

دەربارەی حەمامی حاجی خورشید کەئێستا کراوە بەمزگەوت بەدریە ڕەحمان داپیرەیەکی دراوسێی ئەو حەمامە وتی "لەساڵەکانی سی و چلەکان ئەم مزگەوتە حەمام بوو، لەپاش مردنی حاجی خورشید کوڕەکانی دایانخست لەبەرئەوەی ڕژێم زەرییەی زۆریانی لێوەردەگرت، لەدوای پرۆسەکەشەوە کرا بەم مزگەوتەی ئەنسار کە دەیبینن".

حەمامی ئامینەش لەپریادی وەك باسی لێوە دەکەن لەساڵەکانی چلەکانەوە هەبووە خاوەنەکەی ژنێکی تورکمان بوو بەناوی ئامینە، پاش مردنی کورەکانی کردیان بەمزگەوتی (ئەقصی) کە تا ئەمڕۆ ئەم مزگەوتە کراوەیە.


حەمام بۆ ژنان تەنها شوێنێك نەبوو بۆ خۆشۆردن، بەڵکو شوێنێکیش بووە بۆ کۆبوونەوە یان قسەکردنیان پێکەوە.

سەعدیە دانیشتووی گەرەکی شاترلووە، وەك خۆی باسی دەکات بەردەوام لەحەمامی بازار خۆی شتووە، وتی "حەمام شوێنێك بوو بۆ کۆبوونەوەی ژنان، جاروابووە ژن لەخۆشتن تەواو دەبوو یەکسەر نەدەچووەوە ماڵەوە، لەگەڵ ئەم ژن و ئەویتر دادەنیشت قسەی دەکرد، ئەمە جگەلەوەی هەندێ لەژنان بەمەبەستی چارەسەری سروشتی دەهاتن و چەند کاتژمێرێك دەمانەوە، تەنانەت هەندێ لەو نەخۆشانە بەتایبەت ئەوانەی نەخۆشی ڕۆماتیزمی هەبوایە، بەراوێژکاری پزیشك دەهاتە حەمامی بازار".

سەعدیە باس لەجۆری ئەو خواردنانە دەکات کە لەحەمامەکان خواردویانەو دەڵێت "زۆربەی جار خواردنیشمان بۆ حەمام دەبرد، یاخود خاوەن حەمامەکە بۆ خۆی کەعەك و شێلم و بیبسی دەفرۆشت پێمان، ئەگەریش برسیمان بوایە ئەوا دەینارد نەفەرێ کەبابمان بۆ بێنن بەتایبەت بۆ ئەو ژنانەی کاتی زیاتر لەحەمام دەمانەوە، خۆشترین خواردنیش لەحەمام سازگ بوو".

سەعدیە ئاماژەی بەوەشدا لەهەندێ بۆنە وەك جەژنان حەمام گرانتر دەبوو، بۆ نموونە ٢٥ فلس زیاتریان دەسەند، بۆ بردنی منداڵانیش بەتایبەت کور، تەمەنی دیاریکراو هەبوو بۆ بردنی، ئەو تەمەنەش دەبوایە لەخوار شەش ساڵییەوە بێت.

وتیشی حەمامی ژنان تا سێ ساڵیش بەر لەئێستا هەبوو، ژنان بەردەوام هاتوچۆیان دەکرد، بەڵام ئێستا نەماون تەنها دانەیەك یان دووان نەبێ ئەویش ئەگەری داخستنیان هەیە، بەهۆی خراپی شارەکە لەڕووی ئەمنیەوە، هەروەها نەبوونی نەوت و مەترسی بەکارهێنانی مۆبایل بۆ گرتەی وێنەی ژنان، هەروەها ئێستا لەبەرئەوەی نەخۆشی زۆر هەیەو مەترسی بڵاوبوونەوەی زۆرترە لەجاران و نەبوونی پاك و خاوێنی و مەرجی تەندروستی لەحەمامەکاندا ئەمانە هەموو هۆکاری یارمەتیدەرن بۆ نەمانی حەمامی ژنان.




باسوخواسی حەمامی ژنان کۆتایی هات

# "(٢٥٠) بریندارى کیمیایی برینیان سەختەو (٥٧)یان گیانیان لەدەستداوە"

## سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە بۆ دەستوور

سازدانی: بیلال جەعفەر

لوقمان عەبدولقادر سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، ئاماژە بەوە دەکات کە لەهەموو هەرێمی کوردستاندا، لەکۆی ئەو بریندارانەی کەهەیە، ٢٥٠ بریندارى کیمیابارانی هەڵەبجە، برینەکانیان سەختترین بریندارى کیمیابارانی هەڵەبجەن.

هەروەها دەڵێت"ئەگەر بریندارێکی کیمیاویی رێژەی کەمئەندامییەکەی لەمساڵدا (٢٠٪) بێت لەدوو ساڵی داهاتوودا زۆر زیاتر دەبێت، دەبێت حکومەتی هەرێم پلانێك دابرێژێت بۆ چارەسەری ئەو نەخۆشانە".

**دەستوور:** وەك کۆمەڵەی قوربانیان تائێستا چەند بریندارتان ناردووەتە دەرەوەی وڵات بەمەبەستی چارەسەرکردنیان؟

**لوقمان عەبدولقادر:** تائێستا نەتوانراوە سەرجەم بریندارەکان بنێنرێنە دەرەوەو چارەسەریان بۆ بکرێت، ئەوەی کەتائێستا کرابێت بۆ بریندارەکان بەجوهدی شەخسیو کۆمەڵە بووە، لەهەمانکاتدا چەند لیژنەیەك پێکهێنراوەو بڕیاری لیژنەکانیش بۆ (٦٩) بریندار بووە بۆ دەرەوەی هەرێم بەمەبەستی چارەسەرکردنیان کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمەوە کاری بۆ کراو بۆ هەریەکەیان برێك پارەی دیاریکراوی بۆ دابینکراوە، دواتر سەرۆکایەتی هەرێم کولفەی ئەو (٦٩) کەسەی گرتە ئەستۆ کەهەندێکیان نزیکەی (٤) نەشتەرگەرییان بۆ کراوە، بەڵام ئەمە لەبرینی برینداران کەم ناکاتەوە، بەڵکو بەداخەوە کاریگەری ئەو چەکە بەر هەر کەسێك کەوتبێت دەمێنێتەوە، سەرجەم بریندارەکان بەو هەموو مەعاناتو گرفتانەوە بەردەوامی بەژیان دەدەنو نەتوانراوە نەخۆشییەکەیان بنبڕ بکرێت، بەڵام بریندارەکانی کیمیاباران تەنها ئەو ٦٩ کەسە نەبوون، بەڵکو بریندارێکی زۆر ماوە، هیواخوازین لایەنێك هەبێت بۆ ئەوەی بەرنامەیەکی تۆکمە دابرێژێتو کاری بۆ بکات، داواکارم وردبینی بکرێت لەکاتی بینینی بریندارەکانەوە، چونکە کاری زۆرمان بینیوە لەشوێنی خۆیدا نەکراوە بۆ بریندارەکانو خەڵکانی دیکە تێکەڵ کراون، چونکە دەبێت نەخۆشی کیمیاباران حسابێکی تایبەتیان بۆ بکرێت لەلایەن حکومەتی هەرێم، لەرووی دابینکردنی بژێوی ژیانو شوێنی نیشتەجێبوونو خزمەتکردنی ئەو کەسانەی کەخزمەتی بریندارەکان دەکەن.

**دەستوور:** ئاماژەتان بەوەدا کەتەنها (٦٩) بریندار تائێستا چارەسەرکراون، ئەی چەند بریندار لەکۆمەڵە تۆمارکراون؟

**لوقمان عەبدولقادر:** هەر لەسەرەتای دروستبوونی کۆمەڵەوە لەساڵی (١٩٩٢) تائێستا کەسانێکی زۆر سەردانیان کردوینو ناویان تۆمارکراوە، ئێمە لەلایەن پەرلەمانی عیراقەوە بەبڕی (١٢٠) ملیۆن دیناری عێراقی هاوکاری کراوین، کۆمەڵە ئەو پارەیەی کردە بەرنامەیەك بۆ ئەوەی ژمارەیەکی دروستی بریندارەکانی کیمیاویی دەست بکەوێت کەئەوەش کاری حکومەتی هەرێم بوو، دواتر بەهۆی بێ ئەزموونی دکتۆرەکانی کوردستان، لەلایەن کۆمەڵەوە بەهاوکاری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمو پەیوەندییەکانی (یەکێتیو پارتی) لەئێران، بانگهێشتی چەند دکتۆرێکی کۆماری ئیسلامی ئێرانمان کرد تاوەکو لەدواجاردا تیمەکەی ئێران بەهۆی ئەوەی تیمێکی پزیشکی سەربازی گەورە بوونو پلەیەکی سەربازیان هەبوو بەزەحمەتێکی زۆر هاتنو پشکنینیان بۆ (٧٢٠) بریندارى کیمیاویی ئەنجامدا لەهەموو هەرێمی کوردستاندا، لەکۆی ئەو بریندارانە ژمارەیەك برینداریان دەستنیشانکردووە کە (٢٥٠) بریندارن بەپێی راپۆرتی ئەو دکتۆرە ئێرانییانە ئەوانە سەختترین بریندارى کیمیابارانی ئەمڕۆی هەرێمن، هەروەها ژمارەیەکی تریشیان دەستنیشانکردووە کەدەبێت ناو بەناو لەلایەن دکتۆرەکانەوە ببینرێن، چونکە حاڵەتی کیمیاباران حاڵەتێکی شازەو ئەگەر بریندارێکی کیمیاویی رێژەی کەمئەندامییەکەی لەمساڵدا (٢٠٪) بێت لەدوو ساڵی داهاتوودا زۆر زیاتر دەبێت، دەبێت حکومەتی هەرێم پلانێك دابرێژێت بۆ چارەسەری ئەو نەخۆشانە.

لەکۆی گشتی ئەو بریندارانەی کەپشکنینیان بۆ ئەنجامدراوە زۆربەیان لەشاری هەڵەبجەدان کەدەکاتە (٦٠٪)و ئەوانی دیکەش لەناوچەکانی (بالیسانو شێخ وەسانانو گۆپتەپەو شەقڵاوە)دان.

پێشتریش لەلایەن هەمان تیمەوە داتایەکی (١٦) برینداریان پێدراین کە لەحاڵەتی زۆر سەختدان، بەهاوکاری وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالو تەندروستی هەرێم توانرا بودجەیەکیان بۆ دابینبکەین لەحکومەتی هەرێم بۆ ئەوەی نەشتەرگەری گلێنەی چاویان بۆ بکەینو تائێستا تەنها سیانیان نەشتەرگەریان بۆ کراوە.

**دەستوور:** لەجێگەی ئەوەی بریندارەکان ببرێنە دەرەوە بڕیاری کردنەوەی نەخۆشخانەیەك درا لەشاری هەڵەبجە بۆ چارەسەری بریندارەکان، ئایا کاری تەواوکردنی ئەو نەخۆشخانەیە بەچی گەیشت؟

**لوقمان عەبدولقادر:** ئەو نەخۆشخانەیە دوو ساڵ لەمەو پێش بەردی بناغەکەی دانراو سەرجەم برینداران بەچاوی ئومێدەوە سەیریان دەکرد، بەڵام سستییەك لەجێبەجێکردنیدا هەیەو (١٠٪)ی کارەکانی تەواو نەکراوە، هیوادارم بەزووترین کات بکرێتەوەو پربکرێت بەچەند تیمو پسپۆڕێك لە پزیشکی تایبەت بۆ چارەسەری بریندارەکان، چونکە تەنها بینای نەخۆشخانەکە برینی بریندارەکان چارەسەر ناکات.

**دەستوور:** تائێستا چەند بریندار بەهۆی برینەکەیانەوە گیانیان لەدەستداوە؟

**لوقمان عەبدولقادر:** لەو کاتەوە وەك ئەندامی دەستەی باڵای کومەڵە لەساڵی (١٩٩٢) کارم کردووەو وەئێستاش وەك سەرۆکی کۆمەڵە، بەهۆی چارەسەرنەکردنو سەختی برینەکانیان (٥٧) بریندارىی کیمیاباران گیانیان لەدەستداوە.

**دەستوور:** تائێستا لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە هیچ موچەیەك بۆ بریندارانی کیمیاباران نەبڕاوەتەوە؟

**لوقمان عەبدولقادر:** وەك بریندارى کیمیاباران هیچ بریندارێکمان نییە کە موچەی لەلایەن حکومەتی هەرێمو کەسو لایەنێکەوە بۆ برابێتەوە، بەڵکو ئەوە داواکاری ئێمەیە بۆ سەرۆکی حکومەتو کابینەی نوێ، کەئەو بریندارانەی برینەکانیان سەختەو ناتوانن بەردەوامی بەژیانیان بدرێت لەلایەن حکومەتەوە یارمەتی بدرێت، چونکە هەرماڵێك نەخۆشێکی کیمیابارانی تێدا بێت مەسروفاتێکی زۆری پێویستەو لەبێ جێگەیدا حاڵەتی نەخۆشیەکەی خراپتر دەبێت، گلەیشمان لەحکومەت ئەوەیە بۆچی دەبێت بریندارێك کە(٨٠٪) سییەکانی بەهۆی کاریگەری کیمیابارانەوە سوتابێت لەبازاردا بۆ بژێویو چارەسەری خۆی سواڵ بکات.

**دەستوور:** وەفدێکی پزیشکی حکومەتی ناوەند پێشتر هاتە هەڵەبجە، دەرئەنجامی کارەکانی ئەو وەفدە چی بوو؟

**لوقمان عەبدولقادر:** لەچەند مانگی رابردوودا ئەو تیمە پزیشکییەی بەغدا هاتنە هەڵەبجەو بریندارەکانیان بینیو بەڵێنیان پێدراین کار بۆ چارەسەرکردنیان بکەن، بەڵام بەداخەوە تائێستا هیچ وەڵامێکیان نەداوینەتەوەو پابەندی بەڵێنەکانیان نەبوون، بەبۆچوونی من "نەهاتنەوەو وەڵام نەدانەوەی ئەو وەفدە پزیشکییە پەیوەندی بەکێشەو ململانێ سیاسیەکانی نێوان هەرێمو بەغداوە هەیە".


لوقمان عەبدولقادر

# لەرانیە ژنان لەسەر زەوییو تەوالێتدا منداڵیان دەبێت

## لەژوورێکی تەسکدا نزیکەی ٣٠٠٠ منداڵ لەدایکبوون

فەرمان چۆمانی لەڕانیە

لەژوورێکی تەسکی نەخۆشخانەی رانیەدا، لەماوەی ٩ مانگی رابردوودا، نزیکەی ٣٠٠٠ منداڵ تائێستا لەدایکبوون، چەندینجار ژنانیش لەسەر زەوی یان لەتەوالێتدا منداڵیان بووە، بەهۆی نەبوونی نەخۆشخانەیەکی گونجاوی تایبەت.

نەخۆشخانەی منداڵبونی رانیە ماوەیەکە بیناکەی تەواوبووە، بەڵام کەلوپەلە پێویستەکانی بۆ دابین نەکراوە، تائێستا وەك بەشێك لەنەخۆشخانەی رانیەدایە، ئەوەش کۆمەڵێك گرفتی بۆ هاوڵاتیانو نەخۆشخانە دروستکردووە بەهۆی تەسکی بیناکەیان.

دکتۆرە مەها نوری پسپۆر لە بواری ژنان و منداڵبون لە نەخۆشخانەی گشتی رانیە دەڵێت "شوێنمان زۆر تەسکە و پزیشکی پسپۆرمان کەمەو قەرەباڵغی زۆرمان لەسەرە، جار هەیە ١٥ نەخۆشی بەیەکجار لێیەو شوێنی چوار نەخۆشیشمان هەیە، ئەمە لەکاتێکدایە هیچ لەو نەخۆشانە دەمودەست منداڵیان نابێت، هەیە چوار کاتژمێری دەوێت کە نۆبەرەش بێت ٢٤ کاتژمێر چاودێری دەکرێت، جگەلەوەی رۆژانی پێنج شەممەو هەینی نەخۆشی قەڵادزەش بەرێدەکەین، زۆرجاریش لە دوکانو کۆیەش خەڵك دێت".

دکتۆرە مەها وتیشی کەبچیتە بەشی منداڵبون گریانت دێت، چوار قەرەوێلەی شکاوی لێیە چەندجار نەخۆش لەسەر زەویو لە دەبیلوسی (تەوالێت) منداڵی بووە.

ئەو وتی"ئێمە یەك موقیممان هەیەو ئەویش پیاوەو زۆر شارەزا نییە لە کاری ژنانو پێی شەرمە چارەسەریان بکات، چۆن دەبێ لەو سنورە عەشایرە پیاو لەبەشی منداڵبوون بێ، ئێمەش پێمان شەرمە بڵێین ئەوە بکەن، تەنها پەرستاری لێیە کە هەموو شت بکات، هەروەها موقیم ئەقدەمان هەر نییە کە ئەوە گرنگترین شتە".

بەپێی ئامارێکی نەخۆشخانەی رانیە لە ماوەی نۆ مانگی ئەمساڵدا ٢٩٠٩ منداڵ لەو نەخۆشخانەیە لە دایکبوون، کە ١٥٣٣ منداڵی کور و ١٣٢٧ منداڵی کچ بووە و ٤٩ منداڵیش بە مردویی لە دایکبون کە زۆربەیان رەگەزی نێرینەیە.

دکتۆر جەلال قادر بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی رانیە وتی"ئەوەندەی ئاگادارم کرینی کەلوپەلەکانی نەخۆشخانەی منداڵبوون دراوە بە تەندەر، ئەو نەخۆشخانەیە بیناکەی تەواو بووە".

هەروەها وتی"لەبەشی منداڵبوونی نەخۆشخانەکەماندا گرفتی شوێنمان هەیەو فشاری زۆرمان لەسەرەو هۆڵەکەمان بچوکەو ناتوانین کەشێکی ئارام بۆ نەخۆش دروست بکەین".

جگە لەو ستافەی کە لەنەخۆشخانەکەدا هەیە، پزیشکیان وەك پێویست نییە.

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی وتی"موقیم ئەقدەمان نییە کە زۆر پێویستە بۆ بەشی منداڵبوون، ژمارەی موقیم بەپێی پێویست نییەو زۆربەی کێشەکان رووبەرووی دکتۆرە پسپۆڕەکان دەبنەوە".

دکتۆر جەلال ئاماژەی بەوەشدا کەزۆربەی ئەو پزیشکانەی کەدەهاتن کور بوون، ئەوەش گرفت بوو، چونکە نەیاندەتوانی هەموو کات لەوێ بمێننەوە بە تایبەت شەوانە نەوەك خەڵك بەجۆرێك قسە بکات.

ئەو وتی"بۆیە کە پزیشکی کچ بۆ ئەو سنورە دابنرێت باشترە، چەندین جار داوای پزیشکی کچمان کردووە، هەرچەندە لە بواری تەندروستی جیاوازی لە نێوان کورو کچ نییە، بەڵام دەبێ لەو سنورە رەچاوی هەندێ باری کۆمەڵایەتی بکرێت".

بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی رانیە داواکارە بەزووترین کات ئەو نەخۆشخانەیە تەواو بکرێت، چونکە خەڵکێکی زۆر چاوەڕوانی کردنەوەیەتی، نەخۆشخانەی ئێمە بۆتە سەنتەرێك بۆ هاوڵاتیانو توانای ئەو هەموو نەخۆشەی نییە، بۆیە کە ئەو نەخۆشخانەیە بکرێتەوە کێشەکانمان چارەسەر دەکرێت".



بەشی منداڵ بوون لەنەخۆشخانەی گشتی ڕانیە بێجگە لەگرفتی جێگە، کێشەی کەمی دکتۆریان هەیە.
فۆتۆ: فەرمان چۆمانی

# هەمووما‌ن خاوەنی لاپتۆپین

## "گرنگ هەڵگرتنی نییە، گرنگ چۆنیەتی بەکارهێنانیەتی"



کرینی لاپتۆپ لاسایی کردنەوەیە یان بۆبەکارهێنانە

فۆتۆ:بیلال

باوان عومەر لەسلێمانی

بەکارهێنەرانی لاپتۆپ روو لەزیادبوونەو بەشێك لەگەنجان وەك پێداویستیو بەشێکی تریان وەك چاولێکەری بەکاریدەهێنن.

چەندین کۆمپانیا خەریکی هاوردەکردنی لاپتۆپە بۆ کوردستانو زۆربەی مارکە جیهانیەکان لەبازارەکاندا دەست دەکەوێت.

بەکارهێنانی لاپتۆپ بەشێوەیەك لەناو گەنجاندا بڵاوبووەتەوە وەك هاورێی ئەوانی لێهاتووەو لەزۆربەی شوێنەکاندا لەگەڵ خۆیاندا دەیگێڕنو هەندێکیان وەك پێداویستیو هەندێکیشیان وەك چاولێکەری بەکاریدەهێنن.

مەریوان ئەحمەد کەخۆی لاپتۆپ بەکاردەهێنێت، سەبارەت بەبەکارهێنانی لاپتۆپ دەڵێ"لاپتۆپ بووەتە بەشێکی پێویستو لەهەندێ کاتیش چاولێکەری و عەیبەیە، بۆیە بەناچاریش بێت پێویستە بەقیست، یان نیوە قەرز بێت بیکرێت".

ناوەندی کۆمپیوتەری یاد بۆ خزمەتگوزاریەکانی کۆمپیوتەر رایگەیاند"زۆر کرینی لاپتۆپ دەگەڕێتەوە بۆ دابەزینی نرخی کەرەستەی ئەلکترۆنی، لەبەرئەوەی جاران رێژەیەکی کەم لاپتۆپ هەبووە، بەڵام ئێستا زۆر بەربڵاوبووەتەوەو ئەو کۆمپانیایانەی لاپتۆپ دروستدەکەن توانییان نرخەکان دابەزێننو بیهێننە ئاستێك کە گشتی بێت، بۆ ئەوەی هاووڵاتی توانای ئەوەی هەبێت بیکرێت".

بەپێی قسەی خاوەن کۆمپانیاو فرۆشیارانی لاپتۆپ خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگاکان زیاتر دەیکڕنو بەکاریدەهێنن.

هۆکارێکی سەرەکی بەکارهێنانی لاپتۆپ لەلایەن فرۆشیارانو بەکارهێنەرانیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەسیستمی قیست دەتوانرێت بکردرێت.

خاوەنی ناوەندی کۆمپیوتەری یاد وتی"زۆربەی ئەوانەی کۆمپیوتەر دەکرن بە قیست دەیبەن، ئەمەش ئاسانکارییەکە بۆ ئەوانەی لاپتۆپ دەکرن، هەندێك جار ئەو هاووڵاتییە تواناێ نیە بە نەقد کۆمپیوتەر بکرێت، بۆیە ناچارە بە قیست بیبات".

بەهۆی زۆری رێژەی بەکارهێنەرانی لاپتۆپ، ئێستا کۆمپیوتەری دیسکتۆپ کەمتر بەکاردێت، بەوپێیەی لاپتۆپ بەئاسانی دەتوانرێت لەشوێنێکەوە بگوێزرێتەوە بۆ شوێنێکی تر.

لە زۆربەی کافتریاکانی کوردستاندا راستەوخۆ هێڵی ئینتەرنێتیش هەیە، کە گەنجان لەکاتی سەردانی ئەو کافتریایانەدا لاپتۆپەکانیشیان دەبەن و بەکاریدەهێنن.

خاوەنی ناوەندی یاد وتی"دیسکتۆپ تەنها لە ماڵدا بەکاردێت، بەڵام ئێستا زۆربەی گەنجان کە کۆمپیوتەریان هەیە خەتی ئینتەرنێت بەکاردەهێنن، لاپتۆپەکە بۆ زۆر شوێنی دەبات کە ئێستا هەندێك لەکافتریاکان ئینتەرنێتیان هەیە بۆیە دەیەوێت لەم رێگەیەوە سودمەندبێت لەبەکارهێنانی ئینتەرنێت".

لاڤین خوێندکاری زانکۆ ئاماژەی بەوەدا ئەوەندەی خەڵکی فشە بە لاپتۆپەوە دەکەن، ئەوەندە سودی لێنابینێتو لە بواری دروستدا بەکاریبهێنێت، من کەخۆم لە بەشی زانستیم رومنایەت لاپتۆب هەڵبگرم، وتیشی" گرنگ هەڵگرتنی نیە، گرنگ چۆنیەتی بەکارهێنانیەتی لای بەکارهێنەرەکەی، چونکە زۆریش لە خوێندکارانی زانکۆ هەن لەکاتی لاوەکیدا بەکاریدەهێنن".

زۆربەی ئەو لاپتۆپانەی دەهێنرێنە کوردستانەوە لە چینو دوبەیەوە دەهێنرێنو زیاتریش جۆرەکانی (دێل، hp، توشیبا، ئایسەر)ەو بەم دواییەش لاپتۆپی هاسی کەوتە بازارەکانی کوردستانەوە.

هیوا خاوەنی کۆمپانیای نێت کۆم سەبارەت بەرێژەی ئەو لاپتۆپانەی لە کۆمپانیاکەی ئەوان دێتە کوردستان وتی" لەهەفتەیەکدا (١٠٠ - ١٥٠) لاپتۆپ دەهێنین".

هیوا ئاماژەی بۆ ئەوەکرد لەرووی فرۆشتنەوە لاپتۆپ زیاتر خواستی لەسەرە، بەرای ئەو تەمەنیش رۆڵ دەبینێت لەسەر خواستەکەی، بۆیە لای گەنجان زیاتر لاپتۆپ بەکاردەهێنرێت، بۆیە دەتوام بڵێم (٦٠٪)ی خەڵکی داوای لاپتۆپ دەکات، ئەوەش لەبەر ئەوەیە سوکە و هەندێ مواسەفاتی وەکو (کامێرا، وایەرلێس..تاد) لەگەڵدایە.

ئومێد محەمەد خاوەنی نوسینگەی نقار بۆ پێدانی لاپتۆپی جۆری هاس بەقیست، باسی لەوەکرد جگە لە ئەوان چەندین کۆمپانیا هەیە کە لاپتۆپ دەهێنێت بۆ کوردستان، وەکو کۆمپانیاکانی (قەیوان، بانکی دیجلە و فورات) جگە لەچەند دوکانداریکی ناو بازار.

کۆمپانیای سۆما بۆ خزمەتگوزاریی کۆمپیوتەر، سەبارەت بەوەی ئەو کۆمپانیایانەی کە لاپتۆپ دەهێنن چەندە، وتی" رێژەکان بەستراوەتەوە بە رادەی فرۆشتنی کەرەستەکانەوە لەگەڵ ئەوەی لەچاو رابردوودا چوار بەرامبەر زیادی کردوە، بەهۆی کێشەی بازاری عێراقەوە، لەرووی چۆنایەتیەوە کێشەیەکی گەورەمان هەیە بەوەی کە کوالێتی کۆنترۆل نیە، بۆیە لاپتۆپە خراپەکانی ئەوروپا دەهێنن بۆ عێراق".

سەبارەت بەرێژەی بەکارهێنەرانی لاپتۆپ خاوەنی کۆمپانیای سۆما وتی" جگە لەدائیرەکان خەڵکی زۆر بەکەمی دیسکتۆپ بەکاردەهێنن، رێژەی ٩٠٪ی خەڵکی لاپتۆپ دەکرن، ئەمەش لەچاو ساڵاندا رێژەکە زۆر بەرزبوەتەوە.

# ئۆتۆمبێلێک گەنجانی چەمچەماڵ مەستدەکات

## گەنجانی چەمچەماڵ داوای کردنەوەی یانەیەکی خواردنەوە دەکەنو کۆمەڵی ئیسلامیش دژی دەوەستێتەوە

فەرمان خێڵانی لەچەمچەماڵ

ئۆتۆمبێلێك رۆژانە لەسەر بانی مەقان دەوەستێتو بووەتە جێگای هیوای کۆمەڵێك گەنجی چەمچەماڵ، بەوەی تەنها ئەو ئۆتۆمبێلە لەقەزاکە لەبری یانەو دوکانەکانی مەی فرۆشتن مەی دەفرۆشێت.

ئەو ئۆتۆمبێلە نزیکەی کاتژمێرو نیوێك لێیانەوە دوورە ئەگەر بەپێ بڕۆنو بگەڕێنەوە، بەتایبەت کەدەگەڕێنەوە ناتوانن هەمان هەڵمەتی رۆیشتنیان هەبێت.

ئەو گەنجانە بۆ خواردنەوەو کرینی مەی ئەو رێگا دوورودرێژە دەبڕن، ئەوانەش کەناتوانن سەردانی بکەن ئەگەری پەنابردنەبەر مەشروب خواردنەوەو سیکۆتین هەڵمژینیان زیاتر بووە.

گەنجانی چەمچەماڵ نارەزایی خۆیان لە داخستنی دوکانەکانی مەیفرۆشتن دەردەبڕنو ئاماژەش بەوەدەکەن چەندین گەنج لەبری مەیخواردنەوە پەنا بۆ بۆنکردنی سیکۆتینو شروبخواردنەوە دەبەن، داوای کردنەوەی یانەیەکی مەیخواردنەوە دەکەنو هێزە ئیسلامییەکانیش دژی ئەو داوایەن.

لەشارۆچکەی چەمچەماڵ تاساڵی ٢٠٠٤ دوو یانەی خواردنەوە لەناو بازارەکەیدا هەبوو، لەهەمان ساڵدا بەپێی قسەی گەنجانی شارەکە لەژێر فشاری لایەنە سیاسیەکانو پیاوە ئاینیەکاندا ئەو دوو یانەیە داخرانو ئێستا تەنها یەك ئۆتۆمبێلی مەیفرۆشتن هەیە لە بانی مەقان کە نزیکەی کاتژمێرو نیوێکی پێویستە تا بەپێ برۆیتو بگەڕێیتەوە.

گەنجانی چەمچەماڵ نارەزایی خۆیان لەداخستنی دوکانی مەیفرۆشەکان دەردەبرنو ئاماژەش بەوەدەکەن کە بەهۆی دووری ئەو ئۆتۆمبێلەوە چەند گەنجێکیان لەبری مەی پەنا بۆ بۆنکردنی سیکۆتینو شروبخواردنەوە دەبەن.

زانا عەلی گەنجێکی شارۆچکەی چەمچەماڵەو خوێندکاری زانکۆیە، ئاماژەی بەوەدا پێش ٢٠٠٤ لەم شارەدا دوو باری لێبوو، بەڵام لەسەر داوای خەڵکانی "ئاینیو کۆنەخوازی ئەم شارە" داخران، ئێستاش تەنها یەك ئۆتۆمبێل لەسەر بانی مەقان مەیی دەفرۆشێت.

زانا داوای کردنەوەی یانەیەکی خواردنەوە دەکات لە نزیك بازاری شارۆچکەکەیانو دەڵێت: ئەگەر ئێستا کەسێك هەلبستێت بە کۆکردنەوەی واژۆ بۆ کردنەوەی یانەیەکی خواردنەوە، بەدڵنیاییەوە دەڵێم رێژەیەکی ئێجگار زۆر لەگەنجان واژۆ دەکەن بۆ کردنەوەی بارێك لەشارەکەدا، بۆیە داوا دەکەین یانەیەکی خواردنەوەی شیاو لەشارەکەدا بکرێتەوە.

بانی مەقان ئەو شوێنەی کە بەهاران خەڵکی چەمچەماڵ بۆ سەیرانو گەشت سەردانیان دەکرد، بەپێی قسەی گەنجانی ئەو شارە ئێستا خەڵك سەردانی ناکات، چونکە"ئەو ئۆتۆمبێلە مەی لێدەفرۆشێت".

ئاسۆ قادر یەکێکی ترە لەو گەنجانەی چەمچەماڵ کە هیواخوازە یانەیەکی خواردنەوە لەشارەکەیاندا بکرێتەوە، ئاسۆ هۆکاری داخستنی یانەی مەیخواردنەوەکانی گەراندەوە بۆ"داواو فشاری لایەنە ئیسلامیە سیاسیەکان ، ئەگینا جگە لەم شارەی ئێمە هیچ شارێك نیە مەیخانەی تێدانەبێت".

ئاسۆ باس لەوەدەکات کە چەند گەنجێکی ناسراوی خۆی بەهۆی دەست نەکەوتنی مەی، دەستیان داوەتە شروبخواردنەوەو سیکۆتین بۆنکردنو ئاماژەی بۆ ئەوەکرد"ئێواران یان شەوان برۆرە دەوروبەری قەڵاکەو پشتی قەڵاکە بەئاشکرا دەبینیت چەند گەنجێك کۆمەڵ کۆمەڵ دانیشتوون شروب دەخۆنەوەو سیکۆتین بۆن دەکەن، من بۆ خۆم چەند گەنجێکیان لێدەناسم".

گەنجان پێیانوایە نەبوونی شوێنێکی تایبەت بەخواردنەوەی مەی کاریگەری کردۆتە سەر ژینگەی شارۆچکەکەو بەهۆی ئەو کەسانەی دەچن مەی دەکڕنو دەیهێننەوە، دواتر بوتڵو شوشەکانی لەسەر شەقامو کۆڵانەکان فرێ دەدەن.

سیامەند مام کاکەوڵا خوێنەرێکە لەچەمچەماڵ و جاربەجاریش بۆ رۆژنامەکان دەنووسێت، وتی"ئەم شارۆچکەیەی ئێمە زۆرتر کەوتۆتە ژێر فشاری عەقلی کۆنەپەرستی کۆمەڵگاو بیرکردنەوەی لایەنە ئیسلامیەکانەوە، ئەگینا باوەرناکەم شارێك هەبێت لەعێراقدا باری تێدا نەبێت، تەنها قەزای چەمچەماڵە کە باری تێدا نیە".

کاریگەری نەبوونی یانەی خواردنەوە دەگاتە ئەو رادەیەی سیامەندو هاورێکانی وەك کۆمەڵێك گەنجی چەمچەماڵ مێزگردێکیان سازداو تێیدا باسیان لەگرنگی هەبوونی یانەیەکی خواردنەوە کرد.

سیامەند ئاماژەی بەوەدا جگە لە مێزگردێك دەربارەی کردنەوەی یانەیەکی مەیخواردنەوە، وەك کۆمەڵێك گەنج چەند جارێك سەردانی لایەنە بەرپرسەکانمان کردووەو باسی لایەنە سلبیەکانی داخستنی ئەو دوو یانەیەمان بۆ کردوونو داوامانکردووە کە یانەیەك بکرێتەوە بۆ ئەوەی چیتر ژینگە لەوە زیاتر پیس نەبێتو گەنجانی شارەکەمان روونەکەنە ماددەی هۆشبەری خراپتری وەکو شروبو حەبو سیکۆتین".

ئەحمەد مەولەوی بەرپرسی مەڵبەندی چەمچەمالی کۆمەڵی ئیسلامی بە دەستووری راگەیاند"چەند دوکانێکی عارەقفرۆشتن بەرامبەر بەئاسایش هەبوو، ئێمەش چەندپنجار لەکاتی دانیشتنماندا لەگەڵ ئاسایشدا پێمان وتوون، جوان نیە بۆ ئێوە بەرامبەرتان عارەق دەفرۆشرێتو خەڵك دەڵێن بە بەرچاوی ئاسایشەوە عارەق دەفرۆشرێتو ئاسایشیش پاسەوانیان دەکات، کە ئەو یانانەش داخران وەك لایەنێکی ئیسلامی زۆرمان پێخۆشبوو، ئێمە بەباشی دەزانین کە خواردنەوەو جگەرە لەم شارەدا قەدەغەبکرێت، یان نرخێکی وای بخرێتەسەر کە هەموو کەس دەستی پێی نەگات"

سەبارەت بەو داوایەی گەنجانی چەمچەماڵ بۆ کردنەوەی یانەی خواردنەوە، بەرپرسی مەڵبەندی چەمچەمالی کۆمەڵی ئیسلامی وتی"ئێمە ئەو داواکاریەمان پێناخۆشە، لەبەرئەوەی ئێمە وڵاتێکی موسوڵمانین نابێت داوای شتی لەو جۆرە بکەین بۆ گەنجانی شارەکەمان، چونکە ئەمە دەبێتەهۆی دروستبوونی کۆمەڵگایەکی فەسادو خراپ"

ئەحمەد مەولەوی درێژە بەقسەکانی دەداتو دەڵێت"ئەگەر دەسەڵات یانەیەکی خواردنەوە لەم شارەدا بکاتەوە، لەبەرئەوەی دەسەڵاتمان نیە تەنها رێنمایی باشی خەڵك دەکەینو لە راگەیاندنەکانەوە دژی ئەو کارەی دەسەڵات دەوەستینەوە".

عەلی رەئوف قائیمقامی چەمچەماڵ لەو بارەیەوە بە دەستووری راگەیاند"من چەند هەفتەیەکە لەم شارەدا دەست بەکاربوومو زانیاریەکی ئەوتۆم نیە لەو بارەیەوە، بەڵام تائێستا هیچ گەنجێك نەهاتووەتە لای ئێمەو داوای کردنەوەی شتی لەو جۆرە بکات، با گەنجانی شار بەشێوەیەکی تۆکمە داواکاریەك پێشکەش بەئێمە بکەنو ئێمەش لای خۆمانەوە بەپێی داواکاریەکانیان بەدواداچوون دەکەینو دواجار بریار دەدەین لەسەر قبوڵکردنی داواکەیان یان رەفزکردنەوەی".

د.ئەفرام پسپۆری نەخۆشیە دەرونیەکان ئاماژە بەخراپی مەیخواردنەوە دەکاتو دەڵێت"مەیخواردنەوە هیچ لایەنێکی ئیجابی نیە، بۆ خۆم تائێستا زیاد لە ٥٠ کتێبو ١٠٠ توێژینەوەی زانستی پزیشکیم خوێندۆتەوە لەسەر ماددە هۆشبەرەکان، هەموویان جەخت لەسەر خراپی خواردنەوە دەکەن، تەنها یەك لایەنی ئیجابی بچوکی مەیخواردنەوە باس دەکرێت ئەویش دەبێت لەلایەن پزیشکەوە چۆنێتیو رێژەکەی دیاریبکرێت".

زانا داواکاری کردنەوەی یانەی مەیخواردنەوە دەگێرێتەوە بۆئەوەی "چیتر کارداناوەی خراپتر روونەدات، بەهۆی نەبوونی شوێنی خواردنەوەوە".

"بەهۆی دەستنەکەوتنی مەی چەندین گەنج دەستیان داوەتە شروبخواردن و سیکۆتین بۆنکردن"

# ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە سیاسەت دا

ن : د.حسەین بەشیرییە
و: ڕوئیا عوسمان

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بوترێت کە ڕۆشنبیران سێ ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لەژیانی سیاسی دا: یەکەم ڕەخنەلەسیستەمی سیاسیو دووەم بەشداریو دەست خستنەناو سیاسەت و،سێیەم دابران ودوورکەوتنەوەیە لە ژیانی سیاسی.

١- ڕەخنەگرتن لەسیستەمی سیاسی:

ئەم ڕەخنەیە پێدەچێت وەك نەفی کردنەوەی تەواوی سیستەمەکە دەرکەوێت. ڕۆشنبیران لەشۆڕشەکانی ئەورووپادا هەمان ڕۆڵیان هەبوو، ڕێبەرانی شۆڕشی فەرەنسا (ڕۆبسپێر ،دانتۆن،وسان ژۆست) بەزۆری لەو ڕۆشنبیرانە بوون. ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی ڕوسیاش لەبزوتنەوە کۆمەڵایەتی - سیاسی و شۆڕشەکانی ئەو وڵاتە لەسەدەی نۆزدەیەم بەدواوە زۆر بەرچاوە. لەهەندی کاتیشدا کەوتوونەتە توندوتیژییەوە. یەکەمین گروپی ڕۆشنبیری بەهێز لەرووی سیاسیەوە گروپی ( ڕازنۆچینستی) بەمانای تاکی خاوەن سەرچاوەو توانای کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر بوو کە بیرورای شۆڕشگێرانەو شەرەنگێزانەی سەبارەت بەدەوڵەت و کۆمەڵگا هەبوو. هەر دوو تیۆرسینی سەرەکی بزوتنەوەی جەماوەری (نارۆدنیکها) واتە لاورۆڤ ومیکائیلۆفسی ، ڕۆشنبیرانیان بە جەوهەری سەردەمی نوێ دەژمارد. لەروانگەی لاورۆڤەوە ((پێشکەوتنی مرۆیی تەنیا بەرهەمی ئەو کەسانەیە کە بەشێوەی ڕەخنە ئامێز بیر دەکەنەوە)). لەگاتێك دا کەلەروسیا و ئەڵمانیا ڕۆشنبیرانیان دیدگایەگی ڕەشبینانەو ڕەخنەئامێزیان هەبوو و سەبارەت بەو بارودۆخەی تیایدا بوون هەستی نامۆییان هەبوو،لەفەرەنسا وئینگلتەرا دیدگای ڕۆشنبیران سەبارەت بە کۆمەڵگا ودەوڵەت دیدگایەکی وەها ڕەشبینانە نەبوو،چونکە ئەم وڵاتانە خۆیان خاوەنی وەرچەرخانێکی شۆڕشگێری بەرچاوبوون.

بەم شێوەیە تائەو شوێنەی کە لەوڵاتە پیشەسازییەکانی ئەمرۆ دا چینی کرێکار وەك هێزێکی بەرچاو ئەژمار ناکرێت، هەندێ لەمارکسییەکان و بیرمەندانی بزوتنەوەی چەپی نوێ لە شەستەکان بەدواوە هەولیان داوە لەرووی تیۆرییەوە ڕۆشنبیران وەك هێزێکی ڕزگار کەر لەم کۆمەڵگایانەدا پێشنیار بکەن. بەگشتی ڕەخنەی ڕۆشنبیران سەبارەت بەسیستەمی سیاسی لەهەموو جێگەیەك دا فراوان نەبووە. سەرهەڵدانی دەولەتی خۆش گوزەران لەرۆژئاوا بووەتە هۆی چاکسازی مەیلی سیاسی ڕۆشنبیران لەو وڵاتانەدا. بەم شێوەیە نەریتی ڕۆشنبیریش لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخ وفەزای سیاسی دا دەگۆڕرێت.

بە بروای ریمۆن ئارۆن لەکتێبی (تلیاکی ڕۆشنبیران ) دا شێوازی ژیان کردنی ئەمریکی ئەمرۆ وەك ئامانجی زۆرێك لە ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاوای لێهاتووە. هەلبەت هەندێ گۆرانکاری تەواو وەك شەری ڤێتنام بووە هۆی ڕێگرتن لە بیری ڕۆشنگەری. بەمەش ڕەخنەی سنورداری ڕۆشنبیران لەم وڵاتانەدا بە ئاراستەی مەسەلەو بابەتی تایبەت وەك مافی مرۆڤ ، سیاسەتی چەکدارانەو شتی تر بووە. بەگشتی گروپە کۆنزەرڤاتیڤ یان نیمچە فاشیستەکان سەبارەت بە ڕۆشنبیران وئایدیای ڕۆشنبیری دیدگایەکی بێزێزانەیان هەیە. لە سەردەمی (مەك کارتیسم) دا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، ڕۆشنبیران لەئامانج دا بوون بۆ ئازاردان و هێرشکردنە سەر.لەم ڕووەوە ڕۆشنبیران هەمیشە لەبارودۆخە سیاسیە نائاساییەکان و لەکاتی ئازاردان و چاودێری کردندا دەستیان دەدایە کۆچ کردن و بەجێهێشتنی ناوچەکەیان.کۆچی بەلێشاوی ڕۆشنبیران لەئەڵمانیاو ئیتالیا وئیسپانیا لەسەردەمی حکومەتە فاشیستەکان دا لەسەدەی بیستەم لەم بابەتەیە.

ڕۆشنبیران ڕۆڵی سیاسی بەرچاویان لەبزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و کۆکردنەوەی خەلك و شۆڕشەکان داهەیە.ئایدۆلۆژیا و بانگەشەی ئایدۆلۆژی پێویست بۆ دەست پێکردنی شۆڕش بەزۆری کاری ڕۆشنبیرانە. گرنگی ڕۆڵی هزریی ڕۆشنبیران وەك دورەپەرێز و بەهێز بەرهەم دەهێنێت .بەگشتی لەسەردەمی قەیران وگۆران دا کە زیاد لەسەردەمی جێگیربوون وئاسایش خەلك بیردەکەنەوە، ڕۆڵی بیرمەندان وئەندێشەش گەشە دەکات.کارل ڤێنەر یەکێك لەنووسەرانی مارکسیستی سەرەتای سەدەی بیستەم پێی وابوو کە ڕۆشنبیران ((لەنێو چوارچێوەی ئابووری )) دان و سەوداگەرانی بازاری ئەندێشەن. بەم شێوەیە لە قوناغی ناجێگیری دا کە بازاری تێفکرین گەرمترە، ڕۆڵی ڕۆشنبیرانیش گەشە دەکات.لەم روەوە وتراوە کە ڕۆشنبیران ((هەوێنی شۆڕشن)).جیا لە شۆڕشەکان ڕۆشنبیران پێیان وایە تاکە گروپن توانای حکومەت کردنیان بە شێوەی ئەقلانی و دادوەرانە هەبێت. دەولەتە نموونەییەکەی ئەفلاتۆنیش لە راستی دا حکومەتی ڕۆشنبیران بوو. بەگشتی دەتوانرێت بوترێ لەو سیستەمانەی کە دەسەلاتی سیاسی لە دەستی سەرمایەدارەکانە زۆرتر ڕۆل وکاریگەری ڕۆشنبیران لە دەسەلاتی سیاسی روو لە لاوازی دەکات.

بۆیە لە وڵاتە سەرمایەدارەکانی ڕۆژئاوا بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان، ڕۆشنبیران کەوتونەتە ژێر کاریگەری چینی سەرمایەدار و بەم هۆیەشەوە مەیلی سوود پەروەرانەی توندیان پەیدا کردوە. لەگەڵ ئەوەدا کە پەیوەندی یەکی نزیك هەبووە لەنێوان ڕۆشنبیران و شۆڕشە کرێکاری یەکان داو بوونی ئەوان لە حیزبە چەپەکان دا ئاشکراتر بووە بەلام لە دەولەتە کۆمۆنیستیەکان دا وەك سۆڤیەت کە خۆیان تا ئەندازەیەك بەرهەمی کاری گروپە ڕۆشنبیری یەکان بوون، ڕۆشنبیری ورۆشنبیرەکان پەیرەوی سیستەمی سیاسی و لەخزمەتی زۆر بوونی بەرهەم دابوون. لەرویەکی ترەوە خەسلەتی نەرمی و ڕۆچوونی ڕۆشنبیران بووەتە هۆی ئەوەی کەلە ڕۆژئاوا زۆرێك لە حیزبە چەپەکان لە ژێر کاریگەری هەلسورانی مەیلە ڕۆشنبیری یەکان بابەتی نا شۆڕشگێری و میانرەو ترهەلبژێرن. نارەزایی و چالاك بوونی ڕۆشنبیران لە روانگەی سیاسی یەوە بەرەنجامی کۆمەلێك هۆکاری جۆراو جۆرە, بۆ وێنە ناتەبایی نێوان بەرپرسان و چینەکان یان پێکە و دەسەلات (بەپێی شیکردنەوەی ماکس ڤێبەر) ،پێشبینی زۆر، گرنگی پێنەدانی سەرانی دەسەلات بۆ خاوەن ئەندێشەکان، مەیلی ئەقلانی دابراو بەهۆی سەرنج دان وپشکنینەوە، ژیان کردنی دابراو لە کۆمەلگاو شتی تر لەو بابەتە ، لە هۆکارە سەرەکیەکانی نارەزایی ڕۆشنبیرانە. لەو وڵاتانەی کە لەپرۆسەی هەنگاونان بەرەو سەرمایەداری و کۆمەلگای پیشەسازین، ڕۆڵی سەرەکی ڕۆشنبیران ڕەخنەگرتنی کۆمەڵگای نەریتی و ئامادەکاری پێویست بووە بۆ گەیشتن بە کۆمەلگای مۆدێرن. ڕۆشنبیرانی ئەم وڵاتانە بەرگرییان لە لیبرالیزم،ناسیۆنالیزم ،سۆسیالیزم ،پۆپۆلیزم وپێکهاتەی ئالۆزی لەم ئایدۆلۆژیایانە کردووە.

ڕۆشنبیرانی ئەم وڵاتانە لەبنەرەت دا دژی نەریت نین و لەهەندێ لایەنەوە هەول ئەدەن تاوەکو نەریتەکان نوێ بکەنەوە و بە ئاراستەی هەل و مەرجی نوێ بیگونجێنن. ئایدۆلۆژیاکانی ڕۆشنبیری لەم وڵاتانەدا تێکەلەیەکن لە ڕەگەزی جۆراوجۆر و هەندێ جاریش دژیەکن. ڕێکەوتنی سیاسی خەلك لەگەل ئەو چەمکانەی کە لەدەرەوەی نەریتەکانی کۆمەڵگاوەیە بەزۆری دژوارە .بەم پێیە ڕۆشنبیران هەول ئەدەن ناوەڕۆکی ئایدۆلۆژیا مۆدێرن لە چوارچێوەی چەمك وشێوە نەریتی یەکەدا پیشان بدەن تاوەکو توانای ڕێکەوتنی هزری بگەیەننە سەرەوە.چالاکی ڕۆشنبیران لەم کۆمەلگایانەدا کەمتر بەشێوەی بەشداری ڕاستەوخۆی دەسەلاتی سیاسی یە و زیاتر لەسەر کاریگەری ڕای گشتی یە، ئاراستەکردنی بزوتنەوەی هزری و کۆمەڵایەتی و حیزبی سیاسی و لەپێگەیاندنی پیاوانی کاردا خۆی دەبینێتەوە. دەرکەوتنی ڕۆشنبیرانی نوێ لە کۆمەڵگا نەریتی یەکان دا خۆی یەکێکە لە ڕوالەتە سەرەکیەکانی گۆران لەم کۆمەلگایانەدا. ڕۆشنبیران لەم کۆمەلگایانەدا لەژێر کاریگەری فراوانی هەژموونی فکری وکلتووری شارستانێتی ڕۆژئاوادا گەشەیان کردو سەرەتا لە چوارچێوە کلتووری و دواتر لە چوارچێوە کۆمەڵایەتی و سیاسی یەکەوە گرنگیان پەیداکرد.

٢-بەشداری ڕۆشنبیران لە ژیانی سیاسی دا:

لەبابەت ڕۆڵی سیاسی ڕۆشنبیرانەوە یەکەمین مەسەلەیەك کەپێشنیار دەکرێت ئەوەیە هەندێك لەنووسەران بەتایبەت لە نەریتە ئایدیالیستی و توندەکان دا دژایەتی بارودۆخ و بەشداری نەکردن لە دەزگاکانی دەسەلاتیان دا بەخەسلەتێکی تایبەتی ڕۆشنبیری ناوزەد کردووە. بەمە ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە سیاسەت دا بە بەشداری کردن لە دەسەلات دا سنوردار ناکرێت وپێدەچێت ئەوان لە لەئاست وشێوازی تایبەتی و بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر دەسەلات هەبێت. هەژموونی ناراستەوخۆی ڕۆشنبیران لەژیانی سیاسی دا بەزۆری زیاد لە بەشداری ڕاستەوخۆیان لە سیاسەت دا گرنگترە. دابەزاندنی ئایدۆلۆژیا سیاسیە هاوچەرخەکان لە هەموو ناوچەیەك دا کاری ڕۆشنبیران بووە. بانگەشەی شۆڕش ،چاکسازی،ناسیۆنالیزم،سۆسیال یزم،کۆمۆنیزم،ئەنتەرناسیۆنالیزم بەبێ بوونی ڕۆشنبیران نەکردەیە. (هێنریش هاینە) بیرمەندی ئەڵمانی لە بارەی ڕۆڵی سیاسی ڕۆشنبیرانەوە وتوویەتی: ((پیاوانی گەردەن بەرزی کار ئاگاتان لێ بێت ئێوە هیچ نین جگە لە ئامێری خۆنەویست بە دەست پیاوانی ئەندێشەوە کە بە زۆری لە گۆشە وکەناری دوورلەخۆتانەوە ئێوەیان خستۆتە بەر ئەو کارە نەخوازراوەوە. ماکسی میلیان ڕۆبسپێر شتێك نەبوو جگە ئەوەی بەدەستی ڕۆسۆ وە نەبێت.)) بەشداری ڕۆشنبیران لە سیاسەت دا بە زۆری شێوازی جۆراوجۆری هەیە. لەوانە پێویستە باس لە کارکردنە سەر سیاسەتە دەولەتی یان ڕای گشتییەکان ،بەشداری لەژیانی سیاسی و گرتنە دەستی دەسەلات، ڕاوێژکاری سیاسی وشتی تر بکرێت. ڕۆشنبیرانی هەموو شوێنێك وەك گرووپی ناکۆك کەوتونەتە ئەوەی کاریگەری لەسەر دەسەلات دروست بکەن یان لە دامەزراوەکانی حکومەت دا بەشدارییان کردووە.بۆ وێنە ڕۆشنبیران بەتەواوی مانا لە شەستەکان دا،٥٧٪ پەرلەمانتارانی فەرەنسا ،٢٣٪ پەرلەمانتارانی ئیتالیا, ٦٨٪ پەرلەمانتارانی ئینگلتەرایان پێك دەهێنا. بەلام بەشداری سەرکەوتووی ڕۆشنبیران لەسیاسەت دا پەیوەندی بە بەهێزی ولاوازی گروپە کۆمەلایەتیەکانی ترەوە هەبووە. لەو وڵاتانەی کە گروپەکانی کۆمەڵگای نەریتی وەك خاوەن زەویەکان، بەرپرسەکان و ڕۆحانیەت ڕۆڵێکی سەرەکی لەسیاسەت دا هەبووە ئەوا بواری چالاکی ڕۆشنبیران تەسك تر دەبێتەوە .بەپێچەوانەوە لە کۆمەڵگای مۆدێرنی پیشەسازی دا دەرفەت و بواری زیاتر بۆ چالاکی سیاسی ڕۆشنبیران دەستەبەرە.هەلبەت ڕۆشنبیران بە شێوەی کەسیش لەژیانی سیاسی و بەڕێوبردن دا بەشداری دەکەن. لەو ڕۆشنبیرانەی کە لەڕۆژئاوادا خاوەنی پێگە ودەسەلاتی پەرلەمانی، دەولەتی، یان ئیداری و دیبلۆماسی بوون بەشێوەی سەرەکی پێوسیتە باس لە ئەدمۆند بێرك،لامارتین،دی تۆکڤیل،جۆن ستیوارت میل،ئەندری مالرۆ،ماك یاڤیلی،لینین،ترۆتسکی و باریتۆ بکرێت.

٣-دورکەوتنەوە لەسیاسەت:

دابران ودورکەوتنەوە لەژیانی سیاسی لەنێوان هەموو گروپە کۆمەلایەتیەکان لەهەل ومەرجی تایبەت دا گەشە دەکات.بەگشتی لەکاتی ڕوودانی کارەساتی سەرسورهێنەر وبێزارکەر وهەست کردن بە نەگۆرانی هەل ومەرجی سیاسی سەردەکێشێت بۆ دورکەوتنەوە لەسیاسەت. لەدیدگای دەرونناسی کۆمەلایەتیەوە وازهێنان لەسیاسەت بەزۆری هاورێیە لەگەل دیاردەی وەك ترس و لاوازبوون وهەستی ڕەش بینی وبچووك بوونەوە دا. لەرووی کۆمەلایەتیەوە بارودۆخی ((پەراوێز بوون)) زەمینەیەکی لەبارە بۆ گەشەکردنی وازهێنان لەسیاسەت. بۆ وێنە هەمیشە هەندێك لەکەمایەتی و ژنان و ڕۆشنبیران لە وەها بارودۆخێك دان. بەشێوەیەکی گشتی وازهێنان لەسیاسەت لەئەنجامی سێ هۆکارەوەیە: یەکەم, نەبوونی ئەنگێزەیە بۆ بەشداری کردن لەژیانی سیاسی دا(هۆکاری دەروننناسی وکەلتووری)،دووەم, نەبوونی هۆو پێناوی پێویستە (وەك پەروەردە ،راگەیاندن،پەیوەندی یەکان،ڕێکخستن وپێکهاتە) سێهەم, نەبوونی هەلی کارە لەرووی سیاسییەوە بەهۆی داخراو بوونی پێکهاتەی دەسەلات .لەبابەت ڕۆشنبیرانەوە ،وازهێنان لەسیاسەت بەگشتی بەهۆی فاکتەری سێهەمەوەیە.گوێ نەدان بەسیاسەت لەنێوان ڕۆشنبیران لەدەولەتە دەسەلاتخوازەکاندا زۆر باوە ،تا ئەندازەیەك کە هەندێك ئەم بارودۆخەیان وەك((کۆچی ناوخۆیی )) باس کردووە.پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیران و ڕژێمە دەسەلاتخوازەکان زۆر ئالۆزە.لەروویەکەوە حکومەت دەکەوێتە سەرکوتکردنی ئاشکراو نهێنی یان هەول دان بۆ هاوکاری ڕۆشنبیران و،لەروویەکی تریشەوە ڕۆشنبیران دەکەونە ڕەخنەگرتنی نهێنی وئاشکرا و ڕەخنەگرتنی سیمبولی لە حکومەت. لە راپەرینەکان دا بەزۆری هەندێ ڕۆشنبیران دێنە ناو ژیانی سیاسیەوە ،بەلام ئەم هاوکارییە چەندێك ناخایەنێت. بەگشتی ڕەوشی ژیانی ڕۆشنبیران لەگەل شێوازی ژیانی سیاسی وئیداری دا تەبا نیە.لەروویەکی ترەوە کێشمەکێشمی نێوان دەسەلاتدارە تازە کان ورۆشنبیران کە پێشتر بەرگری کەریان بوون دیاردەیەکی باوە. لەنێوان هیتلەر،مۆسۆلینی وفرانکۆ لەگەل ڕۆشنبیرانی وەك ئۆتۆ ستراوسەر،پریمۆدۆریۆرا (تیۆریسنی حیزبی ڤالانژ) وئەلفرێد باریتۆ دا کێشە سەری هەلدا. شۆڕشی روسیا بەشێکی زۆری ڕۆشنبیرانی رووسی گەیاندە دەسەلات بەلام بە بەهێزبوونی دەسەلاتی حیزب و بیرۆکراسی، ژمارەیەکی زۆری ڕۆشنبیران، هونەرمەندان ، زاناکان وشاعیرەکان لەناوبران.لەسەردەمی ستالین دا هەلی چالاك بوونی ڕۆشنبیرانە گەیشتە ئەو پەری نزمی. (ژۆدانف) وەزیری ڕۆشنبیری ستالین،ڕۆشنبیرانی بە شتێك بێجگە لە ((ئەندازیارانی ڕۆح)) نەدەزانی کە دەبوو لە خزمەتی کەلتووری دەولەتی دابن. دوای مردنی ستالین و لەسەردەمەکانی ئازادی ڕێژەیی ڕۆشنبیرانی روسیادا بە وتەی کۆلاکفسکی ((بەئاراستەی سەرسام بوونی ئەندێشە شەریان کرد وهێرشیان کردە سەر ئەفسانە پەرستی شێوە مارکسیستی و ڕەفتار کردنە شێوە مەزهەبی -جادوییی یەکانی حیزب .

سەرچاوە- کتێبی (جامعە شناسی سیاسی) .لاپەرە ٢٥٢ بۆ٢٥٧

rayan986@yahoo.com

هەژموونی ناراستەوخۆی ڕۆشنبیران لەژیانی سیاسی دا بەزۆری زیاد لە بەشداری ڕاستەوخۆیان لە سیاسەت دا گرنگترە. دابەزاندنی ئایدۆلۆژیا سیاسیە هاوچەرخەکان لە هەموو ناوچەیەک دا کاری ڕۆشنبیران بووە

لە وڵاتە سەرمایەدارەکانی ڕۆژئاوا بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان، ڕۆشنبیران کەوتونەتە ژێر کاریگەری چینی سەرمایەدار و بەم هۆیەشەوە مەیلی سوود پەروەرانەی توندیان پەیدا کردوە



کامیان کۆنترۆڵی ئەویدیکەیان دەکات ڕۆشنبیر یان سیاسی

# سیکولاریزمی ئاژاوەگێر

دكتۆر عەبدلكەریم سروش
و: شیلان رەشید

دكتۆر سروش لەسەر داوای كۆمەڵێك لە قوتابیان و لایەنگران و رۆشنبیرانی ئاینی بۆ پاریس بانگهێشت كرا لە رۆژی پێنج شەمە، دووی ئۆگەستی ٢٠٠٧ لە شوێنی هۆڵی گشتی قوتابیانی بەلجیك لە زانكۆی پاریس بە رەخنەوە هاتە گفتوگۆ و درێژەی قسەكانی لە خوارەوە هاتوە ئەمەش دێژەی وتەكانی ئەوە :

ئێمە لە زمانی فارسیدا وشەیەكی دەقا و دەق و روونمان بۆ سیكۆلاریزم نیە، نەك تەنها لە فارسیدا نیمانە. بەڵكو لە هیچ كام لەو زمانانەشدا كە لاتینی نین نیمانە. عەرەبەكانیش دووبارە نەیان توانی وشەیەكی راست و دروستی بۆ پەیدا بكەن و زیاتر رێگەیان بەوە داوە بەهەمان شێوەی ئێستایی و فەرهەنگی خۆی بەكاری بێنن. لە فارسیدا وشەكانی وەك(گیتیانگی)یا(دنیاو یت)پێشنیار كراون (واتە سەرنج دان لە دونیا و دنیاگەرایی). لە زمانی عەرەبیشدا وشەی علمانیت بەكار هاتوە كە ئایا ریشەی ئەم وشەیەش لە علم یا لە عالمەوە هاتوە یەك لانەبوەتەوەو ناكۆكی لەسەرە.

لە زمانە لاتینیەكاندا وشەی سكولاریزم لە ریشەی وشەی ( سكلوم) ەوە دێت، واتە لێرە و ئێستای ئەم جیهانەو بە مانای نابۆ دنیایەكی تر دوای مەرگ، واتە ئەم دنیا ئیستاییەو بەس نەك دنیایەكی بەرزتر لەمە، بەڵام لە راستیدا سكولاریزم واتە سەلماندنی دنیایەك و نەفی كردنی جیهانیكی ترە. مانای ئەوەیە كە سەرنجی ئێمە لەم جیهانە زەمینی و سروشتیەیە كە ئێستا لەوێدا ژیان دەگوزەرێنین و لە هەوڵی ناسینی ئەم جیهانەداین، نە پەیوەندیمان بە جیهانی دوای مەرگ هەیە نە جیهانی پاش سروشت. بەشێوەیەكی گشتی سیكۆلاریزم نەفی كردنی زهد و سەلماندنی هەڵس و كەوت كردن وچێژ وەرگرتنی دنیاییە، هەروەها بێ باك بوونە بە رۆژی دوای و پاش سرووشت.

ئێمە بەم مانایە ئاشنا نەبوین بۆیە وشەیەك بۆ ئەو دروست نەبوە تاكو لە نیوانماندا ببێتە هۆی جوڵەی مێشكی و كرداری ، بەڵام لەسەر زەمینی رۆژئاوادا سیكۆلاریزم سروشتی پەیدا كرد و بووە درەختێك كە سێبەرەكەی تەواوی پێشكەوتنی رۆژئاوای گرتەوە و ئێستا رۆژ ئاواییەكانیش لە سێبەری ئەم دارەدا ژیان دەگوزەرینن. لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا دوو وشە هەیە نزیكی و تێكەڵیان لە هەندێك رووەوە بە سیكۆلاریزم هەیە، بەلایەنی كەمەوە لە رووی ریشەی زمانەوانیەوە لێی نزیك دەبنەوە. یەكەمیان وشەی(دهر)ە كە لەگەڵ وشەی duré فەرەنسی و durationی ئینگلیزیدا لە رواڵەت دا یەك ریشەیان هەیە. وشەی دەهر لە قورئاندا هاتوە، لە شوینێكدا كە سەرپێچی كەران دەڵێن: ئێمە خۆمان دێینە دونیاوە و لە دونیاش دەردەچین (وما یهلكنا الا الدهر). كات و رۆژگار ماندومان دەكات. هۆكاریكی تر لە كاردا نیە،خودایەك نیە ،میتافیزیك نیە ،هێزە پەنهانیەكان لە ئارادا نین. هەمان كات و هەمان جیهانە كە ئێمە پەروەردە دەكات و لە كۆتایشدا لەناومان دەبات. لەشیعری خیام دا بەهەمان واتا روبەرو دەبینەوە:—

**جامی است كە چرخ افرین میزندش صد بوسە مهر بر جبین میزندش**

**این كوزە گر دهر چنین جام لگیف می سازد و باز بر زمین میزندش**

وشەی دەهر واتە زەمانە، رۆژگار، لەگەڵ وشەی سیكۆلاریزم ماناو شوێنیكی تەواو گونجاوی هەیە. بێگومان من پێشنیاری ئەوە ناكەم كە بە مرۆڤی سیكۆلار بڵیم كاتی. چونكە ئەم نازناوە لە زمانی عەرەبی و فارسی دا لە چوار چێوەیەكی ئاینیدا بە نازناوێكی كوفر ئامێز ئەژمار دەكرێت و خالی نیە لە سوكایەتی. لە بارێكدا فەیلەسوفان هاوران لە سەر ئەوەی كە ئەو جیهانەی ئێمە تیایدا دەژین جیهانێكە لە شوێن و كات دا و جیهانی میتافیزیك جیهانێكە بەدەرە لە شوێن و كات. لەزمانی ئینگلیزیدا temporal order بەمانای پلەی كاتی و eternal order بە مانای پلەی ناكاتی temporal یا secular و هاو واتان و هەردوكیان واتە دنیای و زەمینی وكاتی و سروشتی و مادی. چ بڵێین مادی یان كاتی جیاوازی نیە. چونكە لە جیهانی میتافیزیك نە مادە هەیە نە كات، بۆچی بە بیرو رای فەیلەسوفانی لاهوتی كات وەچەی مادەیە، نەوەك جوڵێنەری مادە. لەبەرامبەر ئەمەش دا سیكۆلاریزم پەیوەندی و سەرنج دانە لە جیهانی مادەو جیهانی كات.

ووشەی عصر هەرچەندە لە سورەتی عصری قورئاندا هاتوە، پەیوەندی بەهێزی بە گوتاری كاتیەتیەوە هەیە. خودا لەم سورەتەدا بە عصر سوێند دەخوات و، سوێند بەعصر نەوەی ئادەم هەموو زەرەر مەندن تەنها كەسانێك نەبێت كەخاوەن ئیمان و رەفتاری باشن. راڤەكەرانی قورئان لە واتای عصر هەڵەیان كردوە. بەشێك بەسادەیی وتویانە عصر واتە دوای نیوەرۆو بەلگەیان هێناوەتەوە كە خودا بە بەیانی و شەو سوێند دەخوات.بەڵام گەر وابوایە ئەوا دەتوانرا بە وشەی دوانیوەرۆش ئەم سوێندە بخورێت كە هیچ جیاوازیەكی نەدەبوو ، بەڵام بەشێك هاوران لەوەی كە لێرەدا مەبەست لە عصر كاتە. پێشەواو روحانیەكی چەپ زەدە دوبارە تەفسیری بۆ ئەم سورەتە نوسیوەو وتویەتی، یەكێك لە ماناكانی عەصر (فشاركردن)ە ، وتبوی كە خودا سوێندی بەو فشارە خواردوە و مەبەستی لەمە شۆرشیكە كەپێویستە لەسەرەوە بۆ خوارەوە شۆر بێتەوەو كۆمەڵگە چاك بكات ! ! ئەگەر ئەم هەوڵانە وەلا بنێین و بڵێین كات مانای وشەی عصر زیاتر دەگەیەنێت.لە راستیدا خوداوەند ئەو چەكەی كە لە دەستی بێ باوەرەكان دا بوو لێیان وەردەگرێتەوەو پێیان دەڵێت ئەو كاتە خودی خۆی دروست كراوی ئێمەیە هەروەك و خۆرو مانگ وە من بەو سوێند دەخۆم. كات لەهەمان حاڵەتدا رێزو شوێنی سوێند خواردنی هەیەو پێی لە مەخلوقیەتەوە بە بارەگای خالقیەت ناتوانێت بگات.

بەشێك لەئێوە كە لەگەڵ مێژوی فەلسەفەو مێژوی قسەكردن شارەزایتان هەیە بێگومان بینیوتانە كە فەیلەسوف و موتەكەلیمینی ئێمە لە كاتی تاوتوێ كردنی مەسەلە ئاینیەكان دا بە دوو جۆر قسەدەكەن:—

یەكیان ئەقلی و ئەوی تریان نەقلی، رێگەی نەقلی ئەوەیە كە بەرووداو گوتەكانی پێغمبەرو پیشەوایانی ئاینیدا پێدا چونەوە بكەین وبزانین ئەمانە چیان وتوە، رێگەی ئەقلیش واتە بێ پێداچونەوە بەئایەت و فەرمودەكانی پێغەمبەردا پێویستە پشت بەعەقلی خۆمان ببەستین. وورد بینەوە چی تێ دەگەین و ئەقڵ چیمان پێ دەڵێت؟ ئەم تێ گەیشتنە ئەقلیە كە لێرەدا بە كاردەهێنرێت بەتێ گەیشتنی ئەقڵی سكولار لە كاتی ئێستادا زۆر نزیكە، واتە ئەقل لە ژێر فەرمانی دیندا نیەوخۆی دەیەوێت لە تایبەت مەندی بابەتی جیهان بریار بدات. كاتێ ئەقل لە بەرامبەر نەقل دادەنێین ئامانجی ئەقل راستەوخۆ لە وەحیەوەیە، ئەمە شتێكە كەمرۆڤی سیكۆلار وا بەستەیەتی. لەم وەسفەوە رێرەوێكی پراكتیكی و واقعی بە ژیان هەیە و رێرەوێكی ئەقلی و واقعیش بە ئەندیشە بوونی هەیە. لە رێرەوی پەیوەندی دار بەژیان دەیەوێت بزانێت لەكام دل و ئەندێشەوە لە ژیان بگارت و لە لۆژیكی وەحی پەریرەوی نەكات. كاتێك نەتەوەیەك كە هیمەت بكات تا لەم چەمكە بكۆڵێتەوە لێرەوەیە كە سیكۆلاریزم لەدایك دەبێت. واتە نەتەوەیەك لەدایك دەبێت كەلە پلەی داوەری كردن و لێكۆڵینەوە لە رووداوە كۆمەڵایەتیو سرووشتی یەكان بكات و رێگە نەدات كە میتافیزیك بێتە ناوەوەو هێزە غەیبییەكان وەلاوە بنێت ، بۆیە چیتر نزاو قوربانی ناكات و لە گەورە پیاوان ناپارێتەوە سحرو جادو بەدەردەخات و ،لە ئەفسانەو خورافات دور دەگێرت و پلەی ژیانی گۆشەگیری و زهد پشتگوێ دەخات. چونكە رەهەندێكی گرنگی سیكۆلاریزمی پراكتیكی ئەوەیە كە مرۆڤ زاهد نەبێت وەك ئەوەی كە حافف دەلیت:

**من ادم بهشتی ام اما در این سفر حالی اسیر عشق جوانان مهوش ام**


یەكەمین ئاگری سیكۆلاریزم لە رۆژئاوا ئاگری دژە زهدی بوو، واتە تەركی دونیاو بێ دەنگ بوون بوو، زوهدیان خستە پەناوە و دنیایان بە جدی گرت. بە هەمو مانایەك واتە دەستی هەڵسوكەوت كردنێكی ئاقلانەیان برد بۆ سیاسەت و ئابوری و پەروەردەو زانست و هونەرو پیشەسازی.

بەلایەنی كەمەوە دوو بەش سیكۆلاریزممان هەیە، سیكۆلاریزمی سیاسی و سیكۆلاریزمی فەلسەفی. سیكۆلاریزمی سیاسی ماناكەی ئاشكرایە جیاكردنەوەی دین لە دەوڵەت. واتە ئیدارەی ئەم جیهانە خاڵی بێت لە دوو جیهانی تر. ئەم جۆرە دەڵێ لە ئێستادا تەنها یەك جیهان بوونی هەیە حاكمی ئەو جیهانەش ئێمەی مرۆڤین و ئەقلمان لە بنیادنانماندا داوەریمان دەكات. واتە بنیادنەنانی پرۆژەی دەوڵەت لەسەر ئاین، واتە بێ لایەنی حكومەت سەبارەت بە ئاینەكان و وەرنەگرتنی یاسای كۆمەڵگە لەشەریعەتەوە. بەڵام سیكۆلاریزمی فەلسەفی واتە خودایەك نیە، میتافیزیك نیە، كۆتایی شتێك نیە نزیك بێت بە ناچرالیزم و ماتریالیزم. لە سیكۆلاریزمی سیاسیدا پێویست ناكات نەفی لە بوونی خودا بكرێت. بەڵكو لە سیاسەتدا كارتان بە خودا و دینەوە نیە, پێویست ناكات نەفی لە ئاخرەتیش بكەن, كارتان بە ئاخرەتەوە نیە. بەڵام لەسیكۆلاریزمی فەلسەفیدا داوەری دەكرێت و داوەریەكەش دووبارە مەنفیەو ئاین بە زەرەر مەندی راستەقینە دەژمێردرێت. ئەوەی كە ماركس ڤیبەر دەی وت: مۆدێرنیتە واتە فێلبازی لەم جیهانەدا مەبەستی لەمەبوو، بەڵام پرسیارێكی بەدیهی لێرەدا ریشەی داكوتاوە ئەویش ئەوەیە بۆچی سیكۆلاریزم لە سەدەی شازدەهەم دا لەم لایەوە لە رۆژئاوا شێوەی وەرگرت و لە جیهانی ئیسلام و رۆژهەلاّت دا بە شێوەیەكی گشتی بە گیرو گرفت كرا؟ كار كەرو خزمەت كاری سیكۆلاریزم لە رۆژئاوا چی بوو؟ وەلاّمی یەكەمم لەم بارەیەوە ئەمەیە: كە سیكۆلاریزم لە رۆژئاوا لە دایك بوونێكی سروشتی هەیە. واتە ئەم نەوەیە لەمنداڵدانی مێژووی رۆژئاوادا كاتی پێویستی خۆی بەسەر بردو دوای ئەوەی كە گەورە بوو پێی خستە ئەم جیهانەوە و لە هەمان كاتدا لە دایك بوونی لەگەڵ ئازارو خوێن رێژی هاورا نەبوو. ئەم بابەتە دو هۆكاری هەبوو:

یەكەم گوزارشت بوو لە رووبە روبونەوە و بەراورد كردنی زانست و ئاین. بەربەرەكانێی زانست و ئاین بەربەرەكانێیەكی چارەنوس سازبوو لەمێژووی ئەوروپادا, دووبارە لەسەر زەمینە سازی و ئارەزومەندی و ناخۆشی و لە خودا هەڵهاتن نەبوو, بەڵكو بەربەرەكانێیەكی زۆر سروشتی بوو, راستیەتی لە زانستی سروشتیدا پەیدا بوو, لە زەمین ناسی و بایلۆجی و ئەستێرەناسەوە...زانیاری تازە بە دەست هات و لەگەڵ ناوەرۆكی (كتێبی پیرۆز)پێچەوانەبوو, وە ئەم پێچەوانەییە وردە وردە كەیشتە پلەی بالاّ بەجۆرێك كە شایەنی پەنهان كردن و نەناسین نەبوو·كوپرنیك و كپلر و گالیلۆ و نیوتن و دوای ئەمانیش داروین و بوفون هاتن, بەشێك لەمانە خۆیان كەسی دیندارو خودا پەرست بون, كوپرنیك خۆی پێشینەیەكی هەبوو, كلپریش كەسێك بوو كە لەدینداری گشتیدا چەند هەنگاو لەم لاتر بوو و مرۆڤیكی خورافاتی بوو , بەڵام ئەنجامی كاری ئەمانە شتێك بوو كە هیچ یەكسانیەكی لەگەڵ ناوەرۆكی كتێبی پیرۆزدا نەبوو, بەتایبەت لە بەشی جولەی زەوی و خۆرو ئەستێرەكان دا , ماوەیەك كلێسا لەگەڵ ئەم بیركردنەوەیەدا مایەوە بەڵام دواتر ئاگری بەربەرە كانێ بەرزبووەوە. پلە یەك كە كلێسا و كتێبی پیرۆز لەوێدا پەیدایان كرد, هەرگیز لە كاتی پێش ئەم بەربەرە كانێ یە نەیان بوو, كلێسا پێویست بوو مافی بدایە. لەگەڵ ئەو هەموو دوژمنایەتیەی بەرامبەر زانست بەدەستی هێنا بەرێگەی زیادەرەوی ناچاری نەكرد. لەكۆتایدا كلیسا مۆڵەتی بلاّوبونەوەی كتێبی كۆپەر نیكی دا. كتێبی(گردش اجرام)ی كۆپەرنیك ئازادانە راستیەتی لە جولەی زەوی و نەجولاّندنی خۆر سەلماند, لە كاتێكدا كە بەپێی كتێبی پیرۆز خۆر دەجولاّو زەوی بەنەجولاّو ئاماژەی پێ درابوو چوار سەد دانە تیراژ لەم كتێبە لە سەدەی شازدەهەم دا بلاو بویەوەو دوو سەد دانەی هێشتا ماوەتەوە، ئەوەی كە دەوترا گالیلۆیان كوشت و لە سێدارەیان دا هەموی ئەفسانەبوو. بێگومان گالیلۆ یان زیندانی ماڵەوە كرد، كلێسا مۆڵەتی بلاّوبونەوەی كتێبی كۆپرنیكی دا، بەڵام پێشەكی یەكیان بۆ ئەم كتێبە نووسی! خاڵی گرنگ لەو پێشەكیەدا ئەمەبوو كە(ئەوەی لەم كتێبەدا هاتووە زانستیكی تیۆریە نەك راستیەكی پراكتیكی) ئەمەش نەخشەیەكی چاك و ئاقلانە بوو، ئاشكرا كردنیكی ورد و درشت كە لێرەو لەوێ شێوەی وەرگرت و كتێبی پیرۆز شوین و پلەو پایەیەك كە هەیبوو لە دەستی دا، ئاین لەتواناو شوێنێك كە پێشتر هەیبوو لەدەستی داو لە پاش ئەمەوە چیتر ئاین ئەو رۆڵەی نەما كە پێشتر لە كۆمەڵگەو سیاسەت هەیبوو، ئاین تاكاتێك كە لە فەزای سیاسەتدا بوونی هەبوو كە بە هێز بوو، كاتێ ئیمان پاك بوو ئەم پلەیەی هەبوو دواترخۆبەخۆ لە توانای یاری كردنی ئەم یاری كەرە بەهێزە كەمی كرد. كەس ئاینی لە شانۆی سیاسەت نەكردە دەرەوە بەڵكو خۆی بێ هێزبوو كەناری گرت، بە هەمان بەڵگە كە دەڵێم: ئەمە لە دایك بونێكی سروشتی بوو، فەزای سیاسەت فەزای یاری بەتواناكانە ئاین كاتێ بەهێزبوو پێویست نەبوو كەس بانگ هێشتی بكات بۆ ناو سیاسەت ، كاتێكیش بێ هێزبوو دووبارە خۆبەخۆ لەم یاریە چوە دەرەوە و پێویستی نەبوو كەس بیكاتە دەرەوە.

دووەم : كەلێنێكی تر كە لە مەسیحیەت كەوت پرۆتستانسیزم بوو لە پەنای كاتولینیزم دا لە دایك بوو، بە پروتستانسیزم توانای كلێسای كەم كردو روبەروی وەستا. مارتین لوسەر یەكەمین كەس بوو كەكتێبی پیرۆزی بە زمانی ئەلمانی وەرگێراو. هەركەس شوێن كەوتەو پێشەوای مەزهەبی خۆی دەخوێندەوە و ئۆتۆریتەو و مەزهەبی كلێسای پشتگوێ دەخست، تەواوی ئەم دوو رووداوە كلێسای مەسیحی بەرە و لاوازی برد، بەمەش لەتوانای یاری كردن بردیە دەرەوە، ئەم بردنە دەرەوەیەی كلێسا واتە جیاكردنەوەی دین لە دەوڵەت، كەسانێك كە لە ولاّتە ئەوروپیەكانەوە هاتون لە یاسای بنەرەتی خۆیانەوە نوسپیان: كە پێویستە ئاین لە دەولەت جیابێت، لە راستیشدا بەم جۆرە نەبوو، ئەوەی دواتر لەیاسای بنەرەتی ئەوروپیەكان هات ناتەواوی ئەم روداوە بوو نەك ئەوە هۆكارەكەی بێت، لەلایەكەوە سیكۆلاریزم كە لە دایك بوو سیكۆلاریزمی خەڵكی نەرم و نیان بوو، شەرەنگیز نەبوو چونكە دەیزانی ئاین لاوازەو بە كەوتن نابێت لێی بدرێت؟ تاپێش سی چل ساڵ بیروڕای زۆرێك لە كۆمەڵناسان ئەوە بوو كە نەك تەنها مەسیحیەت بەڵكو زۆربەی ئاینەكان بەرەو لاوازی دەرۆن و باوەریان هەبوو جوولەی مێژوو بەرەو لایەنی سیكۆلاریزمی سیاسییەوەیە. ئێستا ئێوە لە بەرامبەر لاوازەكان چی دەكەن؟ نەرم ونیانی دەنوێنن و دەڵێن: ئەمانە ترسناك و زیان بەخش نین، مۆڵەت پدەن مزگەوت و كلێساو هۆڵی پرسەكانیان بۆ ئیمامەكانیان كراوە بێت. سیكۆلاریزم لەسەر ئەم بنەمایە بوو سەبارەت بە ئاینەكان بێ لایەنی هەڵبژاردو هەمویانی بە چاوێك سەیر دەكرد، لەلای سیكۆلاریزم جیاوازی نیە چی هەلدەبژێریت ، مەسحیەت، موسلمان، یەهودیەت، زەردەشتیەت، چونكە وا بیردەكاتەوە ئەمانە هەموو لە زەرەرمەندانی مێژوون. سیكۆلاریزم بەم مانایە دوبارە لە هەوڵی جیایی دین لە حكومەتدا بوو، وە بێ لایەنی كاركردن سەبارەت بە ئاینەكان. بەرێز كۆلن پاوڵ وەزیری دەرەوەی پێشوی ئەمەریكا بە تەواوی شانازیەوە دەی وت: ئێوە ئێستا لە ئەمەریكا كلێسا و مزگەوتی موسلمانان و پەرستگای یەهودی دەبینن هەموو پێكەوە ژیانێكی ئاشتیانەیان هەیە، بێگومان ئەمەش دەسكەوتێكی زۆر بە نرخە، بەڵام سیكۆلاریزم وردە وردە تێكەڵی خولێكی نوێ دەبێت كە من ناوی دەنێم سیكۆلاریزمی شەرانگێز، سیكۆلاریزمی عەسكەرتاریەتی، سیكۆلاریزمێك كە نەرم و نیانی خۆی لە دەست داوە و بەیەك چاوەوە سەیری هەمو ئاینەكان ناكات و تواناو هەرس كردنی بەهێزی پێشوی لە دەستداوە و تەسلیمی دوژمنانی سیكۆلاریزم دەبێت، نمونەش بالاّپۆشی كچانە لە قوتابخانەكانی فەرەنسا.

بۆ ل23



لە سیكۆلاریزمی سیاسیدا پێویست ناكات نەفی لە بوونی خودا بكرێت. بەڵكو لە سیاسەتدا كارتان بە خودا و دینەوە نیە, پێویست ناكات نەفی لە ئاخرەتیش بكەن, كارتان بە ئاخرەتەوە نیە

ئەوەی لە خەیاڵدانی ئەمریكیەكان دابوونی نەبوو ئەوەبوو كە سیكۆلاریزمی صدامیی گۆڕا بە ئەنتی سیكۆلاریزم لە عێراق دا. لە ئەفغانستانیش دا دووبارە بەشێوەیەكی فەرمی هاتوە كە یاسا پێویستە پێچەوانەی شەرع نەبێت

**درێژەی ل٢٠**

یا تۆنی بلێر کە دەی وت: کەسانێك کە تواناکانی ئێمەیان پێ قەبول ناکرێ بەریتانیا تەرك بکەن, تورکیا لەم لایەنەوە حساب و داواکاری لە هەمو لایەکانی تر روونترە, بەشێوەیەکی فەرمی عەیبەیە گەرمسلمانێك بیەوێت ببێتە سەرەك کۆمار. کەسانێك کە بەناوی سیکۆلاریزمەوە دەرژێنە سەر شەقامەکان و راگەیاندنەکانی رۆژئاواش زیاتر گرو تینی ئەم ئاگرەیان بەهێزتر کرد. بەلاّم ریشەکانی ئەم سیکۆلاریزمە شەرەنگێزیە یەکەم ئەوەی ئەمرۆ و یەکێك بوو لەو تێزانەی کە لە پشت سەری سیکۆلاریزمەوە بوو پوچ بوویەوە, سیکۆلاریزمی سیاسی یەك مانای هەیە جیا بوونەوەی دین لە دەولّەت و پێشینەیەکی مێژووی لەگەڵ خۆی هەیە: وەك ئەوەی ئاینەکان وردە وردە لاواز دەبن بۆیە سیکۆلاریزم رۆژ بە رۆژ ئاسانتر دەبێت, لەم رۆژانەدا ئەم پێشبینیانە خالّی بوونەوەو ئەمەش مەبەستێکە لە بیست سی سالّەی کۆتایدا لە کۆمەلّناسە گەورەکان دەبیسترا کە ئاینەکان لە حالّەتی هێز وەرگرتندان, بۆچیەتی ئەمە بابمینیّ, بەلاّم ئەم رووداوە لە حالّەتی روودانی دایە, لە کۆمەلّناسی دا هەمیشە گفتوگۆکردنێك هەبووە لەسەر ئەوەی کە ئەمەریکا حالّەتی ئیستسنایی پێ بدرێت, چونکە لە ئەمەریکا دا ئاینی بە هێز هەیە, لە کاتێکدا لە هەمو شوینێك ئەم رووداوە خەریکە روودەدات. کەسانی وەك پیتر برگر(Peter Berger ) و جوزە کازان( Jose Casanova ) ئازادانە ئاشکرای دەکەن کە سیکۆلاریزم چارەنوس سازی مێژوو نیە, هەروەك چۆن لە مارکسیزم دا دەیان وت سۆسیالیزم چارەنوس سازو نەگۆری مێژوە, زانرا کە پێویست بوو بەم جۆرە نەبێت, کاتیّ ئاین رۆح بەبەریدا دەکرێتەوە چی تر پێویست نیە نەرم و نیانیان لەگەلّدا بکرێت, ئەم ئیرادەیە بە لیبرالیزم و سیکۆلاریزم

هاتە ناوەوە, سیکۆلاریزم هەرسی بۆ قوتدانی ئاینی بیّ هێز بوو بۆیە بەهێز بوو. بەلاّم دینی بەهێزی نەتوانی قوت بدات و لە قورگیدا نەچوە خوار, لەبەر ئەوە شەرانگیز دەبێت, بۆیە تیۆریایەکی تر بۆ ئەم مەبەستە پێویستە. ئایین دوبارە رۆحی بەبەردا هاتەوە، کۆمەلّناسانی ئەمەریکا دەربارەی ئەوە دەلّێن: لەبەر ئەوەی کێشەی ناسنامە دووبارە هاتوەتەوە پێشەوە, لەهەمان کات دا کێشەی مەعنەویەتیش سەری هەلّداوەتەوە. هەرچی بێت بێگومان هۆکاری هەیە و ئەنجامی ئەوەیە کە دەبینرێت ئەمەریکا هێرشی کردە سەر هەردو ولاّتی ئەفغانستان و عێراق. بەلاّم هەردوو ولاّت لە یاسای بنەرەتی و نوێی خۆیاندا نوسیان ئێمە پێویستە یاساکانمان لە شەرعەوە وەربگیرێن, ئەوەی لە خەیالّدانی ئەمریکیەکان دابوونی نەبوو ئەوەبوو کە سیکۆلاریزمی صدامیی گۆرا بە ئەنتی سیکۆلاریزم لە عێراق دا. لە ئەفغانستانیش دا دووبارە بەشێوەیەکی فەرمی هاتوە کە یاسا پێویستە پێچەوانەی شەرع نەبێت. جاری دووەم کە بەرێز بۆش لەئەمەریکا دەنگی بەدەست هێنا بەو بەلّگەیە بوو هەندێك وا بیریان دەکەنەوە کە ئەو مرۆڤێکی زۆر پەیوەستە بە ئاینەوە و لەگەل خوادا مامەلّەیان کرد دەنگیان بەو دا. ئەقلّە ئاینیەکان لە ئێستادا هەست بە ناسنامەیەکی زیاتر دەکەن, ئەو رەفتارانەی کە بە مەسەلەی حیجاب نواندیان لە کۆتایدا ئەم مەسەلەیەیان کردە مەسەلەیەکی ناسنامەیی, ئەم بابەتی حیجابە کەپێشتر بابەتێکی شەرعی بوو وەك نویژو رۆژ کە هەموو موسلمانێك خۆی بەجیّ بەجیّ کاری دەزانی و ناچار نەدەکراو ئیدعای بۆ نەدەکرد و شۆرشێك لە کاردا نەبوو کاری بە کرداری خۆی دەکرد, حیجاب گۆرا بەمەسەلەیەکی ناسنامەیی.

ئاین دوو لایەنی هەیە: ناسنامەیی و راستیەتی , سیکۆلاریزمی شەرانگیزانە بەداخەوە لایەنی ناسنامەیی ئاین

گەورەتر دەکات کە هەم ئاین و هەم سیکۆلاریزم زەرەر مەند دەبن, لە ولاتێکی وەك تورکیادا دین بەهێزە, سیکۆلاریزم ناتوانێت لەسەرەوە بەئاژاوە و ناچار کردنەوە خۆی بسەپێنێت, سیکۆلاریزم هەروەك کە وتم لە ئەوروپا لە دایك بونێکی سروشتی بوو: ئاین لاواز بوو لە یاری سیاسەت هاتە دەرەوە, بەلاّم لە تورکیادا دین لاواز نیە و لە ئێران زیاتر سیاسەت لە مزگەوتدایە. من سی سالّ پێش ئێستا کە چومە تورکیا چرو پری نوێژکەرانم لە مزگەوتەکانی ئەستەمبولّ بینی, گەرامەوە ئێران و وتم دلنیام لە تورکیادا روداوێك خەریکە روو دەدات, لە تورکیادا بەهۆی موسلّمان بونتەوە پاداشتت نادەنیّ بەپێچەوانەی ئێرانەوە کە دوو جار بە ئاشکرا نوێژ بکەیت کاریگەری دواتری دەبێت لەسەر پێگەی کۆمەلاّیەتیت !

لەوێدا ژمارەیەکی زۆر لە خەلّك بەئاپۆرە روو دەکەنە نوێژی هەینی و لەنوێژە جەماعەتی و رۆژانەییەکاندا دەبینرێن ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە دین زیندو بەهێزەو ئەم بەهێزیەشی وادەکات کە دەست و پێی بەسیاسەت بگات, لەم کاتەدا بێیت و دەم لە سیکولاریزم بدەیت بێگومان لێرەدا تەنها سیکولاریزمی شەرانگێز بوونی دەبێت, واتە سیکولاریزمێك کە لەگەلّ شەرانگێزیدا هەلّدەکات و لەدووی هەلّکردن نیە.

لە ولاّتە ئەوروپیەکان دا حکومەتەکان لە رووبەروو بوونەوە لەگەلّ ئەقلّە ئاینیە بەهێزەکان دا وردە وردە خەریکە نەرم و نیانی خۆیان لە دەست دەدەن و سیکۆلاریزمی نەرمونیان دەگۆرن بە سیکۆلاریزمی شەرەنگیزانە, چونکە بریار بوو سیکۆلاریزم هەرس کەرێك بێت بۆ هەرسی ئاینەکان نەك ئەوەی خۆی بگۆریتەوە بە ئاین و ئاینەکانی تر بەدەرنێت. رەخنەیەك کە سیکولاریزم لە ئاینەکانی دەگرت ئەمە بوو کە دەیوت بۆ نمونە حکومەتی ئیسلامی یا یەهودی یا مەسیحی باش رەفتارناکەن, ئەوانی

بەیەك چاو سەیر نەدەکرد, ئەو مافە تایبەتەی کە بە موسلّمانەکانی دەدا بە ئەوانی تری نە دەدا , ئەگەر سیکۆلاریزم وەك خۆی هەمان کار بکات و لەگەلّ ئەوانەی کە سیکۆلاریزم نین باش رەفتار نەکات و بەشێك لەو مافە تایبەتیانە بە ئەمان نەدات ئێمە دوبارە دەگەرێینەوە سەر حالەتی یەکەم.

لە راستیدا رەخنەی من لە سیکۆلارەکان ئەمەنیە کە بۆچی سیکۆلارن؟ بەلّکو ئەوەیە کە بۆچی تا سنوریکی دیاری کراو سیکۆلارنین, هەروەك چۆن رەخنەم لە لیبرالەکان ئەوە نیە کە بۆچی لیبرالن, بەلکو رەخنەم ئەوەیە کە بۆچی تا سنوریکی دیاری کراو لیبرال نین( بەشێك لە دژایەتی کەرانی لێبرالیزم , لیبرالیزمیان بە بەرەلاّیی وەرگێراوە کە بەراستی ئەمە وەرگێرانێکی قورس و دوژمندارانەو نەزانانەیە) . داهاتوی سیکۆلاریزم و لیبرالیزم بەبەلّگەی بەهێزی ئاینەکان لەگەلّ زنجیرە هێرشێکی جدی رووبەروو دەبێتەوە, من خۆم باوەرم وایە نەلیبرالیزم و نە سیکۆلاریزم بەم شێوەیەی کە لە ئێستادا بوونی هەیە ناتوانێت بمێنێتەوە, بەلاّم من لەم قسانە هەرگیز نامەوێت چۆن ئەنجامێك بە دەست بهێنم و برۆم بەرەو لایەنگیری کردنی هەلّنەکردن پێکەوە, پێکەوە هەلّکردن فەزیلەتێکی گەورەی ئینسانیە و پێویست ناکات ئەمە لە بێگانەوە فێربین. حافق دەلّێت:

آساش دوت تفسر ان دو حرف است با دوستان مروت با دشمنان مدارا

لەمە بەدواوە رۆژئاوا پێویستە بیرۆکە دانەربێت کە لەگەلّ بەتواناکان چۆن دەتوانێت هەلّ بکات و تا ئەمرۆش تیۆریە دانراوەکانیان سەبارەت بە هەلّکردن لەگەلّ بیّ تواناکان بوو, بەلاّم ئێستا هەولّی گەورەتر لە ئارادایە, موسلّمانان دەتوانن لە دانانی ئەم تیۆریانەدا بەشداری بکەن و وەلاّمێکی شارستانیانە بدەنەوە.


# هەلی کار

دەستوور

**رۆژنامەی دەستوور پێویستی بە کەسێك هەیە بۆ پۆستی دیزاینەر، لە ئۆفیسی گشتی سلێمانی. بەم مەرجانەی خوارەوە.**

1 ) **شارەزایی تەواوی لە دیزاین کردنی رۆژنامەدا هەبێت.**

2 ) **شارەزایی پێویستی هەبێت لە کۆمپیوتەردا بە تاییەت بەرنامەی** in design - photo shop

3 ) **لایەنی کەم ئەزموونی سێ سالّی کارکردنی هەبێت لەبواری دیزایندا.**

**داواکار دەتوانێت تاکو 2009/12/1 ( cv ) رەوانەی ئەم ناونیشانانە بکات :-**

Email: dastur2009@yahoo.com

Tel: (053)318 78 11 & 0748 017 46 06

**ئۆفیسی سلێمانی :- شارێی سالم- تەلاری میران- نهۆمی پێنج- بەرامبەر بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی.**


**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**ئەنجومەنی دادوەری**

**ژمارە:٥٩٢/ ب / ٢٠٠٩**
**بەروار: ٩/ ١١ / ٢٠٠٩**

**دادگای بەرایی دوکان**
**ئاگانامە**

داواکار : نهایەت غازی ئەحمەد

داوالێکراو: راستگری تۆماری باری شارستانی لە سورداش وێرای کارەکەی

داواکار(نهایەت غازی ئەحمەد) داوای ژمارەی سەرەوەی لە دادگاکەمان تۆمارکردووە بۆ ناوگۆرینی (خۆی) لە (نهایەت) وە بۆ (بەناز) بۆیە بریارماندا بەبلاّوکردنەوەی لەرۆژنامەیەکدا بەپێی مادەیی (٢١) لەیاسای باری شارستانی ،جا هەرکەس مافی رێگرتن (اعتراچ) هەیە لەماوەی (١٠) دە رۆژدا لە دوای بلاّوبونەوەی ئەم ئاگانامەیە سەردانی دادگاکەمان بکات بە پێچەوانەوە داواکەی ئەبینرێ بەپێی یاسا.

**دادوەر**
**کامران حسن فرج**



# ئایین وەک پرنسیپێک بۆ دیسپلین کردنی ژیان و بوونی مرۆڤ

ن: نەجمەدین حەمەعەلی

بەهۆی ئەوەی کە سرووشتی بوونی مرۆڤ مەحکومی دووجۆرە لە بوون ، یەکێکیان بوونێکی روحی و میتافیزیکی و ئەویتریان بوونێکی جەستەیی و مادی و فیزیکی. کۆبوونەوەی ئەم دوو بوونەش پێکەوە لەیەك فۆرم دا وای کردوە کە بەردەوام ئەم دوو بوونە لەجەدەلێکی مەعنەوی دابن ، چونکە هەریەك لەم دوو بوونە ئەوکاتە دەتوانێت بەخۆی بگاتەوەو خۆی بناسێت کەبەسەر ئەویدیکەدا باڵادەست بێت ، بەمانایەکی تر بوونی ئەم ئەو کاتە مانای دەبێت کە فەشەل بەبوونی ئەویدیکە بهێنێت . بۆیە لەگەڵ بوونی مرۆڤ دا ئەم جەدەلە هاتوەتە بوون و بەردەوامیش بوونی دەبێت، لەلایەکی کەشەوە بەهۆی ئەوەی کە مرۆڤ ناتوانێت بەدەر لەوانی کە بژی و مەحکومی جۆرێکی کەیە لە بوون کە ئەویش بوونیەتی لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی دا، لەم روەوە ژیانی مرۆڤ لەگەڵ ئەوانی تردا رووبە رووی جۆرێکی تری لە جەدەل کردوەتەوە کە ئەویش بریتیە لە جەدەلی مانەوەو زاڵ بوون بەسەر ئەوی دیکەدا.

بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ، مرۆڤ لە کێشەدا بوەو لەکێشەدایە لەگەڵ خودی خۆی لەلایەکەوەو لەگەڵ ئەوانی کەش لەلاپەکی ترەوە، بۆیە بەردەوام لەهەول دابووە کە دیسپلینێك بدۆزێتەوە یان دابهێنێت تاکو بتوانێت لەم رێگەیەوە بوون و ژیانی خۆی رێکبخات، چونکە دواجار لەوە گەشتوە کە مرۆڤ بەبێ دیسپلین ناتوانێت بوونێکی کامڵ و تەندرووستی هەبێت، بەردەوام هەولی داوە کە رێگاچارەیەك یان چارەسەرێك بۆ ئەم دۆخی ژیانەی بدۆزێتەوە.

بە حوکمی ئەودوو جۆرە بوونەی مرۆڤ گەلە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا و ئەو جەدەلەی کەلە نێوان هەریەکێکیان دا بوونی هەیە، مرۆڤ هەر لەسەرەتای بوونیەوە دەست و پەنجەی نەرم کردوە لەگەڵ دووجۆر لە دیسپلین دا.

دیسپلینی یەکەم بریتیە لەو دیسپلینەی کە سەرچاوەکەی لە خودی مرۆڤ دایەو هەر لەوێشەوە دەیەوێت لە مرۆڤ بروانێت و لێی تێ بگات، کە ئەویش بریتیە لە خودی ئەقڵ ، مرۆڤ لە رێگەی ئەقڵەوە بەردەوام بیری لەبوونی خۆی وەك تاکێك و بوونی ئەوانی تریش وەك کۆیەك کردوەتەوەو دواجاریش لە گەردون وەك بوونێکی یونیڤێرساڵ راماوە بەمەبەستی تێگەشتن لەو جەدەلەی کەلەگەڵ بوونی مرۆڤ دا رێ دەکات پاشان لەدەرەنجامی ئەم تێرامانەوە بە چەندین دیسپلین و بیرکردنەوەی جۆراو جۆر گەشتوە و ئەقڵ رێنوێنی کردوە بۆ تێگەشتن لە خودی خۆی و ئەوانی ترو گەردونیش .

هەموو ئەو جەدەل و بیرکردنەوە فەلسەفی و فکریانە کەبە درێژایی مێژوو بوونیان هەبووە و سەریان هەلداوە تا ئەمرۆش بەردەوامیان دەبێت و ئەم جەدەلەش بەکۆتا ناگات تا ئەوکاتەی مرۆڤ بوونی هەبێت.

ئەوەی لێرەدا زیاتر مەبەستی ئەم نووسینەیەو دەیەوێت شتێکی لەسەر بلێت بریتیە لە دیسپلینی دووەم ، کە ئەویش خۆی لەو دیسپلینەدا دەبینێتەوە کە سەرچاوەکەی خودی مرۆڤ خۆی نیەو بەجۆرێك لە جۆرەکان لە دەرەنجامی ئەقڵ و بیرکردنەوەی مرۆڤەوە سەرچاوەی نەگرتوە ،کە ئەویش بریتیە لە خودی ئاین، لێرەدا دەکرێ کۆمەڵێك پرسیاری جەوهەری بخرێنە روو ئاراستەی خودی ئەم دیسپلینە بکرێن، چونکە ئەوەندەی مەبەستمانە پرسیار بکەین ئەوەندە مەبەستمان نیە کەحوکم بدەین ، گرنگ خستنە رووی پرسیارە نەك حوکم دان، حوکم دان نارەواو نێگەتیف دەبێت ئەگەر لۆژیکی نەبێت و لە بەرەنجامی ئەرگومێنت و گفتوگۆی مەعریفی یەوە بەرهەم نەهاتبێت. قسەکردنیش لەسەر ئاین بێگومان پێویستی بەوگفتوگۆ لۆژیکیە دەبێت و سەرپێیی ناکرێ بەسەریدا تێپەربین و لەئەلفەوە تا یێی بەبێ هیچ بیرکردنەوەو پرسیاری ئەقلانی و لۆژیکی قەبوڵ بکەین یان رەد بکەینەوە.

بێگومان بەشەریەت خاوەنی چەندان ئاین و ئایدۆلۆژیایەو چ ئاینی ئاسمانی بن یان زەمینی، بەڵام ئەوەی کە ئێمە لێرەدا مەبەستمانە زیاتر گوتنە لەسەر ئاینە ئاسمانیەکان، ئەوانەی کە سەرچاوەکەیان هێزێکی باڵاترە لە مرۆڤ کە ئەویش (خودا)یە، واتە بەشێوەیەکی تر بلێین قسەیەك لەسەر ئەو ئاینانە دەکەین کەبەرمەبنای وەحین و مرۆڤ خۆی داینەهێناون، روونتر بلێین مەبەستمان زیاتر لە هەرسی ئاینی ( یەهودی و مەسیحی و ئیسلامە)لە ناو ئەم سێ ئاینەش دا دەمانەوێ شتێك لەسەر ئاینی ئیسلام بلێین.

ئاینی ئیسلام وەك یەکێك لە ئاینە ئاسمانیەکان کە سەرچاوەکەی وەحیەو لەرێگەی وەحیەوە بە مرۆڤ گەشتوەو گوتارێکی ئیلاهیانەی موقەدەسی لە خۆگرتوە. ئەم ئاینە هەر لەسەرەتاوە گفتوگۆی ئەقلی مرۆڤی کردوەو ویستویەتی لەم رێگەیەوە رۆلی دیسپلینێك ببینێت بۆ رێکخستنی ژیانی مرۆڤ چ وەك تاك و چ وەك گشت.

چونکە خودایەك کە خۆی ئەو مرۆڤەی دروست کردبێت و بیەوێت لانەدا لە سرووشتی مرۆڤ بوونی خۆی بێگومان ئەو ئاینەش کەبۆی دەینێرێت دیسپلینێك دەبێت بۆ سەر رێ خستنەوەی مرۆڤ و گەرانەوەی بۆ دۆخی سرووشتیو مرۆیی خۆی نەك ببێ بە هۆکارێك بۆ چەوسانەوەو کۆیلە کردنی مرۆڤ، بۆیە لەهەر شوێنێك دا بینیمان ئاین دەبێتە فاکتەرێك بۆ تێکدان و کۆیلەکردن و چەپاندنی مرۆڤ بێگومان ناتوانین ئەمە ناوبنێین ئاین، چونکە پێچەوانە دەبێتەوە لەگەڵ ئەو دیسپلینە بنەرەتیەی کە ئاین لەپێناویدا هاتوە.

ئاینی ئیسلام لە واقع و کاتێك دا دێت و بۆ نەتەوەیەك دێت کە ئەم نەتەوەیە واتە( قورەیش) لە خراپترین دۆخ دا دەژیان و لە بوونی سرووشتی مرۆیی لایان دابوو، پشتیان لە ئاینی مەسیح کردبوو روویان لەبتبەرستی نابوو، چونکە چیتر ئاینی مەسیح نەی توانی گفتوگۆی قورەیش بکات و فۆرمێکی گۆشەگیری وەرگرتبوو پێگەی خۆی وەك پرنسیپێکی رێکخستنی ژیانی مرۆڤ واتە تاك لەدەست دابوو، چونکە ئاینی مەسیح ئەوەندی ئاینێکی روحانی یەو پەیوەندی نێوان تاکو خودایە هیچ ئەوەندە ئاینێکی تەشریعی نەبوو، سەرباری ئەوەی کەئەم ئاینە لەوە کەوتبوو کە ئەو رۆلەی خۆی ببینێت و بۆئەوەش نەهاتبوو کە دیسپلینێك بێت بۆ رێکخستنی ژیانی نێوان تاك و ئەیتر، قورەیشیش تووشی نائەقلانیەتێکی رادیکاڵی بوو بوویەوەو توانای دیسپلین کردنی ژیانی خۆیانیان لە دەست دابوو، بۆیە تەنها چارەسەرێك دابەزاندنی دیسپلینێك بوو چ بۆ تاك چ بۆ کۆمەل.

بەپێی گوتەی خودی قورئانیش ئاینی ئیسلام بۆ خراپترین نەتەوەیەك هاتوە لەسەر زەوی، چونکە لەو کاتەدا تاکی قورەیش دەست بەرداری هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەکی ئەقڵانی بوو، بۆیە بەهیچ شێوەیەك ئیمکانیەتی ئەوەی تێدا نەمابوو کە لە رێگەی ئەقلەوە بتوانێت کەشفی دیسپلینێك بکات بۆ ژیان و ئەو توانایەی لەدەست دابوو کە بەم ئەرکە هەلسێت.

تاکی قورەیش تەنها مەحکومی واقعێکی فیزیکی و ماتریالی بوو، لە رێگەی حسەوە پەی بە خۆی و هەموو شتەکانی تریش دەبرد، واتە ئەوەی کەئەوان وێنایان دەکرد بریتی بوو لە دەرکەوتەی شتەکان و. چونکە گەر کەسێك لە خۆی نامۆ بێت یان راستتر بلێین لە ئەقڵ و بیرکردنەوە نامۆبێت ، بێگومان ناتوانێت خودی بوونی خۆی و شتەکانی دەرەوەش کەشف بکات و لێیان تێ بگات، کەسێکیش ئەمە بارودۆخی بێت بێگومان ناتوانێت دەستی بە پرنسیپ و دیسپلینێکی شیاو بگات تا لەم رێگەیەوە ژیانی خۆی و ئەوانی تریش رێکبخات .

گەر سەرنجی تێکستەکانی قورئان بدەین دەبینین زیاترین گوتارەکانی بە زمانێکی سادەن و گفتوگۆی هەست و حسی قورەیشیەکان دەکات، لەرێگەی گێرانەوەو بەسەرهاتی نەتەوەکانی رابردووەوە دەیەوێت تێیان گەیەنێت , گەر سەرنجی قورئان بدەین دەبینین ئەم واقعە زۆر بەباشی رەنگی داوەتەوەو قورئان ژمارەیەکی زۆر لە بەسەرهات و چیرۆکی لە خۆگرتوەو تەنانەت بابەتی واهەیە چەندین جار دووبارە بووەتەوەو جەختی لەسەر کراوەتەوە.

بۆیە لێرەدا ئاین توانیویەتی بەرمەبنای دەسەڵاتێکی موقەدەس و لە رێگەی گوتارێکی سادەوە گفتوگۆی قورەیش بکات و ئەنجا توانی زۆر بەزەحمەت رایان گرێت لەو سەرەولێژ بوونەوە کۆمەڵایەتیەی کەتێی کەوتبوون، بەڵام تا کۆتایش نەی توانی ئەقل و فکری تاکی قورەیش سەررێ بخاتەوە. ئەمەش بەو مانایە نایەت کە قورئان بەدەربێت لە گوتاری ئەقڵانی، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە پەنای ئەم گێرانەوە مێژوویانەدا هەندێك لە تێکستەکانی قورئان گفتوگۆی ئەقلیان تێدایە، بەڵام زۆرێك لەو گوتارە ئەقڵیانە بە شێوەیەکی پەنهان ئامادەییان هەیەو لەسەردەمی قورەیش دا نەتوانراوە ناوەرۆکی ئەم گوتارە ئەقلیانە کەشف بکرێت.

یاخود پێویست نەبووەو بەمەبەست لەلایەن خودی پێغەمبەرەوە دەستیان بۆ نەبراوە، چونکە بەهیچ شێوەیەك ئەهلی قورەیش نەیان توانیوەو ئیمکانیەتی ئەوەیان نەبوە لە گفتوگۆی ئەقلی بگەن و پێویستیشیان بەگوتاری ئەقڵانی نەبووە، لەقورئانیش دا ئاماژەیەکی تەواو بەم مەسەلەیە دراوەو لە بەشێك لە ئایەتەکانی قورئان دا ئەوانەیان کەپێویستیان بەتێرامان و بیرکردنەوە هەیە راستەوخۆ ئاماژە بەوە دراوە کەئەم ئایەتانە تەنها ئەو کەسانە دەتوانن تێیان بگەن کەخاوەنی ئەقلن و بیردەکەنەوە. بۆیە بەهۆی ئامادەنەبوونی ئەقڵ و نەبوونی گفتوگۆی ئەقلانی لای نەوەی یەکەمی ئیسلام دواجار گوتاری ئاینی دوچاری قەیرانێکی زۆر گەورە دەبێت و لەم نێوەندەدا پارادۆکسێك سەرهەل ئەدات لەنێوان گوتاری تەقلیدی ئاینی و گوتاری ئەقڵانی ئاینی دا، ئەم پارادۆکسەش پاش پێغەمبەرو لە سەدەکانی دواتری ئیسلام دا بەتەواوی خۆی مانیفێست دەکات.

گوتاری ئاینی لەسەرەتای سەرهەلدانی ئاینی ئیسلامەوە رووبەرووی دیفاکتۆرێکی بنەرەتی بوویەوە بەشێوەیەك کە بەهیچ جۆرێك نەیدەتوانی لێی دەرچێت و خۆی لەو واقعە دەرباز بکات لەبنەرەتیش دا ئاینی ئیسلام بۆ ئەوە هات تاوەك و ئەقڵ سەیف بکات و مانایەك بە بوونی مرۆڤ ببەخشێتەوە چونکە لەو کاتەدا چ ئەقڵ و چ مرۆڤیش لێیان درابوو بەهەموو شێوەیەك لە پەراوێزدا بوون لەسەردەستی بێ ئەقڵ ترین نەتەوە.

واتە لێرەوە بەو دەرەنجانە دەگەین کە گوتاری ئاینی لەراستی دا گوتارێك بووە گفتوگۆی ئەو کەسانە دەکات کە دوچاری نائەقلانیەت بوونەتەوەو لە سرووشتی خۆیان لایان داوەو خاوەنی هیچ پرنسیپێکی ئەقڵانی نین بۆ ئەوەی لە خودی خۆیان و دەوروبەریشیان بگەن، لێرەدا ئاین وەك ناوەندێك رۆلی خۆی دەگێرێت بۆ ئاشت کردنەوەی ئەقڵ و مرۆڤ و سەر رێ خستنەوەی ئەقڵ، بەرمەبنای خودی قورئانیش ئەو کەسانەی خاوەنی ئەقڵ نین ئەوا ناتوانن وەك مرۆڤ بژین و خاوەنی بوونێکی رەسەن نین، بۆیە گەر قورەیشیەکان نەتەوەیەك بوونایە لە سرووشتی خۆیان لایان نەدایەو خاوەنی پرنسیپێکی ئەقڵانی بوونایە بۆ ژیان، ئەوا هیچ پێویستی نەدەکرد کە ئاین ئەم رۆلە لە ئەستۆ بگرێت و لە بنەماش دا پێویستی بەهاتن نەدەکرد.

کەواتە ئاین لە دەرەنجامی بارو دۆخێکی ناسرووشتیەوە هاتوەتە بوون بەئامانجی بەسرووشتی کردنەوەی ئەو بارودۆخە، بۆیە لەگەڵ هاورێك بوونەوەی ئەم بارودۆخەش دا ئاین بەشێك لە وەزیفەی خۆی لەدەست دەدات و یاخود دەتوانین بلێین رۆلی ئاین دەگۆرێت و لە ئاستێکی دیکە دا دەتوانێت رۆلی خۆی ببینێت. بۆ نمونە لە بەر ئەوەی قورەیش دوچاری دارمانێکی تەواو بوو بوونەوە لە سەر هەردوو ئاستی تاك و کۆمەڵ و , بۆیە کە ئاینی ئیسلام دێت بە پێچەوانەی ئاینی مەسیحیەوە گوتاری خۆی ئاراستەی هەردوو بوارەکە دەکات , واتە لەگەڵ ئەوەی کە ئاینێکی روحانیە لەهەمان کاتیش دا ئاینێکی تەشریعی و یاسادانانە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە قورەیشیەکان بەهیچ شێوەیەك خاوەنی هیچ جۆرە پرنسیپ و یاسایەك نەبوون تەنانەت بۆ ژیانی رۆژانەشیان، بۆیە کەئاینی ئیسلام دێت لە سەر وردو درشتی ژیانی رۆژانەیان دەدوێت و ئاراستەیان دەکات. بۆیە گەر تروسکایەك ئەقڵ ئامادەیی هەبوایە لایان یاخود بیانتوانیبایە ژیانی رۆژانەی خۆیان رێك بخەن ئەوا بەهیچ شێوەیەك گوتاری ئاین ئەوەندە سادە نەدەبوویەوە بەشێوەیەك کە لەسەر سادەترین شتەکانی رۆژانەی مرۆڤ بدوێت و سنوورێك بۆ هەموو هەلس و کەوت و دەرکەوتەکانی ژیانی بکێشێت، چونکە لە بنەمادا گوتاری ئاین ئەوەندەی گوتارێکی روحانی و ئەقلانی یەو پەیوەندی بە خودی تاکەوە هەیە هیچ ئەوەندە گوتارێکی سولتەوی نیەو ئامانجیشی دەسەڵات نیەو بگرە ئەو کاتە گوتاری ئاینی بێ مانا دەبێت کە دابەزێنرێتە خوارەوەو تێکەڵ بکرێت لەگەڵ حەزو خواست و بەرژەوەندیەکانی مرۆڤ. کاتێك کە مرۆڤ خاوەنی دیسپلینی ئەقڵ بێت ئەوا دەتوانێت بەرمەبنای ئەقڵ ببێ بە خاوەندی دیسپلینی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ...هتد و کردارەکانی لەگەڵ ئەوانی تردا بەرمەبنای سرووشتی مرۆیی بن , لەراستیش دا ئەمەش دوائامانجی خودی ئاینە هەر لەسەرەتاشەوە بۆ ئەمە هاتوە.

واتە دەتوانین بلێین گەر کەسێك خاوەنی ئەقڵ و بیرکردنەوەی باڵابوو ئەوا دەتوانێت لە جەوهەری بوونی خۆی و شتەکانی کەش بگات و هەموو بیرکردنەوەو کردەیەکی هاورێك دەبن لەگەڵ سرووشتی جۆری مرۆڤ دا ئەوا ئەم کەسە یان ئەم تاکە خۆنەویستانە دەبێتە کەسێکی ئاین دار گەرچی بێ باوەریش بێت بەرامبەر بەهەموو ئاینێك , چونکە ئەوەی ئەو خاوەنیەتی و جێبەجێ ی دەکات هەمان ئەو شتانەن کە ئاین داوای دەکات و دەیەوێت. لەهەمان کات دا گەر کەسێك خۆی بەدین دارترین کەس بزانێت بەڵام خاوەنی دیسپلین و پرنسیپێکی ئەقڵانی نەبێت ئەوا بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت وەك کەسێکی ئاین دار وێنا بکرێت.

واتە ئەو کەسانەی کە ئەقڵ رێ نوێنیان دەکات و جڵەویان بەدەست ئەقڵەوەیە ئەوا تەنها ئەمانە دەتوانن خاوەن مۆراڵێکی مرۆیی بن باوەرداربن یان بی باوەر, لە ناو بازنەی دین دابن یان لەدەرەوەی بازنەی دین بن , چونکە گرنگ لێرەدا مرۆڤ بوونە نەك دینداربوون. گەر دین داربوون نەی توانی خاوەنەکەی ئاراستە بکات بەرەو ئەخلاقی مرۆیانە ئەوا بێگومان ناتوانرێت بە کەسێکی ئاین داری رەسەن وێنابکرێت، ئەمە هیچ نیە جگە لە ئاین داریەکی موزەیەف، چونکە بەرمەبنای بەڵگەی ئەقڵانی نیەو جێبەجێ کەری سرووت و ریچوالە دینیەکانە کە وەك خویەك رۆژانە دووبارە دەکرێنەوە بەبی ئەوەی هیچ کاریگەریەکی پۆزەتیڤیان سەبارەت بەسەر رێ خستنی بیرکردنەوە لی وە چاوەروان بکرێت، تەنها وەك ئەرکێکی بێ روح و بێ گیان رۆژانە دووبارە دەکرێنەوە. لە ئێستادا ئەم جۆرە لە ئیمان و ئاین داریە سەراپای مرۆڤی ئاین دار و گوتاری ئاینیشی داگیرکردوە , ئەوەی ئامادەیی هەیە بریتیە لەم هێڵە گشتیە تەقلیدیە ناسرووشتیە و ئەوەش کە لە پەراوێزدایە ئەقڵ و بیرکردنەوەی ئەقڵانی و فەلسەفیە سەبارەت بە گوتاری ئاینی.

واتە ئەو گوتارەی کە لەسەرەتادا ئاین ویستی بیگەیەنێت و هەربۆ ئەمەش هاتە بوون لە سەرتاوە تاکو ئێستە پەراوێز خراوەو لە پەراوێزدا ماوەتەوە , لەبری ئەمە نائەقلانیەتێکی تەقلیدی سەراپای گوتاری ئاینی داگیر کردوە , کە بێگومان ئەم گوتارەش لەدەرەنجامی ئەو واقعە نائەقلیەوە سەرچاوەی گرت کە قورەیشیەکانی تێدا دەژیان .

گەر ئاین بریتی بێت لە پرنسیپێك بۆ دیسپلین کردنی ژیانی مرۆڤ و دوا ئامانجیشی بە سرووشتی کردنەوەی ژیانی تاك و گشت بێت , ئەوا ئەوەی کە ئەمرۆ بوونی هەیەو پانتاییەکی فراوانی داگیرکردوە , بریتیە لە گوتارێکی نائەقڵانی و تەقلیدی و بە هیچ شێوەیەك لە بەردەم بیرکردنەوەی ئەقڵانی دا ناتوانێت خۆراگربێت و لە بنەماش دا پێچەوانەی گوتاری ئەقڵانیە .

ئاینێك گەر شوێن کەوتوانی ئەقڵ رێنوێنیان نەکات , ئەوا راستەوخۆ بەبێ هیچ خوێندنەوەیەك وەك و موقەدەسێك واقعی قورەیش بەسەر ئێستادا جێ بەجێ دەکات و وەك قورەیشیەکی مۆدێرن دەردەکەوێت. واتە وەك ئەقڵ و بیرکردنەوە قورەیشیەو وەك شوێن و کاتیش مۆدێرنە.بۆیە ئەم جۆرە تەعامولە لەگەڵ ئاین دا نابێ هیچ بەلامانەوە سەیربێت کە گوتارێك بخولقێنێت پێچەوانەی سرووشتی بوونی مرۆڤ بێت و ببێتە سەرسەختترین دوژمنی ئەقڵ و بیرکردنەوە و لە کۆتایش دا بەناوی خوداو ئاینی خوداوە بکەوێتە بێ رێزی کردن بەرامبەر بە مرۆڤ لە کاتێکدا خودا خۆی بەبێ جیاوازی رێز لەو مرۆڤە دەگرێت و بەرێزەوە ناوی دەهێنێت...



لەسەر چ بنەمایەك ئاین دەیەوێ ئاراستەمان کات، ئەقڵ یان نەقڵ؟

> ئەو کەسانەی کە ئەقڵ رێ نوێنیان دەکات و جڵەویان بەدەست ئەقڵەوەیە ئەوا تەنها ئەمانە دەتوانن خاوەن مۆراڵێکی مرۆیی بن باوەرداربن یان بی باوەر, لە ناو بازنەی دین دابن یان لەدەرەوەی بازنەی دین بن , چونکە گرنگ لێرەدا مرۆڤ بوونە نەک دینداربوون

> لەهەر شوێنێک دا بینیمان ئاین دەبێتە فاکتەرێک بۆ تێکدان و کۆیلەکردن و چەپاندنی مرۆڤ بێگومان ناتوانین ئەمە ناوبنێین ئاین, چونکە پێچەوانە دەبێتەوە لەگەڵ ئەو دیسپلینە بنەرەتیەی کە ئاین لەپێناویدا هاتوە


چوارشەممە ١٨ / ١١ / ٢٠٠٩
تیراژ(٥٠٠٠)

# دەستوور

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

خاوەن ئیمتیاز: کۆمپانیای سولی تێلیگراف
سەرنوسەر: خالید ئەحمەد شەریف
٠٧٧٠ ٨٦٢ ٨١ ٨١
تەلەفۆن: ١١ ٧٨ ٣١٨ ٠٥٣
ئیمەیل: Dastur2009@yahoo.com
ناونیشان ـ هەرێمی کوردستان، سلێمانی ـ شارێی سالم،
تەلاری میران ـ نهۆمی پێنجەم ـ بەرامبەر پەروەردەی سلێمانی







## سلێمانی، یادی ٢٢٥ ساڵەت پیرۆزبێت


ڕیکلام

## کۆمپانیای بەڕێز

bareaz GROUP COMPANY

### مژدەیەکی گرنگ بۆ دانیشتوانی شاری کۆیە

مژدە مژدە



HAMON CITY PROJECT - KOYSINJAQ

کۆمپانیای بەڕێز مژدە دەدات بە دانیشتوانی شاری کۆیە، پرۆژەی ( هاموون سیتی ) کە بەشێکە لە پرۆژەی نیشتەجێبوونی ئاسوودە کەوتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، خانووەکانی ( هاموون سیتی ) لەسەر ڕووبەری 150م2 200م2 دروست دەکرێت بە قەرزی درێژخایەن و بە هاوکاری سندوقی نیشتەجێبوون دەدرێت بە بەشداربووان

بۆ زانیاری زیاتر:
07705431744
07701558015

Bareaz Co.